داگیرکردنی ونـاکی لـه "داگیرکردنی تاریکی" بەختیار عەلی دا.. محەمەد تەها حوسێن

دوێنێ لە خوێندنەوەی ڕۆمانی"داگیرکردنی تاریکی" نوسەری کورد بەختیار عەلی بوومەوە. من هەمیشە عەوداڵی جیاوازی و جیانووسی و دەرچوون لە تایپە کلاسیکەکانی بیرکردنەوە و کار و کردارم. لە ئیشەکانیشمدا پشت بە بیرکردنەوەی ڕەخنەییانە دەبەستم و بێ نوسین و بەرهەمی ئەوانی تریش دڵڵز وتەنی هەمیشە زمانی دووەم کە ڕەخنەیە بەکاردێنم. داگیرکردنی تاریکی ڕۆمانکی جیاوازە هەم لە ڕووی تیمە(بیرکەی سەرەکیی) و خولانەوە لە دەوری ئەم تیمەیە تا کۆتایی، هەمیش لە ڕووی ئاگایی نووسەر لە نەپچڕانی خەیاڵ و نەترازان و نەخلیسکانی بێ سەر بیرکە پەراوێزیەکان کە لە خێدا ئەم نەخزینە بەگەی پارێزگاریکردنی نوسەرە لەسەر یەکێتی بابەت و مانەوەی لە خەیاڵستانی خێ و دواتر بەستنەوەی ئەم خەیاڵستانە بە (شوێن) کە جوگرافیایە و ئینجا بە زەمەن کە مێژووی بەسەرهاتە جێراوجێرەکانە.

ئیشکردنی جیاواز لەسەر ئەم هەموو ڕوداوانە بیرکی ڕۆکخراوی ئێرگانیزەکراوی دەوڵ هەروەك ئالان بادیۆ دەڵێ بێ چارەسەرکردنە هزریەکانی ئەم هەمو ناهەمجینیەتە. بەختیار عەلی ئەزمونکی دورودرێژی لە نوسین هەیە چ لە ڕۆمان و شیعر و چ لە بوارەکانی هزری فەلسەفی و سیاسیی دا، لە لایەن نوسەر و کەسانی ترەوە گەلك لەسەر لایەنی نوسین و زمانی نوسینەکەی نوسراوە، من لێرەدا تەنها سوکە ئاماژەیەك لە ڕووی زمانەوە بە خودی ناونیشانەکە و دواتر تیمەی سەرەکی ڕۆمانەکە دەکەم کە هەرهەمووی لەسەر ونبونی زمان و دواتر دێزینەوەیەتی.

لە ناونیشان قسەی بەختیار لەسەر تاریکیە، ئەم جێرە تاریکیەش بە مانا فۆیدی و دواتر لاکانیەکەی پانتاییەکی لە بن نەهاتووی هەیە لە خود و کیانی تاکەکان و هیچ هێزك توانای ئەوەی نەبووە تا بنی بنەوەی بچێت و سەرەنجام هەر هەمووی داگیر بکات و بیخاتە ژێر ڕۆناکایی ئاگایی و (من) ە هوشیارەکانەوە. هەر بۆیە وا باشتر دەبوو کاك بەختیار زیاتر خێ بە سکیمای ئەبیستیمۆلۆجی(نەخشەی سیستمی مەعریفیی) کە لە زماندا بەرجەستەیە ماندوو کردبایە، ئەوسا

ئەو کەمە هەڵانەش کە تێکەوتوون نەدەبینران و هەمزییەتی وشە و ئایدیەم و چەمکەکانیش وردتر ئامانجەکانیان دەردەخست. هەبەتە دنیام کە کاك بەختیار بایەخی زمان و دنیای زمان وەك ئەلتەرنەیتیڤکی لاکانیانەی نەست و کۆنەستی خەڵك دەزانێ و باش لەوە حاڵیە کە زمان دەلالەتکی وجودیانەی هەیە و پێکهێنەری هۆش و مانا وجودیەکانی ژیانە بۆ تاك و بۆ هەر کۆمەڵگەیەك، جا بۆیە ئەم ڕاستییانە کە لای من جیاوازە و دەرچونیشە لە تایپی لەسەر ڕاهاتووی ئیشەکانی بەختیار زۆر باڵاتر دەردەکەوت گەر هاتبا و بە باڵایی زمان و ڕەساکانی لە دەوری تیمەی زمانی نێتۆیی کە هەرچی ڕاستییانەکە هەیە لە سەری دامەزراوە خولابایەوە، چون مادامەکێ گرفتی ڕاستییانەکە لە ڕووی میتۆدیەوە ململانێیەکی وجودیانەیە لە نێوان مان و نەمانی زمانێك کە کوردیە لە لایەك و توتالیتاریزمی زمانی تورکیی لە لایەکی تر، دەبوو زمانی نوسینی ڕاستییانەکەش بەقەد فراوانی خەیاڵی بەختیار و پڕۆژە تڵیرانس(لێبوردە)ییەکەی کە دەربڕی بەیەکەوەژیان و داننانە بە جیاوازیە سروشتی و ئینسانیەکان باڵا بوایە.

داگیرکردنی تاریکی لە خودی تاکەکاندا هەوڵێکی فێیدیانەیە بۆ فراوانکردنی ئاگایی و کەمکردنەوەی چەپاو و هەموو ئەو زانیارییانەی تاك لە ژیانی خۆی دەرەقەتیان نەهات یا بۆی نەلوا وەدیانبێنێ، بەڵام لە تێگەیشتنی خەیاڵی بەختیاردا سەراوکەوتنەوەی هەموو ئەو بڕە و قەدەغەکراوانەیە کە مژوویەك لە دەرەوەی ئیرادەی تاکەکان بەرەو تاریکایی خودی تاکەکانی بردوون و لە نوتەکەکانی هەر یەکەیاندا وای خەفەکردوون بە حیسابی پڕۆژەی داگیرکاریی تا ئەبەد ونا‌کایی نابینەنەوە. ئەم جۆرە لە موتوربەکاریە لە نێوان تێکستێکی ئەدەبی وەك ڕۆمان و ڕوانینێکی سایکۆلۆژیانە ئاگایی نوسەر هەم لە سایکۆلۆجی و هەم لە سایکۆلینگویستیك بە تایبەت تیرە چەمسکیەکە نیشان دەدا.

بەختیار ژیرانە ویستویەتی ڕاستیەکی تا سنورێکی زۆر غەریزی و سرووشتی کە بە تێپەڕینی کات لە چوارچێوەیەکی کولتووریی و کۆمەڵایەتی ئاخنراوە(زمان و کولتوری نەتەوە، کۆمەڵگە) بۆ خۆنەر بە جۆرە ئاسایی و نائاساییەکەیەوە!! وەدیاربخات، کە ئیدی شەڕ لەگەڵ یاسا سروشتیەکانی زمان و دیاردە سایکۆنەتەوەییەکان و دەرونکۆمەڵایەتیەکان ناکرێت کە نەتەوەی تورك لە چوارچێوەی کولتووری ڕەوە بەسەر نەتەوە ژێردەستەکانی خۆیدا دەیسەپێنێ و لەم ئەزمونەوە ڕاستیەکی غەریزی کە لە قوڵایی تاریکستانی نەست و کۆنەستی هەر تاك و نەتەوەیەك حەشارە دەردەخا، ئەویش بێهودەیی سیستمە توتالیتار و هێسیستەکانە کە هەرگیز ئامانجەکانیان نایەنەدی، بەکو ئارامی و ئاسودەیی دەرونکۆمەڵایەتی و دواتر سیاسی و

کولتووری بەدوادا دێت. خۆ ئەوە لای زانستخوازان ئاشکرایە کە تیۆری مانەوە بۆ بەهێزەی داروین ئەوەندەی لای مرۆڤ پەیوەستە بە بەرهەمهێنانی توانای عەقڵ نیو ئەوەندە پەیوەست نیە بە بەرهەمی هێزی بیۆلۆجیەوە کە تاریق ئاکانس پێیوابوو پیرۆزە.

بەیەکەوە بەستنەوە مۆژوویەکەی ڕۆمانی"داگیرکردنی تاریکی" جۆرێك لە شۆبونەوەیەکی ئارکیۆلۆژیانەی چینە زەمەنیەکانی پێوە دیارە و بەختیار بونیادگەریانە دەسەڵاتی وێرانسازیی کە غەریزەی شەڕانگێزی دەوڵەتی تورك نمایندەیەتی هەڵدەوەشێنێتەوە و دیاردەناسیانەش دەسەڵاتی بونیاتنانەوە کە لە سەرهەڵدانەوەی (زمانێك، دابڕێك، نەریتێك) کە لە تاریکاییدا شاردراوەتەوە وەدیاردەخا، چون ئیشەکەی بەختیار سەرلەبەری دەرچونە لە تاریکایی و چونە بەرەو ڕوناکیی، ئەم دیاردە هیبڕکراتیە کە دواتر بوو بە بناغەی دیاردەناسیی ئەو ڕاستیەمان فڕێدەکا کە هەموو دەرکەوتنێك لە تاریکاییەوە بەرەو ڕووناکایی لە قۆناییەکی غەریزیەوە سەرهەڵدەدات و مرۆڤ لە جینیتیك و سروشتی خۆیدا بۆی ئامادەیە گەر شوبنهاوەر وتەنی ئیرادەی پیادەکردنی ئەم حەز یا غەریزەی هەبێت. ڕیزکردن و توانای لەیەکگرێدانی ڕووداوەکان و ناساندنی هەر ڕووداوێك بە کارەکتێرەکانیەوە و دواتر دیارکردنی بکەر و سازنەرەکانی هەر ڕوداوێك شارەزاییەکی زۆری لە ڕۆمانوس پێدەوێ کە بەختیار لەم کارەیدا یەکێتیەکی هێش و گڕانەوەمان نیشان دەدا کە پێموایە ئەم پێکهاتانە لەگەڵ هیتریش ڕۆمانەکەیان بردووەتە ئاستێکی جیهانیی ئەوتۆ کە هەر لە گڕانەوەدا قەتیس نیە بەقەد ئەوەی لەم تابلۆ هەمە جۆرە غەمگین و خەمۆکیانەوە ئاماژەگەلێکی حەز و ئارەزوویەکی ژیاندۆستیانە لای مرۆڤگەلێکەوە کە کوردن(وەك سایکۆلۆجیەتی نەتەوە) بۆ دەرەوەی خۆی دەردەخا، هەر ئەمەشە ستراتیجی تێکستەکە بە گشتیی و نیشاندانیەتی بەوەی لەبەرانبەر وێرانسازیدا کە لە ناخی هەر تاکێکدا هەیە غەریزەیەکی بەردەوامی و ژیانسازیی هەیە.
ئەگەرچی بەختیار عەلی لە تەواوی ئەم تێکستە 721 لاپەڕەیدا کە نزیکەی پەنجا ساڵ ئەزموونی کەمالیزمی تێئاخنیوە پێمان دەکا لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و نائارامیی، بەڵام بە تێگەیشتنی من گەر ئەو لە ستراتیجە فۆکۆیدیەکەی بۆی چوبێ کە لە بنچینەدا فۆکۆیدیش داروینیی بووە ئەوە لە کۆتاییدا هەر گەیشتنە ئامانج مەرجی سەرەکیە، جا چ لە تاریکاییەوە بەرەو ڕوناکیی بچن، یا بە پێچەوانەوە لە ڕوناکیەوە بۆ تاریکایی شۆبینەوە. کە دەڵێم فۆکۆید داروینی بووە مەبەستم ئەوەیە ئەو بەرهەمهێنکی ئینسانیانەی هێز و بەهێز بووە و نەك وەك تاریق ئاکانس بە هەڵە ملی دابێتە بەر

تیڕی مانەوە بۆ بەهۆزەی داروین.

بە مانایەکی تر ئەم ڕۆمانە پەرداخێکمان نیشان دەدا نیوەی ئاوی تیایە و نیوەشی بەتاڵە لە ئاو، هەن سەرنجیان لەسەر بەتاڵییەکەیە و ئەمانە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆرینەن و تەنانەت لە کۆمەڵگەی ڕۆمانەکەشدا هەر زۆرینەن. هەشن سەرنجیان لەسەر بەشەکەی تری کە ئاوە و ئەمانەش بە ئومێد و گەشبینەکانن و بڕگومان هەم لە کۆمەڵگەی خۆمان بە گشتی و لە کۆمەڵگەی ڕۆمانەکەی بەختیاردا کەمینەن. ئەوەی من تا ئێستا تێگەیشتبم بەختیار لە نائومێدییەوە بەرەو ئومێد دەچێ کە لە ڕووی پزیشکییەوە یا لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە تا ئاست و ماوەیەکی زۆر نیگەرانی بەرهەمدێنێ، بەڵام دەرچوون لە دەروونکی ڕۆناکەوە بەرەو تاریکستانی خود سەرەنجام هەر دەمانگەیەنێتە ئاسۆیەکی پزیشکیی دوای ئەوەی سەرەتا تین و تاقەتکی زۆرمان لێ زەوت دەکا، کەچی ئەگەر تا بکرێ ڕوبەڕی ڕۆناکی فراوان بکەین سەرەنجام بەشێوەیەکی ئاسایی ڕوبەڕەکانی تاریکایی کەمدەبنەوە. ئەم ڕوانینە بەسەر ڕۆمان و تێکستە هزریەکانیشدا جێبەجێ دەبێ، جا بۆیە ئەگەر بەختیار لە پشدا ئەم توانا هزری و ئەدەبی و خەیاڵیە فراوانەی خۆی لە پاژەی ڕۆناککردنەوەی بینیندا خەرج کردبا و لەوەوە تیشکی زیاتری خستبایە سەر نوتەك و نگەتیڤەکان خوێنەری زیاتر شەیدای مانەوە لە فەزای ڕۆمانەکانی دەکرد و لە کۆتاییشدا چون ئیشەکەی ئەو لە بنچینەدا لە چوارچێوەی تراژیدیا(لێبوردەیی)یە خوێنەر لەگەڵ تەواوبوونی ڕۆمانەکە کۆتاییش بە ڕق و توڕەییەکانی دەهات.

لەم ڕۆمانە جوانەی بەختیاردا جگەی ئەوە دەبێوە گەر چەند دیمەن و دیاردە و ڕوداوکی ئومێدبەخش و شادیهێنیشی تیابایە، چون مادامەکێ ململانێ و ڕوبەڕوبونەوە بەردەوامە چڕ لەم هەبەز و دابەزانەی ژیانیش هەر هەن، ئەم ڕایە زۆر سایکۆوجودیانەیە و مرۆڤی چالاك هەر بەتەنها لەسەر مردن نادۆڕ بەقەد ئەوەی قسەی لەسەر ژیانیش بەهەمان شێوە و قەبارە هەیە و دنیایەك بابەتی خۆشەویستیش لە هەناوی وجودەوە هەڵدەقوڵێن و پێیشیەتی لە مەیلی ئازادی و ئومێد بۆخواستنی و ئینجا خودی ڕۆمانی"داگیرکردنی تاریکی" تێکستکی وجودیە و هەر بۆیەش دەبوایە هەر چەمکی مردن زاڵ نەبوایە، بەکو (خۆشەویستی و ئازادی و ژیان)یش بەقەد ئەو ئامادەبونایە.

دەستخۆشی لە کاك بەختیار دەکەم بۆ ئەم ڕۆمانە هەرە جوان و هاوسەنگ و جیهانیەی، ئەگەرچی ماندوو بووم لە خوێندنەوەی بەهۆی ئەم ترس و تۆقین و خوێن و مردنەوە، بەڵام لە کۆتاییدا بەختیار

ئەو ڕاستیە دەگەیەنێ کە هەر شەڕێکی لەم جۆرە و هەر جۆرە هەگەزپەرستی و خۆگیفکردنەوەیەکی سەردەستانە کۆتاییەکەی و بگرە بەردەوامیەکەی نائارامی و نائاسودەیی هەوانی و کێمەڵایەتی و سیاسیە.

ماندوبونەکەم لە خوێندنەوەی ئەم تێکستە بە فیڕۆ نەچوو، چون بەختیار زۆر هوشیارانە بابەتێکی ئینسانی گەورەی خستۆتە ڕو تێکستێکی ئەدەبی باڵای ئەوتۆ کە پێیەتی لە فیگۆری مانادار هەر هەمویان لە وێنەیەکی جەشتەتیانەی گەورەتردا سەردەمکمان لە تابلۆیەکی وجودیدا بۆ دەنەخشێنن.

محەمەد تەها حوسێن

ڕۆشنبیرە خاوەن تەریقەتەکان! … محەمەد تەها حوسێن

دوو جۆر هەژاریی هەن: یەکێکیان لە ناوەوەمانە و ئەوەی تریشیان لە دەرەوە. دوو جۆرە دەوڵەمەندیش هەن: یەکێکیان لە ناوەوە و ئەوەکەی تریان لە دەرەوە. هاوکێشەکە لەو خاڵەدا هاوسەنگیی لە دەستداوە، کاتێ ئەوانەی لە ناوەوە هەژارن سوا لەوانە بکەن کە لەدەرەوە دەوڵەمەندن، ئەوانەش کە لە دەرەوە هەژارن سوا لەوانە بکەن کە لە دەرەوە دەوڵەمەندن.
ئەوەی لەسەر سوالی ڕۆشنبیریی بەردەوام بێ و هەردەم چاوی لەدەم و دەست و قەڵەمی کەمەڵك خوێندەوار بێ لە مەشکی بئاخنن، هەرگیز ناچێتە خانەی خوێنەر و فڕۆخوازی جیددییەوە، خوێنەری هەسەن ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە لە خوێندنەوە و هەڵوێستەکانیشی پەیوەستن بەو ئازادیی و سەربەخۆییەی ڕۆشنبیریی دەبوایە یا دەبێ بۆی فەراهەم بکا یا کردبێ.

ئەو کەسانەی هەمیشە چاودێریی قەڵەم و کاغەز و کتێبی جۆرە نووسەرێکن ناوە ناوە تیژیان کەنەوە، کەسانی بیرکەرەوە نین و خاوەنی دید و ڕوانینی خۆیان نین نە بۆ ژیان و نە بۆ دەربازکردنی ساتەوەختەکانی ڕۆژانەی خۆیان. ئەوان لەو سوالکەرانە جیا نین کە

لە سەر شەقامەکان یا شوێنە گشتی و تایبەتییەکان دەست لەبەر خەڵك پان دەکەنەوە. چون خوێندنەوە و کردەی خ ڕشنبیرکردن کردەکانی بەخۆکردن و پەروەردەکردن کە خەزان و ئەرگانە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە پێیهەدەستن بەهەز دەکات و دەیانخاتە سەر ڕاستە هێڵی ئەو چالاکییانەی سەرەنجام بەرهەم لە بیرکردنەوە و هزرین وەدەست دێنن.

ئەوانە هەرگیز ناگەنە ئاستێکی بەرز لە ڕشنبیریی کە وەك دەروێش لە دەوری شێخەکانی تەریقەتی جێرە ڕشنبیرییەکی عابدانە بخولێنەوە و بەردەوام لە زیکر و فیکری ئەواندا بن و بێ ئەوان هەوێستیان بەرانبەر هەرچی ڕووداو هەیە لە ژیانی تایبەتی و گشتی خەیان پێ وەرنەگیرێ.

لەوەش سەیرتر ئەوەیە ئەو خاوەن تەریقەتانە هەرگیز لەوە قەس نابن خوێنەرانیان تادێ پیرەزیان دەکەن و دەیانخەنە نێو سرووت و کەشی دەروێشانەوە، جارێك هەوێستێکی کردەیی بەرانبەر ئەو ەفتارە نا ڕشنبیریانەی خوێنەرانیان وەرناگرن و بە نووسین بێ یا بە گوتار یا بە خوتبەیەك ناپیرەزیی خەیان بێ ئەوان ئاشکرا بکەن و تێیان بگەیەنن کە ڕشنبیری جیددی ئەو کەسەیە هەروەك (ێتشارد ڕتی) دەیووت یەکەم ئیشی داماێینی پیرەزی و قەداسەتە لە مرەڤ و هێنانەوەیەتی بێ ئاستە ئاساییە ئینسانییەکەی خەی.

ڕشنبیرانی خاوەن تەریقەت لە نێو ئێمەدا هەروەك کارەکتەرە سیاسییە ناسیونالیستییەکان و پیاوانی تەکییە و خانەقاکان چوونەتە زەین و یادەوەریی خوێنەرانەوە و وەك ئەوان بەشان و باێیان دا هەدەرێ و لێیان گرد دەبنەوە و خواخوای ئەوەیانە خوتبەیەك یا وەعزێکیان بێ دادێن!!.

ڕشنبیرانی خاوەن تەریقەت بەم ەفتارە دەروێشیانەی خوێنەر و هەوادارانیان کەوتوونەتە نەشئەیەکی عوسابیانەوە و خەیان لێبڕتە ئایەتوڵاهولعوزما یا دەلایلاما یا بەتریارکێك و لە دووڕەوە پێشنگی نوورانی خەیانیان بە شێوەی جیاجیا بێ پەخش دەکەن.

کەی ڕشنبیر یا بیرمەند یا هەر کەسێکی نێو کایەی فەرهەنگ و هزر لەگەڵ ئەوە بووە دەنگی حەشد و عەوام خەنی بکات و بیخاتە حاڵی زیکر و تەهلیلەوە؟، ئەی ئەوە نییە (کاڕ یەنگ) پێمان دەڵێ هەمیشە گێنگەڵ و حەشد زەمینەی سەرەکی پەتا دەروونییەکانن؟ لێبڕن و فڕێدیش دەیانووت: تاك لە گێنگەڵدا وەك خەی ەفتار ناکات و دوای ەفتاری گشتی دەکەوێ، شیلەر و کێرکیگێار و هایدگەریش ئەو جێرە

عەوامگەرییەیان پێ ونبوون و نامێبوون بوو؟.

خوێنەری دڕوشم ئەو تاکە وناننن کە دواتر وەک مێ و ماڵات دەکەونە دوا ڕەشنبیران و وەک سیاسیێکان دکتاتۆریان لێ درووست دەکەن.
ئەگەر هەڵگرانی شوناسی ڕەشنبیریی بەرانبەر هەوڵستی عەوام و گەنگەڵێی خوێنەرە مەستەکان لە پیرۆزکردن و پەیکەر بێدرووستکردنیان بەدەنگ نەیەن و ئەو جۆرە دەروشییە نەکەن بە بابەتکی ڕەشنبیری و لەبارەیەوە نەنووسن و لێکڕینەوە نەکەن، ئەوا جگە لە هەڵگری ئیجازەی تەریقەت چیدی نین و ئەوەمان بێ زیاتر دەچەسپێ کە هەر لە بنچینەوە گرێی دەسەڵاتیان هەبووە و کە پێشی گەیشتن ئیدی (خەم و خەونی ڕەشنبیری) یان نامێنێ و وەك ئەو سیاسیانەیان لێدێ کە گرێی ڕەشنبیرییان هەبوو و بێ پێکردنەوەی لەگەڵ ئەم تەرزە ڕەشنبیرانە لە دانوستانی بەردەوام دابوون.

زمان و ناکامێی سیاسیی … محەمەد تەها حوسێن

پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێبی هەولێر سەرەتای ئەوەی ژوانگەیەکی بەیەکگەیشتنی خوێنەر و کتێب و خوێنەر و نووسەران و نووسەران و کتێب و نووسەرانە لە نێوان خۆیاندا، بازاڕێکی ڕەشنبیری و کولتووری جوداکانە، پێشانگەی هەولێر خەریکە وەك دابێکی ڕەشنبیری و نەریتێکی کولتووری لە نێوماندا دەچەسپێ. من ناچمە سەر لایەنە ئابووری و هەڵسەنگاندنە بازاڕییە بزنسییەکەی بەقەد ئەوەی هەرچەنك و هەرچییەك بێ ئەم دیاردە ڕەشنبیرییە ئەرێنییە وەك جەژنێك بێ کتێب و نووسەران و خوێنەران دەرکەوتووە و دەردەکەوێ.
ڕۆژانە لەوێ بووم، نزیکەی (20) کتێبم کڕی، لە بابەتی سایکۆلۆژی و ئەدەبی و فەلسەفی و زمان، دوو کتێبی زۆر گرنگم لە بواری زمان و سیاسەتی زمان و بایەخی زمان وەك توخمێکی بنچینەیی لە پێکهێنانی نەتەوە و گەل و دەوڵەت و هەر قەوارەیەکی دیکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دڵزینەوە.

زمان هەر بەتەنها بوار یا بابەتێکی لینگویستیك و فیلۆلۆژی و کۆمەڵایەتی نییە، بەقەد ئەوەی بە بابەتێکی زۆر سایکۆلۆژی و دواتر سیاسیی و نەتەوەیی دەزانرێ، هیچ ڕۆمانێکی دەروونی خۆی لە بایەخی زمان نە لای تاك و نە لای خۆزان و نە لای کۆمەڵگە و نە لای نەتەوە و دەوڵەت نەدزیوەتەوە، زمان بابەتێکی هەرە لە پێشی دەروونزانییە، هەر لە دەروونشیکارییەوە تاوەکو دوا میتۆد کە سایکۆلۆژیای گەشەسەندنە(داریونیزمی دەروونی) و لە گەیشیدا پێزتیف سایکۆلۆژیی. سایکۆلۆژیا بەر لە هایدگەر زمانی بە (ماڵی وجوود) زانیوە، سیگمۆند فرۆید بە میتۆدی بەدوایەکداچوونی وشەکانWord association دەچووە نێو قوڵایی نەستی تاك و مێژووی ژیانی دەروونی ئەو، ئەم میتۆدە لە ڕۆگەی زمانەوە کاری خۆی دەکات و شڕۆبووونەوەشی بۆ تاریکایی نەست کە ئەمبارێکی پڕاوپڕی زانیاریيە شاردراوە و چەپاوەکانە هەر چوونە نێو زمان و دێزینەوەی نەزانراوەکانی هێشە.

ژان پیاژێ بۆ گەشەی مەعریفی لای منداڵ و قۆناغەکانی سەروو تردا زمانی وەك بونیادێکی هەرە چالاکی نەخشە مەعریفییەکانی مرۆڤ دەزانی، لای ئەو زمان بەستراوەی ناسین و زانینە، لە ئەبیستیمۆلۆژیاکەی خۆیدا کە ناوی "پێکهاتەیی" لێناوە پیت و وشەکانی زمانن وردە وردە دەبن بە بونیادە مەعریفییەکان و زەخیرەی زانینی مرۆڤ بەرەو هەڵکشان دەبەن.
دواتر لای جاك لاکان زمان جێگەی نەست دەگرێتەوە و بەتەواوی مرۆڤ لە نێو زماندا هەڵدەسووڕێت و هەر لە نێو ئەویشدا گەشە دەکات و دەناسرێت، زمان سیستمێکی ئاماژی سیمبولیکیە و بە وریاییەکی زۆرەوە لەوێدا وێنە جوداکانی لە هەوێست و زەمەن و قۆناغە جوداکان پارێزراون و لە هەلی جیاجیاشدا دەردەکەونەوە.

زمان ئەگەر کەرەستەی بونیاتنانی مرۆڤ یا تاك بێ و دەرکەوتی بەرخوردی بەردەوامی تاك و کۆمەڵ بێ لەگەڵ شوێن لە زەمەنی جیاجیادا و هەم زەمەنەکان و هەمیش شوێنەکان لە ڕووی تایبەتمەندییە جوداکانی نێوانیاندا لەیەکتر نەچن، چۆن چۆنی زمان لە هاوکێشەی دروستکردنی مرۆڤ و پێگەیاندنیدا وەلاوە دەنرێت؟، بایەخی زمان هەر بەتەنها لە مافە کولتووریيە سەرەتاییەکان کورت ناکرێتەوە بەقەد ئەوەی وەك ئاماژەم بۆ کرد لە بونیادی سایکۆلۆژیی و سۆسیۆلۆژیی تاك و گروپ و کۆمەڵگەکاندا دەبێتە بنەما یا بنچینەی یەکەم لە نێوان دوو بنەمای تر کە مێژووی هاوبەش و خاکی هاوبەشن.

مێژوو لە بابەتی نەتەوە یا گەل یا کۆمەڵگەدا ڕەهەندی زەمەنمان بۆ

دەردەخا کە لای خەیەوە نوێنەرایەتی جولە و چالاکییەکانی تاکەکان دەکات و کولتوور بەرهەمدێنێ، خاکیش هەهەندی شوێن دەستنیشان دەکات و دەبێتە ئەو ژینگەیەی کولتوور لەوێدا دەچێنرێت و پێبەپێ بە خزمەتکردن و ئاودانی نەشونما دەکات.
کولتوور وەك هەهەندی زەمەن و خاکیش وەك هەهەندی شوێن لەکارلێکی نێوانیاندا زمانێکی تایبەت بە خۆیان دێننە ئارا لەهەر نەتەوە و کەمەگەیەکدا زمانی دایك یا زمانی هەسەنی پێدەڵێن، بەبێ زمان ئەم کارلێکە لە نێوان زەمەن و شوێن ڕووندات، چون نە زەمەن بێ زمان مانڕوو دەنووسێتەوە و نە شوێنیش بێ زمان دەبێ بە وێنەی جودا جودا و لە زەین و هۆشی تاکەکاندا دەچەسپێن.

زمانی هەر نەتەوە و کەمەگەیەك کولتوورەکەیەتی، بەخۆو نەکردنی زمان بەهۆاکردنی کولتووری بێ ئەوەی ببێ بە نۆچیرێکی سانا بێ کولتووری بەهێزەکانی دەوروبەری، زمان سەرمایەیەکی سیمبولیکی کولتوورییە و نەتەوە و کەمەڵە ئیتنیکییەکان لە ڕێگەی هەر سیمبولێکەوە وێنەیەکی خستەتە سەر ئەم کولتووری، هەما و ئاماژەکانی کولتوور لە دەرەوەی جوگرافیای خۆیانەوە نەهاتوون، ئەگەر هاتبیشن سانا دەناسرێنەوە، بەیەکگەیشتنی کولتووریەکان دەبێ بە سیاسەتێکی زمانناسانە و زمانزانانە بەڕوە بچێ و هاوسەنگی لەپەیوەندییە دیپلۆماتیکییەکانی نێوان نێوەندە سیاسییەکان بپارێزێ، نەپاراستنی هاوسەنگیی شکست و پاشەکشەیەکی کولتوورییە کولتوورێکی بەهێز بەرانبەر بەهێزێك دەیگرێتە بەر.

نەنرخاندنی زمانی کوردی و بەکەمناسینی لەبەرانبەر هەر زمانێکی دیکەی دنیا بەتایبەت زمانی ئینگلیزی کە لە دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵای ئەم هەرێمە بەدبەخت و بەستە زمانەی خۆمان زەق بێتەوە، کەوتنە تەڵەیەکی کوشندەیە و کارەکتەرە بەرپرسەکانی نێو ئەم دوو ئۆرگانە وەك دوو ئۆرگانی دژ بەرانبەر زمانی کوردیی کەوتوونەتە کار و بە بێیار و ڕێنمایی کەڵەگایی زمانی ئینگلیزی ڕادەگەیەنن و زمانی خۆمان کە نزیکەی 30 ملیۆن کەس پێی دەدوێن بە شایانی بەکارهێنانی ئەکادیمی نازانن.
ڕاستە زمانی کوردی ستانداریزە نەکراوە و هیچ هەوڵێکی سیاسیش لەو سیاسییە ناکامڵانە نابینرێ بێ ئەوەی وەك توخمێکی بنەما لە پێکهاتنی ستاتوویەکی باوەڕپێکراوی نێودەوڵەتیی دەربخرێ، بەڵام کوردیی زمانێکی بەرگریکار بووە لە مانەوەی خۆیی و تاوەکو ئێستا بە بێ بوونی قەوارەی سیاسیی هەر لەنێو قەوارە و جوگرافیای ئەتنیکی خۆماندا ماوەتەوە و نەکەوتووە.

زمانی زیندوو و بەرقەراری وەها نەك توانای ئەوەی نییە هاوڵە بۆ لەگەڵ پەرەسەندنەکانی ئەمڕۆ، بەڵکو توانای هەرچی وردەکاریی ئەکادیمی و تۆژینەوەی لە بواره هەره هەستیار و زانستییەکان هەیە، من ئەگەر کێشەیەك لە کێمەڵگەکەی خۆمدا ڕوویدابێت و لە هەرچی دنیا هەیە شتی وا دەرنەکەوتبێ چ پێویستیم بە چوارچێوەیەکی تیۆرییە دڕوستکی لەم کێشەیە تیا نییە بیخەمە ڕوو؟ کێشەیەکی کێمەڵایەتی ئەگەر تەنها لای خۆمان دەرکەوتبێ چ پێویستم بە پێوەرە خۆرئاواییەکانە بێ ئەوەی دیاردەیەکی کوردیم بێ بپێون؟..... تاد.

زمانەکان هەموویان پێیانە لە وشە و هەر وشەش نوێنەری شتێکە لە جوگرافیای بوونی ئەو شتانەدا، ئەگەر لە ڕووی زانستی و تەکنەلۆژیشەوە نەیتوانیبێ هیچی بخاتە سەر مانای ئەوە نییە بیمرێنیت و بیخەیتە ڕیزی زمانە مردووەکانەوە، مردنی زمان لە ئەنجامی دڕوستانە کولتووریەکانەوە دێتە ئارا و کولتووری کوردیی ئەگەر چی نوێنەرایەتی سایکەلۆژییەتێکی نەتەوەیی دەستەپاچە دەکات و نەیتوانیوە بچێتە نێو هزرینی زانستی و گەشەی تەکنیکی و عەقلانییەوە و تاوەکو ئێستا ڕەفتارە هەڵچوونی و سۆزداریەکانمان بێ دەنووسێتەوە، بەڵام ئەو دێخە ئیجازە بە هیچ کەس و گرووپێك نادا وەك چۆن لە ڕووی سیاسیەوە سەربەخۆیی خۆیان لەدەست دا، کولتووریش بکەن بە قوربانی شکستە سیاسیی و دیبلۆماتیکییەکانیان.

زمانی کوردی پەرتەوازەیە و بە باش بەڕێوەنەبردنی سیاسی و کێمەڵایەتی و ململانێی گرووپگەل و ناوچەگەریەوە نیشانەکانی شکست و چەکدادان و شەڕبوونەوەی بەردەوام بەدەر بە ئاشکرا لێوەدەرکەوتووە، کلکایەتی سیاسیی بێ نێوەندە سیاسییە زلهێزەکان کلکایەتی کولتووریشی بێ ئەوان لەکەوتەوە و بە خڕایی وا زلزمانەکان زمانمان دەبەنەوە نێو دەممان و وردەوردە دەیبڕن.

ئەوەی سەیرە ئەوەیە زمانی کوردی لە دەستووری عیراقیدا کە باشترینی خراپەکانی ناوچەکەمانە وەك هەسمیی چەسپیوە و مەرکەکی دەستووری و سیاسیانەی لەسەر ئاستی دنیا پێوە لکاوە، کەچی کاراکتەرە حزبیە کوردییەکان بە گەڕانەوە بێ سەر سایکەلۆژیای هەزگەری و ماڵباتیی خۆیان ئەو زمانە تەنها لە ئاستی جل و بەرگ و نمایشی خۆبادان و نەریتیانە دا دەبینن و ئەو مانایەیان نەداوەتێ توانای جوڵە و پشکنینی لە هەرچی بواری ژیاندا هەبێ.

• ئەم بابەتە لە زنجیرەی بابەتەکانی سەر زمان و بایەخی زمانە لە

دەرکەوتنی کولتووریدا.

سەردەمی گریانی بەقیس.. سەردەمی گریانی هەموومان ... محەمەد تەها حوسێن

لە ڕۆگەی عیشقەوە دنیایەك کە بە فەلسەفەی مردن بەڕووە چوو و بەڕووەدەچێ خەیمان بێ دووبارە نمایش دەکاتەوە، عیشق ئەوەندەی مردنمان بێ دەکاتە بابەت بێ سەربوردەی دوو عاشق و دوو شتی تر کە دەکرێ عاشقیش نەبن بەڵام بە هەڵە یا بە ڕاست شەیدا و عەوداڵی ژیانێکی تر بن، نیو ئەوەندە ژیانمان بێ نانەخشێنێ، جەبار جەمال غەریبیش لەم ڕۆمانە تازەیدا" سەردەمی گریانی بەلقیس" بە چەندین شێوە و چەندین دەربڕین ئەم دوو چەمکەی ژیان و مردنەمان بێ لە عیشقدا سیناریزە دەکا.
ئەگەر چی عیشق و خۆشەویستی دوو چەمك و دوو گۆڕاو و دوو بابەتی جودان لە فیکری سایکۆلۆژی و تەنانەت لە سایکایەتری(پزیشکی دەروونی) دا و لەم ڕۆمانەدا لە زۆر جێگادا تێکەڵاوی یەکتر بوون، بەڵام جەبار جەمال غەریب زۆر شارەزایانە کەمەڕەك سیمبولی دەروونی و کەمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبی و توراسی لە خەیاڵێکی فراوان و بە ئاگادا چنیوە، کردووونیەتە نەخشێکی جوان و زیندوو و هەر یەکەیان دەلالەتی نەك هەر ئەدەبیانە بگرە زانستیانەی خۆی لە شوێنی خۆی هەیە.

لەم ڕۆمانەدا شار وەك بابەتێکی سۆسیۆلۆژی و خەسڵەتی تاك و گرووپەکانیشیان وەك دیاردەگەلی سایکۆلۆژی وریایانە ناسێنراون، لە شارناسیی ڕۆماننووسدا سڵەمانی وەك ئەو زەمەنەی یەکەم ڕووداوی تیا ڕوو دەدا تا ئەو کاتەی دوا وشەی ڕۆمان دەبێ بە قفڵی داخستنی ڕووداوەکان دیمەن بە دیمەن و ساڵ بەساڵ وەك ئێمە مانان و ئەوانەش کە شایەتی ئەم زەمەنانە بوون لە وێنەی جیاجیادا بۆمان دەگوازرێتەوە، و هەوڵێریش بە هەمان شێوە لە هەنگاوی یەکەمی بەقیسەوە کە دایدەنێتە سەر ئەرزی سەیداوە و نزیك تانکیە

ئاوەکەیەوە و بەرانبەر ماڵی مریەمە ەش تا دوا هەنگاوەکانی بەلقیس لە هەمان شوێن هەمان ئەو هەوڵرەیە کە بینیومانە و لە وەسفی هەمە جێردا وەك مۆژوویەك و وەك جوگرافیایەك دێتەوە یادەوەری و زەینی هاوشاریەکانیەوە.

نەخشاندنەوەی شوێن لە خەیاڵی ڕۆمانووسدا یەکێکە لە زەحمەتترین ئەرکەکانی نووسەر و سەرەکیترین بنەماکانی بنیاتنانی ئەم ەهەندەی هەرچی ڕووداوەکان هەیە لەوێ ڕووەدەن، جەبار جەمال غەریب هەوڵر و سلێمانی و بەغدامان لە سەرەتای هەشتاکانەوە تا زیاد لە سی ساڵێك دوای ئەوە بە هەموو گۆڕانکاریەکانیانەوە بێ دەکاتە ئەو شوێنانەی کە لە ڕاستیشدا هەر وابوون و واش گەشەیان کرد یا بە مانایەکی پێَچەوانە وێران بوون.
نەخشاندی شوێن لە خەیاڵدا بە تایبەت گەر بتەوێ ڕۆمانی لەسەر هەڵچنی وردەکاریەکی تێبینگرافی و ئەتمۆسفیرناسی و شارناسی و هونەریانەی بیناسازی شار و گەڕەکی گەرەکە و زەمەنیش لەو ناسینانەدا ناچێتە دەرەوەی شوێن چون هەردووکیان لەگەڵ یەکتر و بەسەر یەکەوە و بەکاریگەری کەسەکانی لەسەر زەوی و لەو کاتانەی تیایدا ژیاون کار لەیەکتر دەکەن.

سیمبولی بەغدا بە تێگەیشتنی من جگە لەوەی شوێنی ڕووداتی عەشقی جیاجیە و قوتابیانی کورد لەوێ دوور لە کەس و کار و دوور لە سەرزەمینی خێیان لێی دەخوێنن و فێر دەبن، بە کاریگەری بێبەش بوونە هەمە جۆرەکانیان لە خۆشەویستی و عەشق و هاوڕێیەتی نێر و مێ و شتی تریشەوە دەبێتە ئەو شوێنەی هەم تیایدا عاشقەکان یەکدەگرن و هەمیش لەیەکتر جیادەبنەوە، دوو سیمبولەکەی کە نوێنەرایەتی هەوڵر و سلێمانیش دەکەن لە بەغدا سەروەری ەش و برش و نیانی جوان و ناسك و خنجیلانەن.
هەمیشە بەغدا بێ ئەمە ئەو شوێنە بووە تیایدا هەستمان بە خۆشەویستی نیشتیمان و شارەکانی خۆمان و ئینجا کەسەکانمان کردووە کە مەرج نیە لە سلێمانی یا هەوڵر وەك دوو سیمبولی دیکە ئەو هێزەی کێشکردنمان بێ یەکتر هەبووبێ.

بەغدا لەم ڕۆمانەدا هەم ڕاستیە و هەم بەکاربردنکی میتافۆریانەشە، ڕاستیە چون عەشقێکی بێ ئاکامی تیا ڕووەدات و کۆتاییەکەشی خۆکوشتن و خنکانکە هەرگیز جارێکی تر نابنەوە ئەو دوو پەپوولەیەی دەست لە ملانێی یەکتر بوون، لە پاڵ ئەوەش عاشقەکان شاهیدی جموجۆڵی ناشیانەی شۆڕشگێڕانەی قوتابیان و هەندێکیان چوونەتە نێو ئۆرگانە قەدەغە سادە دیسپلینچیەکانەوە، میتافۆریشە

چون بەغدا هەمیشە ئەو شونەیە و تا ئستاش هەر هەوە کە تیایدا هەست و سزی هەم سزداری عاشقانە و هەم سیاسیانە و نەتەوەییمان بە یەکتر و بە کوردزەمین تیایدا جش دەدا.
پموایە هەبژاردنی بەغدا مەدلوولکی میتا عاشقانەشی هەیە و هەولر و سلمانیش وەك دوو شار بە هەمان شوە هەم لە هەشتاکان بەیەکەوە نەگونجانکی کولتووریان لە نواندا بوو و پەیبوە بواری نوکتەی نائاسایی و بەیەکتر هەشاخینی کمەایەتی و تەنانەت سیاسیشەوە، هەمیش لەم سەردەمەدا ئەم دوو شارە زر لە جاران زیاتر لەیەکتر ترازاون و کولتووری لکایە ناوچەییەکە لە جیاوازیە سرووشتیەکان زیاتری لەیەکتر دابیون و نەگونجانەکان جرك لە گیانی دژکاری و زیانگەیاندن بەیەکتری لا تەشەنە پکردوون و ئەمەش ئەنجامی ەفتار و هەسوکەوتی هەرزە عاشقە سیاسیەکانە کە سەرەتا لە بەغدا هەر لە ئامزی یەکتر دابوون بەام سەرەنجام هەروەك میدیا بە نیانی دەگووت عاقانە خشەویستی نەکەی حەیاو ناموسی خت و کەس و کاریشت دەبەی،ئاوەهات بەسەر د.

ووداوەکانی ەمان زربەیان شکاوین و تینی خیان لە ئینرژی شکگرتووەکانەوە وەرگرتووە، یەکەم شك دەستدرژی سکسیکردنە سەر سەروەرە لە ئاودەستەکانی سینەما حەمرای هەولردا لە سزای ئەوەی پشتە ملی کەسکی لە پش خی بە فیچقەیەکی ئرگازمیانە سواخداوە، ئەم کارە لای نەوزادی عەزەی نەجار تەنها بە حیزکردنی سەروەر تەەی دەکرتەوە، سەروەریش ووداوی ئاودەستەکەی بە دەبتە ئەو کابووسەی نەك هەر بەشەو بەکو بە درژایی ژیانی وەك متەکە و تارماییەك بە دوایەوەیەتی و هەرچی دواتر دەیکات تەنانەت کەوتنە داوی خشەویستی نیانیش هەر لە ژر کاریگەری ئەو ووداوەدایە.

شکەکان چەندین شەژان لە کەستی تاك و دواتر لە دەروونی ئەودا دروست دەکەن ئەوەندە بە سانایی ناسننەوە و لەبیر ناچنەوە، چجای ئەوەی شکك بە کەسك لە ووی کمەایەتیەوە هەرەس پبنن و شوناس و ەزامەندی کولتووری و کمەایەتی لە زەوت بکات دەبتە هی ئەوەش لە ناوەوەی خیدا هەوەشتەوە و ئەگەر بیەوە یا کەسانك بیانەوە هەیسننەوە ئەوا پسسکی دەروون کولتووری و دەروون کمەایەتی هەرە زەحمەتە و پویستی بە ئرگانی شارەزا و عەقی کراوە هەیە کە لە کمەگەی ئمەدا نین.
شکی دووەم لە مانی سەردەمی بەلقیسدا ئەو عەشقە بە پشینەیەیە کە نوانی بە ئاگایانەی نیان و سەروەر بەیەکەوە دەلکنن و تا ئەو ئاستەیان بەیەکەوە گرەدا دەکەونە سرووتی نەستیانەی لەیەکتر

توانەوەدا، نە خۆیان و نە خەڵك و کەس و کار و نە نیشتمان و ژینگە جۆراوجۆرەکانیشیان بەلاوە گرنگ دەبێ، هەر بۆیەش هەمیشە و تا مردیشن هاوسەنگی دەروونی و جەستەیی و هەڵچوونیشیان نەهاتەوە جێی خۆی.

سەروەرێکی شك خواردوو کە هەمیشە جەستەی خۆی هەت دەکاتەوە و قبووڵی ناکا و بەر لەوەش پێیوایە ئیتر دەروونی ئەو تا ئەو ئاستە تەکشکاوە پێشبینی هەستانەوەی ئەوەندە سانا نیە، نیانی خستە ژێر کاریگەری زمانلووسی و قسە بە تووکەکانی و ئەوی لە ئەزموونێکی عەشقی شکاوی شکستخواردووەوە گواستەوە ئەزموونێکی تر کە خۆشیان ئەنجام و کۆتاییەکەی هەر بە کۆتایی خۆیان لێکدەدەنەوە.
قی سەروەر هەمیشە ئاراستەی خۆی بوو، کاریگەریی شکی ئاودەستەکە زیاتر لە خۆیی و لە دەرەوەی خۆی تووڕەی کرد، ڕەحێکی شەڵانگێزی کپکراوی چەپاوی تیا چاند لە هی کەمالی حاجی بەکر و ئەولادەکانی ئەستوور تر، هی سەروەر بەرانبەر خۆیی و کولتوور و ژیان، هی کەمالیش بەرانبەر تەنها ئەو و نیان و ئاستە کەمەڵایەتییەکەی سەروەر.

سەروەر لە هەوەسێکی شەهوانیانەوە لەبەرانبەر سوهێر هەمزی کە لە شاشەی سینەمای (حەمرا) دەردەکەوت، کە هەر خودی (حەمرا) هەمایەکی سێکسیانەیە سپێرمەکەی بەر ملی پیاوەکەی پێشخێ دەکەوێ و چوکە سەگبابخۆوەکەی ئەم کەتنەی پێکرد، تێهەکەشی هەر چوکی نەگریس و شەڵانگێزکی تر بوو بەو دەردەی برد و تووشی شکێکی ئەبەدی کرد، دواتر و لە کۆتاییشدا ئەم عەشقە خوا و خەڵك نەناسە لە ژوورێك سەروەر و نیانی بەیەك گەیاند بەڵام ئەمجارەیان نیان بێ بەردەوامی پاکییە سادە ڕەحیەکەی نەیهێشت چووك پاڵەوانی مەیدان بێ، هەر بۆیە پێموایە لە نەستی سەروەردا مادام چوك لە سەرینی ئەو و نیاندا ێی نەبوو ئیدی با هەردووکمان ژەهر بخۆینەوە و نە من بێ کەسی تر و نە نیانیش بێ کەسی تر بێ.

سەروەر لە مەینەتی و قورسایی ژیانێکی ناهاوسەنگەوە هەنگاو بەرەو دواڕۆژکی گەشاوە دەنێ کە تیایدا بکەوێتە ئاستێکی تر، ئەمەیان عەقڵە هانی دەدا، سینەمای حەماش بێ خۆی کێشی دەکات و فیلمێکی میسری کە ئەوەندەی کەمەڵایەتیە نیو ئەوەندە سێکسی نیە غەریزەی سێکسی دەبزوێنێ و ئەزعەفولئیمان هەفتارێکی سێکسی لادەری پێ دەکا، ئەمەشیان حەز و مەیلە شاراوە و چەپاوەکانیەتی پاڵیپێوەدەنێ.

هەژاری کولتووری و نەبوونی فەرهەنگێکی سێکسی و پەروەردەیەکی

هاوسەنگ لەو بوارەدا ئەوەندەی تینی عەشق دەخەنە بەر کەس ئەوەندە بە خۆشەویستی بە خۆی ناکەن، عەشق هەمیشە لە هەژاریەوە گەشە دەکات و خۆشەویستیش هەردەم زادەی دەوڵەمەندییەکی عاقڵانەیە، هەرگیز نەمانبینیوە عاقڵەکان لە خۆشەویستیدا خۆیان و ئەوانی تریان لێ ون بێ و سەرەنجام دووچاری خەمۆکی depressionی خۆشەویستی بن کە (عیشق)ە، نیانێکی بەستەزمان بەردەوام تارمایی کولتوورێکی سایکۆسس و باوکێکی تەوتەمی و پێنج برای باوککوژ و کۆمەڵگەیەکی چەپاوی بەدواوەبوو، لە بەغدا لە دەستی ئەوان دەردەچێ و دەکەوێتە دەستی خۆیی و خەڵکانی تر، کە بە سەروەری مریەمە ڕەش دەگا دوو بوونەوەری نەدیتکەی بەغدا نەدیویان لێدەردەچێ، یەکێکیان ڕزگاری دەست و چاوی تەوتەمێکی خاوەن موڵك و هەموو شت، ئەوەی تریشیان باوەمردووێکی دایك سەرلەشواوێکی بەدبەخت.

ئەو عیشقەی سەروەر و نیان لەم ڕۆمانەی جەبار جەمال غەریبدا زۆر لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووری و سیاسی کۆمەڵگەکەی خۆمان و هی بەغداشمان بۆ دەخاتە ڕوو، ئەوە بە تەنها نیان و سەروەر و سەردار و میدیا و مریەم و بەقیس و کەمال و مستەفا و نەوزاد و نەجم و فۆان و فیسار نین بە بەرچاومانەوە دێن و دەچن، جەبار جەمال لە درووستکردنەوەیەکی سەر لە نوێی شارەکانی بەغدا و سڵەمانی و هەولێردا دەمانباتەوە نێو یادگەیەك پێیەتی لە بێنگەنیو و توراس و کەچەری ڕزیو، پێیەتی لە شکستی کۆمەڵایەتی و کولتووری، لە شکستی سیاسی و شۆشگێڕی، لە شکستی خۆشەویستی و ئالوودەبوون بە عیشق، ئەو عاشقانەی ئالوودەی عیشق دەبن هەمیشە لە درووستکردنی خۆشەویستیدا شکستی گەورە گەورەیان خواردووە، هەروەك فڕۆید و فڕۆم و ێنگ و فڕانکل و هیتریش دەڕێن خۆشەویستی بە هوشیاریەوە دەکرێت و ئازادانەش دەجوڵێ و ئەزموونکیشە لە بیرکردنەوە و لەم ڕۆمانەشدا جەبار جەمال لەسەر زاری میدیاوە قسەیەکی کۆنی نیانمان بۆ دەگێڕێتەوە لە لاپەڕە 252 پەرەگرافی دووەمدا و دەڵێ: نیان هەمیشە وتوویەتی خۆشەویستی لە ئەزموونەوە دروست دەبێ، ئەو خۆڕا گیرێدە نەبووە، ڕاستە ئەو کوێە لە دڵزەخەوە هاتێتەوە، دەیەوێ هاوڕێیەك بۆ گەڕانەوە پەیدا بکا.

نوێنەری عەقڵ لە نێو هاوڕێکانی نیاندا زیاتر میدیایە و لە هەوڵستی جیاجیادا دەردەکەوێ، مەرج نیە عەقڵ هەمیشە خۆ تەسلیمکردن بێ بە واقیعێك ئەمە لێی ڕازی نین، عەقڵ هەردەم پڕماندەڕێ بە هوشیاریەوە با بجوڵێین نەوەك بە ئەمری سڕز و هەڕچوونەکانمانەوە، کە وامان کرد ئیدی هەر یەکەکمان خاوەنی منێکی

عاقڵی خاوەن خەمانین و هوشیارانە دەزانین خۆشەویستی بەرەو کۆمان دەبات، چون خۆشەویستی هەمیشە هێزکی بونیاتنەر لە پشتیەتی بەڵام عیشق بەردەوام تین و تاقەتی خۆی لە هێزی وەرانخوازیەوە وەردەگرێت.
نوێنەرەکانی عەشق نیان و سەروەرن کە بە بڕەشیەوە دەستیان پێکردوو هەر بە بڕەشیش لەبەر چاوان ونبوون، نیان و سەروەر هەردووکیان لە دەستەپاچەیی و جۆرێك لە نەبوونیەوە تووشی عەشق بوون، یەکەمیان نەبوونی سۆز و خۆشەویستی و ئولفەی خۆزانی و زاڵبوونی پەروەردەیەکی نۆرانە و ئەوەی دوومیشیان نەبوونی باوك و هەکارەکانی ژیان و ئارامیەکی کەمەگەیی کەمەگەیەکی کپکراو و چەپاوی نۆرانە.

نیان دەیویست بژی و بە خاوەندارێتی سەروەرەوە درێژە بە ژیان بدا، بەڵام سەروەر لە نەستێکی چەپاوی شاراوەی تاریکەوە هەم بەوە گەیشت کە هەر خەونی پڕوە دەبینی و بەس و هەمیش تۆزەی خۆی پێ لە کەچەرکی نۆربازانە کردەوە و بە دنیای وت وەك خۆم ناشیرین و بێزراوتان دەکەم، ئەی ئەوە نیە ژەهری بە نیانیش خواردەوە کە لە بنچینەدا ئەو نەیدەویست؟، ئەی ئەوە نیە خۆیان خستە ئاوەوە و بێ هەتا هەتایە ئازیز و یار و نەیاریان سەرسام و شۆکخواردوو کرد؟.

ڕەمانی سەردەمی گریانی بەقیس زۆری تری دەوێ لەسەری پڕدابچین چون پڕیەتی لە هەمای سایکۆلۆژی و سۆسیۆکولتووری و کاك جەبار لە یاری سیمبولیکیانەدا زۆر جوان چنیونی، ئەگەر چی لێرە و لەوێ بەتایبەت لەبابەتی خۆشەویستی و عەشقدا تێکەیەك بە گوتاری عەشق و گۆڕەوەکەوە دیارە بەڵام ئەمە جۆرێکە لە بەکاربردنێکی هەڵە کە کاك جەباری تیادا کەمتەرخەم نیە بەقەد ئەوەی کولتووری ئەمە و زۆربەی کولتووڕە خۆرهەڵاتیەکان تۆوەی گلاون و بووەتە بەشك لە بەکاربردنەکانمان بێ زمانی ئاخاوتن و گۆڕانەوەمان.

کۆتایی ڕەمانەکە زۆر سەرنجڕاکێشە چونکە بەلای منەوە خۆکوشتنی دوو عاشق لە بەغدا هەر بەتەنها مەدلوولێکی عاشقانەی نیە بەقەد ئەوەی خۆکوشتنێکی کەمەڵایەتی و کولتووری و لە پاشان خۆکوشتنێکی سیاسیانەشە کە تا ئێستاش تێدەکەوین و هیوادارم ڕاستی بڵچووبم و تا ئاستێك کەمەڵك نیشانەم پێکابێ، دەستخۆشیەکی گەرم لە هاوڕێم نووسەری گەورە و ڕەمانووسی بە توانا کاك جەبار جەمال غەریب دەکەم، ئەم ڕەمانەیی و کەوتنی ئاسمانەکانیش لای من لە ئاستی ڕەمانە بەرزە جیهانیەکانن، کاك جەبار زۆر بە وردی خەیاڵی خۆی دەچنێ و من بە سپایدەرمانەکەی ڕەمانی کوردی ناوی دەنێم.

سیاسەت و دەروون لە دەسەڵاتی کوردیدا … محەمەد تەها حوسێن

ئەم (کۆمان و کارتل*)ە مرۆیانەی وڵاتی ئێمە کە بە هەڵە پێیاندەوترێ حزبی سیاسی لە جیاتی ئەوەی سیاسەت بە پڕۆسەس و ئەرکێکی ئەخلاقی تێبگەن ڕێك بە تەکتیك و فێوفڕ و خەڵەتاندن لێی حاڵی بوون، ئەم تێگەیشتنە لە سیاسەت خێپەڵاندنەوەیەکی بەردەوامە لە بەری خزمەتکردن بە (کۆ) وەك (کۆمەڵگە، نەتەوە، میللەت) بۆ بەری خزمەتکردنی بە (خۆ*) وەك (نێرگزیەت و ئایدیەویەت و شەهوانیەتی ئەوپەڕگیر*).

مانای ڕاست و دروستی سیاسەت تەنها و تەنها هوشیاریەکی عەقلانییە سەرەتا لای (تاك) بۆ ئەوەی بگاتە ئارامی و هاوسەنگی دەروونیی و کۆمەڵایەتی و خۆناسینێکی وجودیانەوە لە کۆمەڵگەیەکی بەیەکەوە ژیاو و ئارامدا، دواتر لای (کۆمەڵگە) بۆ ئەوەی لە نێو کۆمەڵگەکانی مرۆقستاندا بکەوێتە ڕەد و بەدەڵکی هاوسەنگ تاوەکو بە نوێنەرایەتی کردنی لە لایەن ئێرگانێکی دەسەڵاتیی ڕاستەقینەی هەبژێردراوەوە ئەرك و کرداڕە دیپلۆماتیکەکانی لە چوارچێوەی سیاسەتێکی خزمەتگوزاردا بباتە ڕێوە.

ڕاستیان وتووە کە سیاسەت هونەرە، چون هونەر وێناکردن و ڕامانە خەیاڵیەکانی کەسانێکە هزریان لە خۆیانەوە بپەڕێتەوە و سنووری (خۆ) یە نێرگزیەکانیان تێپەڕێنێ و دنیای دوور و نزیك بە هەرچی پێکهاتەکانی (ژیان و ژیاوە) وە هەیە لە تابلۆیەکی هونەری باڵا و جوان بئاخنێ، سیاسەت بەدەر نیە لە هەست و شعور کردن بە جوانیی، بەدەر نیە لە جواناسی، بەدەر نیە لە جوانبینی و جوانهزرین و جوانبیستن و جوان چێژبردن، سیاسەت بە مانا ئەخلاقیە زانستیە مەدێرن و ئینسانیە باڵاکەی بەدەر نیە لە ئاکار و هۆشت و بەدەریش نیە لە هونەری سازکردن و هەخساندنی ژیان لە ژینگەیەکی ئارام و پڕ جوولە و داینەمیکدا.

ئەوانەی سیاسەتیان ناشیرین و قێزەون کرد و بەردەوامن لەم کرداڕە لادراوانەیان ئەو تاکە ناهاوسەنگ و نائارام و ناهوشیار و

نابەرپرسانەن کە خراك و زەخیرەی حەز و مەیل و ئارەزوو و هەوەسە نرگزیی و (پارانیی و سایکپاسیەکان*) لە هەرا و ناکی و بەهایی و فکردن لە خەك و ئازاردانی بەردەوامیان دەزنەوە.
ئەوەی لەم سەرزەمینەی ئمە دەگوزەر بە هیچ پوەرك سیاسەت نیە، کەشکی پیسبوو و بەردەوام پیسکراوی نا ئاسایی و نا هامنیکە ئەوانە تیایدا کاراکتەری دیارن کە زرترین و فراوانترین ووبەری ژینگەکە پیس دەکەن و دەستیان بەسەریدا دەکش و توانای بەرهەمهنانی زرترین ب و قەوارەی پیسی و ترسیان هەیە، هەرگیز سیاسەتی استەقینە بیر لە پیسکردنی کەش و ژینگەکان ناکاتەوە و بگرە لیشی نازان، ئەرك و ئیشی سیاسەت کخستن و بەوەبردن و هەودانە ب هنانە ئارای زیاترین ئارامیی و زرترین هاوسەنگیی دەروونیی و کمەایەتی و ئابووری و کولتووری و دینیی، ئەوەی لای ئمە ووداوە بە جەختکردنەوە لەسەر دەستەواژەی (ووداوە) جەنگکە لەجرکی تر، بەیەکداهشاخینی غەریزە و حەزەکانی شەهوانیە ترنەبووەکانە کە هیچ سنوورکی عەقیان ل دیار نیە و تەنانەت لە بایەخی هنانە ئارای تاك و کمەگەی هوشیار و عاقیش نین و بگرە لە شیکردنە و لکدانەوەی مژووی کار و هسوانیان وەك نمایشکارکی سیحربازانە و سەرەتایی سیاسەت دەردەکەون، بمان وون دەبتەوە کە هەر هەوکیش لە ئارادا ب ب دامەزراندنەوەی ئەم بارە شواو و شەژاوە ئەوان بە مەترسیی ب سەر حەزە ئەهریمەنیەکانیانی دەزانن و هەر بیەش دژمنایەتی ئەم هەوانەیان بە ئاشکرا پوە دیارە.

من پشتریش زر لەسەر کی پەروەردە و فرکردن و و فربوون نووسیومە و ئیشی ئەکادیمییم لە بارەیانەوە کردووە، هەر ئەوە نیە هەنگاو یا هەوستکی ناشیاوی دەسەات بەدەستەکانی ئرە وروژاندبمی، خ ئەگەر لە هفتارکی ناسیاسیانە و نا عەقلانیانەشیان بیرم بگەتەوە سەر بایەخی ئەم پسانە ئەوە باشتر، چون بەردەوام ئەوان(دەسەات بەدەستان) هەەی گەورە گەورە بەرانبەر تاك و کمەگە و ئرگانە لەبەر یەکترازاوەکانیان دەکەن، تاد زیاتر و زرتر کەلنە لەیەکتر پچاوەکان دەکەن بە قەش و دابانی گەورەتر.

ئەم کارتلە بەرهەمهنەرانەی (ناکیی و نەزانیی) بەردەوامن لە سیاسەتکردن بە مانا خەەتنەر و فاویەکەی بەو شوەیەی کە خەك یا کمەگە لایەنکی (دژ) یا (بەرانبەر) ب و چەندە لە خشتەی بەرن و فی لبکەن ئەوەندە کارامەیان لە کاری سیاسییدا وەدیار

دەکەوێ، خەڵەتاندنی خەڵك لەوانەوە دەردەچێ کە (دژی گەل) ن و نەتەوە و کۆمەڵگە بەوە تێگەیشتوون چەندە لاێی کەی و بیگەوجێنی ئەوەندە باری سەر شانیی دژگەلەکان سووك دەبێ و لە بەرانبەر ئەم بوونەوەرە لاواز و لەرزەکە گەورە دەردەکەون.

خەڵەتاندن مێژوویەکی درێژی لە هزری سیاسەت و دەسەڵاتدا هەیە، دیماگۆگیەت* چەمك و ناوە دیارەکەی ئەم کەچەفتارییە سیاسیەیە کە تاوەکو ئێستا لە زۆربەی دنیا دەسەڵاتبازان پیادەی دەکەن و لای خۆشمان ڕۆژانە داهێنانی گەورە لەم هزرینە سیاسیە پاسیڤە بەدیدەکەین، هەڵپەرستیی لە بەڕێوەبردنی نۆرگزیانەی دەسەڵات و سیاسەت لەم هەرێمەی ئێمەدا ڕۆژك (پێشمەرگە) پیرۆز دەکا و بەو بوونەی دەچوێنێ کە ئایکۆنێکی هەرە پیرۆزە و ئینجا دەیبەنە پێشەوە بۆ پیاهەڵدان و پێداخوێندن و لیستی مووچە و ....تاد، و ڕۆژك (مامۆستا) وەك پشوودرێژێکی مێژوویی!! و هەروەها لە ستایشکردن و پێداهەڵدانێك کە هەر ئەوانن فێری هەموو شتێکمان دەکەن و وەاتەکەمان دەبەنە ئاستێکی پێشکەوتوو و ئینجا لە پاش و پێش و شوێنگۆکێی لیستی مووچەدا بە ئارەزووی خۆیان هەبەز و دابەزیان پێدەکەن، ڕۆژکیش (پۆلیس و کەسانی ئاسایش) دیسانەوە لە پیرۆزیی و پاراستنی نیشتمان و فەراهەمکردنی ئارامییدا، و ڕۆژکی تریش (کارمەندانی تەندروستی) لە دابینکردنی کەش و دۆخکی ساغ و بۆخەوش لە نەخۆشی هەم بۆ تاك و هەمیش بۆ کۆمەڵگە.
ئەم کەس و ئۆرگانانەی سەرەوە و هیتریش کە ناومان نەهێنان گشتیان پێکهێنەری گرنگن لە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی پتە و ساغدا و هەر هەموویان بەیەکەوە لەگەڵ یەك و بۆ یەکتر و لە نێو یەك لە کاردان و هیچیان توانای لێکەمکردنەوەی ئەوانی تری نیە و هیچیشیان بەسەر ئەوانی تریەوە نیە، چون لە کۆتاییدا هەموویان ئۆرگانی پێویستن بۆ پێکەوەنانی کۆمەڵگە بە جەستە و دەروون و ڕۆحێکی ساغ و زیندوو.

بەڵام ئەوەی سەیر و سەمەرەیە لە بەڕێوەبردنی ئەم ئۆرگانانە، ئۆرگانە بە نێو سیاسیە دەسەڵاتبەدەستەکەیە کە لە حزبی سیاسی و لە حکومەتی هەرێمدا خۆیمان بەردەوام پێدەناسێنێتەوە، ئەم کارتلە سیاسیە(کارتل بە مانا سەرمایەدارییەکەی نا بەڵکو بە وەزیفە مشەخۆریەکەی) ئەرکەکانی حکومەتکردن تا ئێستا نازانێ و ئەوەی کە دەشیخاتە ڕوو ئەنجامێکی لەسەر ڕێککەوتووی ئەندامانی کارتلە و خۆیان ڕازی دەکا نەك خەڵك بە گشتی، یا ئەوەتا ئەمڕۆ نازی گرووپێك یا دەستەیەك ڕا دەگرێ و زۆری تر تووڕە دەکا و بە پێی هەلومەرجە بازاڕیە ڕەشەکە فریودەرانە مامەڵە لەگەڵ توێژ و دەستەکان دەکات.

ئەم یاریە شەڕانگێزییە جۆرێکە لە دژکاریی دەروونی و تەنانەت جەستەیی و هەر جارەی بێ خۆشکردنی بەزمی دەروونپەرێشانە سیاسیەکانە و بە هۆیەوە یاری بە تواژگەل و دەستەی جیاجیا دەکەن، یا ئەوەی کە لە مەیدانی سیاسەتی نێو دەوڵەتی و هەرێمی دەیدۆڕێنن لە نمایشێکی دیماگۆگیدا (دەیخەنە) سەر خەڵك و (دەیگوازنەوە) دژخۆڵك وەك سەرکەوتن و پاڵەوانبازی نیشانیانی دەدەنەوە، ئەم جۆرە (ستراتیژ)انە نەستین چون نەزانانە هەڵفتاری سیاسیمان بێ دەردەخەن و پێیانوایە بەم فێڵبازی و لە خشتەبردنە خەڵك لادێ دەکەن و مەترسیەکانیان لە خۆیان دوور دەخەنەوە، ئەمە لە کاتێکدا لەسەر ئاستی کەسیی دەچنە چوارچێوەی ستراتیژی نەستیی دەروونی و هەم خۆیانی پێ ئازیدەکەن و هەمیش ئاستی گەشەی مەعریفی و کولتووری خۆیان بێ دەرەوەی خۆیان لە هەڵفتارەکانیانەوە نیشان دەدەن.

– (بیانووهێنانەوە-justification) دیارترینی ئەو میکانیزمە دەروونیانەیە کە دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمە بەردەوام لە بەرانبەر خەڵکی خۆیان دەیخەنە ڕوو، هەبەتە لە سایکۆلۆژیای قووڵایی دەروونشیکاری و میتۆدەکانی دیکەشدا بیانووهێنانەوە جۆرێکە لە بەرگریکردن لە (خۆ) لەبەرانبەر کەسێك یا کەسانێك لایەنەکەی تر هەڵفتارێك یا جوڵە یا هەڵوێستێکی هەڵەی گرتبێتە بەر و بیەوێ (خۆ)ی لە لێپرسینەوە ڕزگار بکا، ئەم فۆڕمە دەروونیە ڕاستیەکمان بێ دەردەخا کە بابەتێك لە ئارادایە وەك خۆی بە ڕاك و دروستی ڕوونادا و ناچێتە ڕوو.

لە عەقلیەتی دەسەڵاتخوازی ئەم کارتلە ئۆلیگارشیانەی لای خۆمان سیاسەتی بیانووهێنانەوە و پینەکردنی هەڵە و فۆڵەکانیان بووەتە بەشێك لە کولتووری سیاسیان و قەناعەتی ئەوەی لا دروستکردوون کە درکردن و بیانوو چەندە لێیان زیرەك بی ئەوەندە تەمەنی سیاسیت لەم کاولاشەی ناوی حکومەتی هەرێمە درێژتر دەبێتەوە.
– (میکانیزمی دژکار- aggression) یش لەو شێوازە بەرگریە دەروونیانەیە ئەوان دەیگرنە بەر بێ ئەوەی بێ دەرەوەی خۆیانی بسەلمێنن کە مەترسی جۆراو جۆر لە ئارادان هەر بۆیە کاتێك تووتیژی ئۆرگانیزەکراو زۆر دەبێ و فۆان و فیسار سزا دەدرێن لە پێناوی ڕاگرتنی ئارامیە و دژێکی گرنگتر هەیە لە دیموکراسی و ئازادی و سەربەستی ئەویش نێوی کوردایەتی یا کوردستانە هەر بۆیە بواڕەکان بە تووتیژی لە ژێر ناوی شەرعیەتی شۆشگێڕی و قەناغی ڕزگاری و ....تاد نێو زەد دەکەن.
– (گەڕانەوە و خۆدزینەوە) ش یەکێکی تڕە لەو میکانیزمە دەروونیە

بەرگریانەی دیسانەوە حکومەتی هەرێم و حزبەکان دەیگرنە بەر بۆ ئەوەی هێشی کەسەکان لە جیاتی ئەوەی بۆ زەمەنەکانی ئێستا و داهاتوو ببەن بەرەو ئابردوویەك کە تیایدا تەنها سۆز و نوزانەوە و سەردوولکە چالاکن و بەمەش دنیایەك خزمەت بە خێیان دەکەن چونکە مێگەل و نێرگەلی زۆر لە ئێستا دادەبڕن و بە ئابردوویەکی بەسەرچووی دوور بەهێشیان دەکەن یا هەمیشە هەوڵی بەرهەمهێنانەوەی ئەم ئابردووەیان دەدەنەوە، ئەم میکانیزمە هێگی لە کولتوورەکەماندا هەیە و ئەوان تەنها گیانی دەخەنەوە بەر.

– (لەبیرچوون) یش چالاکترین میکانیزمی دەروونیە هەم لای دەسەاتوانی کورد بە تایبەتی و هەمیش لای تاکی کورد بە گشتی، چون بیرچوونەوە پڕۆسێسکی عەقلیە جاری وا هەیە عەقڵ بۆ ئزگار بوون لە زانیاریە ناخۆش و زیانبەخشەکان پێیهەدەستێ و شێوازی پەروەردەی تاکەکان ئاڕ دەبینێ لە توانای تاکەکان بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم جۆرە زانیاریانە، جاری واش هەیە ئێرگانەکانی بە کۆمەایەتیبوون یا کولتووری کۆمەگە لە بواری بەرهەمهێنانی مەعریفەدا چالاك نیە و خەسڵەتێکی گشتی بەسەر کۆمەگە و تاکەکانیدا دەسەپێنێ بە هێیەوە یادگەیان لاواز دەبێ و یادەوەرییەکانی پێن لە زانیاری لە بیر دەچنەوە، ئەم جۆرەیان لای خێمان چالاکە و خزمەتێکی بێپایان بە دەسەاتخوازان دەکات.

هەموو ئەم میکانیزمانە لە دەسەاتی کوردی خۆمایدا ئاژانە بەکاردەبڕن و دووبارە دەبنەوە هەر بۆیە هەمیشە توێژەکانی مامێستا و پێشمەرگە و کارمەندانی تەندروستی و پۆلیس و فەرمانبەر و کارمەندانی بوارەکانی تر دەمێ دڕخۆشن و دەمێکیش تووڕە، دەمێ ئازین و دەمێکی تر ناڕازی، دەمێ دەوام دەکەن و دەمێ بایکۆت، دەمێ بەرچاون و دەمێ بزر، ئەم جۆرە مامەڵە فۆاویانە یاریەکی دیماگۆگیانەیە لە (دژ) کۆمەگە و تاکەکانیەتی نەك لە(خزمەت) یان.

سیاسەتی ئاستەقینە و دەروونی هاوسەنگی سیاسەتوان (خەك) بەو ئامانجە دەزانێ هەرچی هێکار هەیە دەبێ بیخاتە (خزمەت)ی نە (دژ)ی، دیبلۆماسیەت و سیاسەتی شەانگۆز لە دڕخە زیندەگیە کۆمەایەتیەتیە نا ئارامەکان دەردەکەون نەك بۆ هێنانە ئارای کۆمەگەیەك مافی هەرچی تاکەکانی هەیە بێتە دی، سیاسەتکردنی کوردی هەمان سیاسەتکردنی کەسێکە بە کەسێکی تر، هی گرووپێکە بە گرووپێکی تر، سیاسەتکردن لۆرە مانای (هەزیل و سوککردن) دەدا نەك ئیدارە و کارگێڕی. (فۆانە کەس و فیسارە توێژم سیاسەتکرد) واتە لە ئاز و شەوکەتم هێنایە خوار، ئەمە تێگەیشتنێکی شاراوەی سیمبوولیکیە دنیایەك مانا دەداتە دەست.

دەسەاتوانانی ئەم هەرێمە بەم هەفتار و هەوێستە ناسیاسیانەیان

پێماندەڵێن:-
• ئێمە ڕاسپێردراوین تا لایەك بە لایەکدا دەکەوێ لە شەڕی دەسەڵات و هەژموونی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی لەم نێوەدا تەنها خەمان بەڵێوەبەرین و هاوسەنگیەکانی شەڕەکانی بە وەکالەت ڕاگرین.
• پەروەردە و گەشەی مرۆیی هیچ گرنگییەکی لای ئێمە نیە بۆیە ڕابواردن بە زانکۆ و خوێندنی باڵا و پەروەردە و مامۆستایان یاریەکەمان بۆ خۆشتر دەکا.
• هەر ڕۆژەی تۆڕێك دێنینە پێش یا دەبەینە پاش جگە لە هەلومەرجی سیاسەتبازی خەمان و گونجانی پەیوەندییە بەرژەوەندخوازەکانمان چیتر نیە.
• خەڵکینە خۆتان مشەوەش مەکەن ئەوەی ئێمەی ڕاگرتووە باڵانسە هەرێمی و نێو دەوڵەتیەکانن نەك شان و شکۆی نەتەوەییمان.
• ئێمە هیچ ستراتیژێکمان نیە نێوی بنیاتنانی تاك و کەسی کوردی بۆ لە ڕووی دیموکراسی و مەعریفەی مەدەنیەوە، چون دەرکەوتنەوەمان ئەمجارە هەڵکەوت و داکەوتکی نێودەوڵەتی بوو نەك خەباتکی سیاسیی هاوسەنگ.
• ئێمە لە کەمپکی گەورەی ئینسانییدا دەیبەینە سەر و ئامانج نەشوانی سیاسەتی دەولییە، چیتر گوشاری بە سیاسییکردنیمان مەخەنە سەر و ناتوانین و ناشمانەوێ بیکەینە بارکی سیاسی.

---

*کان: کەمەڵە مرۆیە هەرە سەرەتاییەکانن کە لە دژی ئاژەڵە دڕندەکان یەکیان دەگرت.
*کارتێل: یەکگرتنی کەمەڵێك بەرهەمهێنن لە یەکێتیەکی هاوبەرژەوەندا.
*خۆ: خود.
*ئایدەویەت: لە ID ی فرۆیدەوە هاتووە، واتە ئەمباری غەریزەکان.
*دیماگۆگی: ساویلکە خەڵەتاندن.
*پاڵانێی: ئەو کەسە نەخشانەن هەمیشە وادەزانن ستەمیان لێکراوە، هەمیشە بە گومانن لە دەوروبەر.
*سایکۆپاس: کەسە دژە کۆمەڵایەتیەکانن.

(هەـە) و هەـەی شـرەتـدارـکی کورد!! … محەمەد تەها حوسـن

هەـەکردن نەك هەر بەتەنها ـاستیەکی بیـلـژیکی و فیزیکیە، بەـکو زـر لەوانە زیاتر ـاستیەکی سایکـلـژی و پەروەردەیی و ئینجا دوای هەموو ئەمانە زانستیە، زـر جار هەـەکردن بەدەرە لە کردەیەکی ئینسانی، یا بە مانایەکی تر بەدەرە لەوەی بکەرەکەی مرـقـك بـ، لەم جـرە هەـەکردنانەدا جوـە و داینامیکیەتی بوون و گەردوون لە جەدەلیەتی ماتریاـی خـیاندا تـیدەکەون، هەر بـیە هەـە یەکـکە لە دوانە راستەقینەکانی لە جووـە دەکەونەوە جا چ جوـەکانی مرـق یا جووـە گەردوونیە هەمە جـرەکان.
ئـمە لە سایکـلـژیا و لە میتـدە جوداجوداکانیدا و بەتایبەت لە ـەفتارگەریدا و وردتر لە تیـریزەکردنی پەروەردە و فـربووندا پرنسـیپـکی گرنگمـان هەیـە بـە پرنسـیپەکەی تـرنـدایكThorndike (ئـدوارد لی تـرندایك1874-1949) ناسراوە پـیدەـن(فـربوون لە ـگەی هەو و هەـە، بە پـی ئەم تیـرە هەـەکردن بەدەر نیە لە هەوـگەلـك بـ فـربوونی بابەتـك یا کردەیەکی دیاریکراو.
هەـە لە کوـدا مەترسیدارە؟ لەو ساتانەی یا لە گەرمەی ئەو هەوـانەی کە بەرەو ناسین و زانینی شتـك یا بابەتـکمان دەبەن و کەسەکە یا ئـرگانەکە بەردەوام و لەگـ ـیشتنی زەمەنیش هەمان هەـە دووبارە دەکاتەوە و نەیتوانیوە ئەم هەوـانە بە هەـە بناسـ و وردە وردە لەبیریان بکات و لە هەوـی دیکەدا ـاستر بجوـتەوە.

کـشە هەرە ئـرگانیکیەکەی کولـتووری ئـمە تا ئـستا ئەوەیە هەر لەسەر هەـە بەردەوامە و هەمیشەش لە فـم و گەوهەری هەمە شـوەدا دایدەـنـتەوە ، سەرەکیترین ئەرکی کولـتوور تا ئـستا بە تـگەیشتنە ئەکادیمیەکەشی (گـیـنی مرـقـە بـ ئینسان) واتە مرـق وەك هەبوویەکی بیـلـژیکی بـ ئینسان وەك بوونـکی مەعنەوی بـا و هەـگری ئـردەر و ـکخراوـکی هـشمەند.
لەوەش کـشەتر ئەوەیە کاراکتەرە بەناو و دەنگەکانی نـو کولـتووری خـمان بەتایبەتتر ئەوانەی هیچ گـ بە بیرکردنەوە سیستماتیك و ئەکادیمیکیەکان نادەن و لەوەتەی بوونەتە دەنگـکی بیستراو لە سـنگەی گـی ئەکادیمیەوە تەقە لە هزری ئەکادیمی دەکەن و ئینجا لەگـ ئەوەش موریـد و دەروـشـکی زـریان لەخـیان ئـاندووە، بە زەقی دەکەونە هەـەی ئەوتـوە کە بە پـوەرە هەرە کلاسیکە زانستیەکان

مایەی شەرمەزارین بۆ کولتوور و ئەم جۆرە بەرهەمهاتوانەیان.
بە پێی ئەم تێگەیشتنە لە لۆژیکی هەڵە و ڕاستیی یا هەوێ و هەڵە، هەڵە کردەیەکی خەڵلاق و خولقێنەرە بەڵام تا ئەو ئاستەی بیرکەرەوە یا فڕۆخواز ئەوەندەی بەسەردا نەچێتەوە و لە ساتە وەختی داکەوتوودا هەنگاوە ڕاستیەکان بۆ تێگەیشتن و زانین و ناسین بهاوێت و بە تێپەڕینی کات پەی بە فێمە نوێیەکەی فڕبوون ببات.

ئەگەر مشکێك یا پشیلەیەك لە ئەزموونەکانی تۆرندایك سات دوای سات هەڵەکانی کەمکاتەوە و سەرەنجام فێری ئەوە بێت لە هەڵوێستە زەحمەتەکان خۆی قوتار کات، ئەگەر سەگێك لە ئەزموونی بافلۆفدا سات دوای سات فێری ئەوە بۆ زەنگ مانای خواردن و دواتریش مانای تەزووی کارەبایە، ئەگەر کۆترێك لە تاقیکردنەوەکانی بۆرهیف سکینەردا سات دوای سات فێری ئەوە بۆ سەر و دەنووکی لە ئاستی خواردنەکە بۆ سەر و خوار ببزوێنێ، ئەگەر مەیمونێك لە ئەزموونی کۆهلەردا فێری ئەوە بۆ ئەگەر دارێك لە یەکێکی تر هەڵکێشێ ئەوا دەستی بە مۆزەکە دەگات، ئەی بۆچی مرۆڤ یا کۆمەڵکەی وا هەیە تا هەیە و تا دەشمێنێ بە هەمان ڕێچکەدا دەڕوات و هەمیشەش سەری بەر هەمان بەرد و بەر هەمان کارەسات دەکەوێتەوە؟.

ئەم ڕاستیە چەندە پەیوەستە بە هزرینی هەڵەوە زۆر لەوە زیاتر پەیوەستە بە نەپەڕینەوەی مرۆڤ بۆ بەرە چالاکەکەی بوون کە لۆژیك و پرنسیپی ململانێ یا ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ سرووشت، سرووشت تا دنیا و تا ژیان هەیە لە کاریگەری و بایەخی بەسەر بوونی مرۆڤ وەك بوونەوەری بێلۆژیکی و وەك بوونە عەقلانیەکەی کەم نابێتەوە، لە هاوکێشەکانی ژیان و مانەوەدا هەمیشە سرووشت بە قورسایی خۆی ئامادەیە و هەرگیزیش (کردە) نیە مرۆڤ تیایدا سرووشت ببەزێنێ یا تێپەڕێنێ، لە ئەنتۆلۆژیا(بوونزانی یا بوونناسی) ی ململانێدا هیچ کاتێك ئەمە چاوەڕێی بەزینی یەکێك لە مرۆڤ و سرووشت لەسەر دەست و توانای یەکتر ناکەین، لە ململانێدا دانانی شوێن پەنجە یا کاریگەری هەر یەکەیان لەسەر ئەوەی تریان بۆ ئەمەی بیرکەرەوە گرنگە.

کە مرۆڤ هۆشی بەوە شکا ئیدی با چیتر بە هەواو هەوەسی سرووشت نەجوڵتەوە مانای ئەوە نیە سرووشت جێدەهێڵێت و چیتر لە پەیوەندیدا نامێنێتەوە لەگەڵیدا، بەڵکو مانای ئەوەیە ئیدی منیش دەرکەوت و دیاردەیەکی سرووشتم و هەنگاو بە هەنگاو و سات بەسات کاریگەری میکانیزمە هەرە بەهێزەکەی خۆم کە(عەقڵ) ە لە جۆگەی (هەڵچوون و سۆز و پەرچەکرداری میکانیکیانە) دادەنێم و بۆ ئەو چەمکەی نێوی شارستانیەت یا مەدەنییەتە دنیایەکی تایبەت بە خۆم

دەسازێنم.
لە زنجیرەیەك لە زنجیرەكانی چاوپێكەتنێكدا و لە وەڵامی ئەوەی كە مرۆڤ هەردەم توانای ئەوەی هەیە ئومێدەوار بێ بە قودرەتەكانی خۆی، لە دەمی ڕوونبێژێكی ئەم هەڵمەم بیست كە ماوەی زیاتر لە بیست ساڵێكە لە ئەوروپایە بەوەی جەنابیان سەیری ئینسان ناكا وەك كائینێك هەر بە سروشتەوە بەستراوەتەوە، ئەو دەیووت ئێمە چیتر بوونەوەرێكی سروشتی نین تاوەكو سروشت تاوانبار بكەین، ئەو درۆژەی دەدایێ و دەیووت مرۆڤ لە سروشتەوە دانداپەتی بێ نەماوەتەوە.
هەرچی لە پێشەكی ئەم ئەقەیە لە چاوپێكەوتنەكەی ئەم بەڕێزە وترا و منیش لەم پەرەگرافەی پێشودا نووسیمەوە ئای ئەم ڕوونبێژە بوون، و تا كۆتایی و لە پچڕپچڕیەكی مەعریفیشدا نەیدەتوانی بیانوو یا ئارگیومێنتی زانستی بێ ئەم ڕایە بنەتەوە، قسەكردنی لەم جۆرە لای ئەم تەرزە خوێندەوارە بە ناو و دەنگە تەنها بێ جوانكاری ێستە و ڕێكخستنی وشە بە دوایەكەكانە و ئینشائیانە دەكەونە بەرەوی گوتارێكی شێواوی فەنتەمێنتالیەوە.

• بە چی بەگەیەك دابڕانی مرۆڤ لە سروشت دەسەلمێ ئەی پیاوە خوێندەوارە شارەتدارەكە؟
• بە چی بەگەیەك مرۆڤی ئێمە چیتر بوونەوەرێكی سروشتی نیە؟
• بە چی بەگەیەك دەیسەلمێنی كە شانگزی كە ئەو بە هەڵە بە(دانەدەیی) درکاندی بەشێك نیە لە سروشتی مرۆڤ و تەنها بەرهەمهاتوویەكی كولتوور و زانینی مرۆڤەكانە؟
• بە چی بەگەیەك دەیسەلمێنی كە سروشت چیتر سەرچاوەیەك نیە بێ خەسڵەت و سیفەتە هەم ناوەكیەكانی و هەم دەرەكیەكانی و هەم جەستەیی و جوولەیی و كارامەییەكانی هەی پیاوە خوێندەوارە شارەتدار و حەزكردوو لە ناوودەنگەكە؟

ئەمانە ناسەلمێن برالە، چون كاریگەری سروشت بە مانا ماتریالیەكەیەوە ڕاستەوخۆ بەسەر بیركردنەوەی مرۆڤ ڕەنگدەداتەوە و خودی دیاردە هزری و عەقلیەكان هەڵبژاردەی سروشتین و ئەوەی مرۆڤی مۆدێرن و عەقلانی لە ئاژەڵەكانی تر جیادەكاتەوە تەنها پەرینەوەیەتی لە بەری هاوڕێبوون و ڕێكردنی كۆرانە لەگەڵ سروشت بێ بەری ململانێ لەگەڵ كردن و سازكردنی ژینگەكانی لە فێمە فیتریە خواكردەكەی بێ فێمە عەقلیە خڕكردەكەیەوە.
لە سروشتی ڕەق و تەق و شل و هەمیدا بوونێك دیار نیە لە خودی مرۆڤكی دیاریكراودا بەرجەستە بێ، ئەوەی هەبووە و هەیە بوونكی

بۆکۆتای گەردوونیی ئەودیو نەزانراوە، بەڵام کە خودی مرۆڤ خۆی لەم سروشتە دەناسێ ئەوە ئەو کاتەیە کە توانای بەسەر گۆڕینی سروشت دەشکێ لە فۆرمێکەوە بۆ یەکێکی تر کە عەقڵ مۆری خۆی لەسەر دەنەخشێنێ.

شەڕانگێزیی کە جەنابیان بە (دێندەیی) درکاندی دیاردەیەکی هەڤتاری زیانبەخشە پەیوەستە بە جولەی پەرچەکرداریی ئەوتۆ ڕاستەوخۆ پشت بە هێزی فیزیکی دەبەستێ و توانا عەقلیەکان لەو جۆرە ڕووبەڕووبوونەوانەدا نابیرنرێن، سروشتی مانەوەی مرۆڤ مانای بەکاربردنی بەردەوامی ئەو مرۆڤە بۆ هێزە فیزیکیەکانی خۆی نەك ئەو هێزانەی کە زادەی بەرخوردی هوشیارانەی عەقڵن لەگەڵ هەبووەکانی دەوروبەردا.

مرۆڤی مۆدێرن چاوەڕێی ئەوە ناکا سروشت بە مانا (خاوەکەی)!! دنیای بۆ بسازێنێ، بەڵکو هەمیشە بوونە چالاکەکەی خۆی کە لە هەشیەوە هێز وەردەگرێ لەم سروشتە دەسەلمێنێ و دەریدەخا.
شەڕانگێزی بەشێکە لە پێکهاتە سایکۆلۆژیەکانی مرۆڤ و لە بوونی ئەم بوونەوەرەدا ڕەگێکی هەم سروشتی و هەم کۆمەڵایەتی و هەمیش کولتووری هەیە، مرۆڤی عاقڵ هەروەك فۆید و مازڵۆ و پێش ئەوانیش داروین و دیکارت و و زۆر بەر لەوانەش هیبۆکرات سوکرات و...تاد قسە و باسیان لەسەری هەبووە توانای ئەوەی هەیە ئەم غەریزەی بە قەولی شارەتدارەکە(دێندەیی)ە بە ئاراستەی دیدا بەرێ و کون و کەلەبەری دیکەی بۆ بکاتەوە نەوەك بە تەواوی لە بەینی بەرێ، هەبەتە لاڕێکردنی شەڕانگێزی کردەیەکی عەقلانیە و هەوڵی ئینسانە بۆ نەهێشتنی بوار نەوەکا بە ڕووی مرۆڤ خۆیدا بتەقێتەوە.

ئەوەی لێرە ماوە دوا ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە برای شارەتدار پێیوابوو مرۆڤی خۆشمان چیدی بەشێك نیە لە سروشت و ناتوانین سروشت تاوانبار بکەین لە دێندایەتی ئەودا، هەبەتە سروشت بوونێکی ئیرادەوی نیە بۆ ئەوەی لەسەر جۆڕە و بزێوەکانی تەمەت و تاوانی بخرێتە پاڵ، ئەوەی هەیە بوونە مرۆڤیە کوردیەکەی خۆمانە کە تا ئێستاش نەپەیوەتەوە بەری ململانێ لەگەڵ سروشت و زۆر کەم توانیویەتی کاریگەری عەقڵی خۆی بەسەر سروشتی فیزیکی و ماتریاڵیەوە جێبهێڵێ.

- کوا شۆڕن کاریگەری فیکریی کوردی بەسەر سروشتی مادی دەوروبەرماندا؟
- کوا شۆڕنەواری فیکری کوردی بەسەر بەرهەمهاتووە کەرەستەییەکانی

بازاڕە جڕاوجڕەکانمان هەروەك ریژی دەبڕ دەڕۆ؟
• کوا فۆڕمی کوردانەی فیکر بە ئەدەبی و هونەری و زانستی و تەنانەت میتۆلۆژیشەوە؟
• کوا بەرهەمی عەقلی کوردی لە سیاسەت و دیبلۆماسیەت و سۆسیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا و ....تاد؟
• کوا مۆدێلی کوردیی لە ژیانسازی و شارسازی و دەوڵەتسازی و.....تاد یدا؟

ئەمانە کە پێشتر لە وتار و کتێبی جیاجیامدا قسەم لەسەریان هەبووە بووونە پەرچەکرداریە کوردیەکەمان دەسەلمێنن و بەو بڕا شڕەتداڕەشمان دەڕۆن: ئێمە تا ئێستا لە ژێر باڵی بووونە سروشتیە سەرەتاییە فیزیکیەکەداین و ئەو کاتە بووونێکی ترین کە مۆرکی کوردیمان بۆ نەخشەی ژیانسازی لەسەر جیهان سازاند.

سایکۆلۆژیا و ژیان ... محەمەد تەها حوسێن

سایکۆلۆژیا هەمیشە ئیشی بۆ هێنانە ئارای شادی و کامەرانی مرۆڤ کردووە، سایکۆلۆژیستێك نیە تیۆریزەی مەرگەسات و باڵاکردنی بەهاکانی نەمان و مردنی کردبێ، ئەوان لەیەکتر جیا بوون، هەر یەکە بە ڕۆچکەیەك و بە زمان و شێواز و ستراتیژێك کەوتوونەتە ڕێ بۆ ئەوەی سەرەنجام بگەن بەو مرۆڤەی تەواو وریا و بە ئاگایە لە خۆی و دەرەوەی خۆی.

حیکمەتی سایکۆلۆژیا لەوەدایە مرۆڤ دەخاتە بەر مەددی نەزەری خۆی بۆ ئەوەی لە دوا فۆڕم و گەوهەری دەوڵەمەندیدا هەم کەس و هەم مرۆڤستانیش بخاتە نێو کەش یا فەزایەکی دەروونیەوە هەموومان تیایدا ئاسوودە و هاوسەنگ ماناکانی ژیان لێکبدەینەوە و بەردەوامیش بین لە دۆزینەوەی ئەو مانایانەی هێواش هێواش و بە ئارامیی هێش و زەین و عەقڵ پێیان دەگا.

لە سایکۆلۆژیادا (ژیان) بەڵام ژیانێکی ئارام بابەتی مرۆڤێکی هاوسەنگ و ژیاندۆستە، باسکردنی مردن و ڕووە هەرە دزێوەکانی

شەانگەزی و توخزینەوە لەسەر توخزینەوە لەسەر کردنیان هەر بە مەبەستی گەیشتنە بەو ژیانەی هەموومان مافکی سرووشتی خەمانە بیژیەین، سایکلۆژیا و کەسە دیارەکانی ئەم مەیدانە هەمیشە لە دوای ئەم دەریچانە وەن کە لێیانەوە تروسکایی ژیان بەردەمی هەموو مرۆڤك ڕوناك دەکاتەوە بۆ ئەوەی ئەم ماوە کورتە چۆژی هەم ساتەوەختی و هەمیش هەمیشەیی و عەقلانی وەرگرێت.

هەن لە سایکلۆژیستەکان لە تاریکیدا وەی ڕوناکین، چون پێیانوایە بە کەمکردنەوەی جوگرافیای تاریکی سەرزەمینە ڕوناکەکان زیاتر دەدرەوشێنەوە و پانتاییەکانیان زۆرتر دەکشێن، هەشن لە ڕوناکیدا شەی تاریکی دەکەن و تا پێیان بکرێ تیشك دەخەنە سەر نوتەك و جەنگەە نەبیناوەکانی خودی مرۆق، هی واشمان هەیە لە هەردوو ڕووە تاریك و ڕوناکەکەی ژیان و دەروونی تاکەکان دەکەتەوە بۆ ئەوەی جەدەلیەتی پەیوەندی نێوانیان بخاتە خزمەتی خودی (ژیان) ەوە، چون ژیان لە کۆتاییهێنان بە تاریکی دەست پێناکا بە قەد ئەوەی ئیشکردنە بۆ ناسینی کونجە تاریکەکان و دڵزینەوەی ژینگەیەکە بۆ ڕوناکی تیایاندا، سایکلۆژیا و سایکلۆژیستەکان ویستوویانە و دەشیانەوێ لە ڕوناکیدا ئیش لە تاریکی بکەین نەوەك (لە تاریکاییەکاندا ئومێد بۆ ڕوناکایی بخوازین).

هیچ یەك لە سایکلۆژیستەکان لە هیچ هەلومەرجکی کەمەایەتی و سیاسی و کولتووری و ئابووریدا تێریزە و تەمجیدی شەێ و شەانگەزیان نەکردووە و نەیانویستووە بە سەرە قەەمکیش دنەی تاکێك یا کەمەگەیەك بدەن تاوەکو ەفتارگەلێك ئەنجامدەن وڕانسازی ژیانی لێ بکەوێتەوە. نووسەر و بیرمەندی گەورە لە مێژودا هەبوون و بە قسە و نووسین و ا و بچوونەکانیان کارەسات و مەرگەساتی گەورەیان بەسەر مرۆق و مرۆقستاندا هێنا، ئەوان وەك ئایکۆنی پیرۆز یا پیرۆزکراو تەماشایان کرا و هەرچی وتیان لای سادەلەوحەکان بە سیاسەتمەدار و کەسانی خاوەن پێگەی جەماوەری و کەمەایەتی و ئاینیەوە نائاگا و نا هوشیارانە لێکدرایەوە و دواتر بە هەگیرساندنی جەنگ و مەرگەساتەکان ژیانیان لە ملیۆنان مرۆقی ئارەزوومەند بۆ ژیان سەندەوە.

لە سایکلۆژیادا هیچ ڕچکە و ڕبازێك بە تەنها نەگەیشتە مرۆقە ئایدیاێ و سووپەرەکە، هەر یەکەیان یەخەی لایەنێك لە کەستی ئەویان گرتووە و دواتر بە هەموویان توانیویانە وێنەی مرۆقکی هاوسەنگ و ساغمان بۆ بکێشن، ئەم هەوڵە لەیەکتر جودایانە چوونەتە خزمەت عەقلیەتکی هاوکارانە و تەباوە و ئەوەمان پێدەێ کە ئەو زانستە

هەرچی زناکانی خۆی هەیە بە شێوەیەك لە خۆی ئاگاندووە بە گیانی هاوکاری و دەستەجەمعیەوە ئیش بکەن و ئەنجامی بیرکردنەوەی یەکتر نەسڕنەوە. ڕاستە هەر یەکەیان یا هەر ڕێچکەیان ڕەخنەی ئەوانی تری کردووە و دەکا بەڵام نایانسڕێتە و بە پووچ و بێمانایان نازانێ.
بۆرهیف سکینەر و کارڵ ماجەرز و ئەبراهام مازلۆ و لیو فستنگەر و سۆلیقان و بەر لەوانیش سیگمۆند فرۆید و ئینجا هێربەرت مارکۆزە و چەپە فرۆیدیەکانی تری وەك فرۆم و جیزا ڕۆهایم و کارڵ ئەبراهام و هیتری ئەم دواییانەش وەك فیکتۆر فرانکل و ڕۆلۆ مەی زۆری تریش هەموو ئەمانە بە هێنانە ئارای کەس و کۆمەڵگەی ئارام و هاوسەنگ لە ژیانێکی ئاسوودەدا کۆشایان.

هەر کتێب و توێژینەوەیەکی ئێریك فرۆم بگرێ ڕا و ڕوانینی بۆ ژیان و سازاندنی ژیان لە کەش و فەزای ئاسوودە تیایە، ئەو قسەی لەسەر ئومێد و ئازادی و خۆشەویستی و گۆگرتن و کۆمەڵگەی ساغ و مرۆڤکی بە خۆهوشیارە و سایکۆلۆژیای بردە نێو نوتەکەکانی سیاسەت و ئابووری و پێیوابوو ئەم ژینگەیەی ئەوسا و ئێستا بۆ ژیان سازگار نیە و مرۆڤی هەڵپەرست و خۆپەرست و دواتر نامۆ بۆ کۆمەڵگەکان دەخاتەوە، ئەم بیرکردنەوەیەی بە ڕەخنەکردنی کارڵ مارکس و سیگمۆند فرۆید و پێشتر بە سەرسامبوون پێیان گەیاندە کرد.
بەڕام سکینەر وێنەی دنیایەکی وڕانی نیشاندایین بۆ ئەوەی لە ڕەفتاری هاوسەنگ و پێزانتیقترەوە ژینگە لە وروژێنەرە شەخوازەکان پاککەینەوە، ئەو هەمیشە دەیووت سازاندنی ژینگە پەیوەستە بە ئەنجامی ڕەفتارەکانی مرۆڤ و ئەو ژینگەیەی ئەوسا ئەو تیایدا دەژیا ئاماژەی مەترسیداری لێ دەخوێندەوە و پێشبینی کاولکاریەکی گەورەی لە ژیانی مرۆقایەتیدا دەکرد.

کارڵ ماجەرزیش هەوڵی زۆری هەبوو لە بڕاندنەوەی جەنگ و شەڕەکانی نێوان کاتۆلیك و پڕۆتستانتەکان لە ئێرلاند و چووەتە باشووری ئەفریقا بۆ ڕاڤین بینین لە نەهێشتنی ئاپارتاید و نەژادپەرستی، هەروەها چووەتە مۆسکۆی زەمانی شورەوی بۆ سنوور دانان لەبەردەم پێشبڕکێی چەك و ئەتۆمسازی، دواتر ماجەرز پڕۆژەی سوێحی قیەننای لە ساڵی (1985) واتە دوو ساڵ بەر لە مردنی پێشنیاز کرد و لەکاتی بەستنی (40) لە سەرکردەکانی دنیا لە (13) وڵات بەشدار بوون، ئەو دەیویست لەو گردبوونەوەیەدا پەیامی ئاشتی و ئارامی و ئاسوودەییان لە ڕوانگەی سایکۆلۆژیاوە بگەیەنێتێ.

سایکۆلۆژیستەکانی تریش کە ناومان بردن وەك سیگمۆند فرۆید لە وەڵامی نامەیەکی ئەنشتایندا بۆچوونی سایکۆلۆژیست و ڕۆبازێکی

دەروونشیکاریی لە بارەی جەنگ و هەفتاری شەڕانگێزی و مەرگدۆستی مرۆڤ خستە ڕوو و بەمەش دەریچەی زانستی ئاشکرای بۆ دەرباز بوون لە زیانەکانی مەرگدۆستی گەیاندە دنیا، ئەو زۆری لەسەر جەنگ و شەڕانگێزی نووسی و گووت، ڕوونترین ئامانجەکانی ئەو هەروەك لە پێشتریشدا نووسیومە گەیشتن بوو بە مرۆڤکی عاقڵ لە ڕێگەی میکانیزمی جیاجیاوە، لای ئەو مەدەنیەت و شارستانیەت بە زاڵبوون بەسەر نارسیزمی تاکەکانەوە دێتە ئارا، ئەو دەیویست لە سەرچاوەکانی ئازارەوە ئازارەکانی مرۆڤ بنبڕ بکا، ئەمەشی لە ئیگۆیەکی عاقڵ و هاوسەنگ و ڕێکخراو و دادپەروەردا دەبینی.

چیتر بە شان و باڵی سایکۆلۆژیا هەنادەم چون هەر ئەوان خۆیان و کار و کردار و نووسین و گوتنەکانیان دەبن بە مانیفێستۆ بۆ ئەو ژیانەی هەموو ژیاندۆستێك لە ناخی خۆیدا ئومێدی بۆ دەخوازێ.

وەکیەکەکان هەرگیز ڕێکناکەون!! … محەمەد تەها حوسێن

هێزە کوردیەکان بە نموونە…..

بونیادی سایکۆلۆژی تاك و کۆمەڵگەی کوردی لەم هەرێمەی خۆمان بە یەك شێوە پەروەردەی کۆمەڵایەتی تراديسيۆنی(دابونەریت) و یەك شێوە پەروەردەی ئاینی و یەك جۆرە پەروەردەی سیاسی تێپەڕیوە، خەسڵەتە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی کۆمەڵگەکەمان ڕوو و گەوهەرکی کۆگەری collectivity هەیە و لەوەتەی هەین لە ڕێگەی ئێرگانە کۆمەڵایەتیە بۆ سەروبەرەکانمانەوە هەر بەو گیانە پەروەردە دەکرێین.
(وەهمی هێز لە کۆدایە و بە تەنها دەرەقەتی هیچ نایەین)، شەپۆلەی تووشی کۆمەڵگە کردووە و نەیهێشتووە تاك بە (سەدە) چەند هەنگاوێك بچێتە پێش، چەمکەکانی (یەکەهەنگ) و (یەکدەنگ) و (یەکدەست) و یەك……تاد هەناوی کۆی کرمکردووە و کردوویەتی بە جانەوەرکی ترسنۆکی ئەوتۆ هەمیشە لەبەرانبەر هەر مەترسیەك ڕەویوەتەوە و لەم کۆڕەفتاری ڕەوینەوەیەش (کۆ) عەقڵی لەدەست داوە و بە هێزی سڵز و هەڵچوون جووڵاوەتەوە.

هەموو ئەو ئیمپراتۆرییانەی ڕووبەری گەورە گەورە و فراوانیشیان لەسەر زەمینی خەڵکی تر داگیرکرد بەم ستراتیژە دەرووبەرییە هەرشیان بردووە و کاتێ شکستیشیان هێناوە لەسەرەوەڵا هەرەسیان هێناوە و هەڵوەشاونەتەوە و خۆیان بە هیچ نەگرتەوە.
ئێمە هەموومان پێکدەچین و پێکهاتەی دەرووبەرمان بە کاریگەری ئەم ستراتیژە دەرووبەرییە هەمەکیانە داڕژراوە و سرووشتی گەشەی دەرووبەر و کەمەڵایەتیمان بە ڕادەیەکی تراجیدیانە تێپەڕبوون، کەمەڵگەی ئێمە تاکەکانی بۆ ئازادبوون پەروەردە نەکردووە بەقەدەر ئەوەی بە وەعیەوە بۆ دیلبوون و دەستەپاچەبوون ئامادەی کردوون، (خۆنەبوون) و (تاکنەبوون) ی تاکی ئەم سەرزەمینە بەستراوەی باوەڕنەهێنانە بە جیاوازی و لەیەک جوودابوون و گرتنەبەری ونبوونە لەنێو کۆ.

هێزەرگرتن لە کۆ تاکێکی تۆقیوی بۆ هێناوینەتە ئارا ئەگەر هاتوو لەم کێڵگەیە دابڕا ئەوا گورگە مرۆییەکان دەیخۆن و ڕۆی مەبوونی خۆی پیادە دەکا، ئێمە مێگەل و نێرگەلین و تاک تاک ئەگەر لەیەکتریش جیا بین لە ڕووە بێڵڕۆیکی و مەرفەڵڕۆیکی و سایکۆڵۆژیکییەوە ئەوا بەم جیاوازیانەی خۆمان نەزانیوە و هەرگیز نەمانهێشتووە توانا جوداکانمان بۆ یەکتر دەرکەون لەو تێگەیشتنە هەڵەی گوایا بە جیابوونمان لە یەکتر گورگ دەمانخوا و ئاسان دەبینە پاروویی ئەوانی تر.

لەم کێگەراییە ناهوشیارانەی خۆمان جیاوازیەکان هەمیشە ونبوون چون پێمانوابووە بە تەنها هیچ نین، خۆ ئەگەر بە کۆ لە هەوێگەڵکیشدا ئاسان سەرکەوتبین ئەوا ئاسانتر شکستمان هێناوە کاتێک ڕووبەڕووی مەترسی و هەڕەشەیەکیش بووبینەتەوە. یەکبوونی هوشیارانەی جووداکان هێز بە تاک و کەمەڵگە دەبەخشێ نەک یەکبوون لە سۆنگەی وەک یەکی و یەکەنگی و یەکدەنگییەوە، وەکیەکی ستراتیژیکی مەبوون و قاز و قەلەمون(عەلیشیش) بوونە ئەوانەن یەک ڕەنگ و یەکدەنگن، ئەم ستراتیژە بۆ هەزار ساڵ پێش ئێستا باش بوو، چون مرۆڤیش ئەوسەردەم ئاژەڵێکی دیکە بوو و بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاژەڵانی دی پێویستی بەم خۆ بەیەکتر بەهێزکردن و گردبوونەوەیە بوو. بەڵام لەم زەمەنەی ئێستادا هوشیاربوونەوە بە ستراتیژی عەقڵسالاری پێویستی بەوەیە عەقڵی هەر یەکە لە تاکەکان بجەڕێن بۆ ئەوەی توانا تاکیەکان دەرکەون تاوەکو هوشیارانە نرخی تاک و دواتر نرخی کەمەڵگە و نەتەوە و دەوڵەت و ...تاد بزانین، گردبوونەوەی جوداکان هێزی جیاجیا دروست دەکا، کەمەڵگەیەک لە جوداکان هێزمەنترە لە

وەکیەکەکان.
گوتاری سیاسی و حزبی کوردی ئەم هەرەمە لە گوتارە پەرش و بڵاوە کەمەایەتیە تراديسیۆنیەکەی جودا نیە، حزبەکان هیچیان لەیەکتر جوودا نین چون لە کوردەواری خەماندا هەموو خەزانەکان لەیەکتر دەچن و تاکەکانیش لەیەك ماشێنی مرۆڤسازی پەروەردە و ئەخلاق فێربوون و هەر بۆیەش بوونیادی سایکۆلۆژی تاکەکان وەامدەرەوەی ئەم ژینگە دەروونکەمەایەتیە نەگۆە دەبن.

حزب و ڕێکخراوەکان لەوەتەی هەن ناکۆکن و بە جۆری جیاجیا لەیەکتر لە بۆسەدان و سەنگەر لەیەکتر دەگرن، هۆکاری سەرەکی ئەم ناکۆکیە درۆژخایەنە وەکیەکی خۆیانە، چون لە وەکیەکیدا بەرژەوەندیەکانیش وەك یەك دەبن و هەموو ئەو شت و بابەتانەی لەسەری ناکۆکن وەك یەکن بۆیە بەردەوام دژی یەکترن و تا هەتایەش بەم هەلومەرجە ڕێکناکەون، هەریەك لەم حزبانە ئەگەر خۆی پێ لەوانی تر پێشکەوتووخواز و مۆدێرنتر و دێموکراتتر و دێسەزتر و .....تاد ە ئەوا کورد وتەنی با هەر بۆ خۆی بڕۆێ. لە جیاوازبوون لە یەکتریدا ڕوانینەکان لەیەکتر جوودان و تێگەشتن و بیرکردنەوەکان هەمەڕەنگ و دەنگن و هەربۆیەش بەرژەوەندیەکان جودا دەبن، ئەوسا هەریەکە بە ئاراستەیەك بیردەکاتەوە و بە شێوەیەك دەدوێ و لەو دۆخەشدا گفتوگۆ دێتە ئارا و دیموکراسی وەك پێویستیەکی دەستلێبەرنەبوو تادێ گەشە دەکا و دەچەسپێ، ئەم دەنگە لەیەکتر جووداینە وەك کۆاڵێکی موزیك وایە دنیایەك ئەنستۆمێنت(ئالەت) ی جیا یەك دەنگمان دەخاتە بەرگوێ.

لەوەتەی هۆزگەلی حزبی جیاجیا لەم هەرەمە هەن ئەو ئەمیان بە ناتەرەی جیاجیا تەمەتبار دەکاو هەریەکە خۆی کردۆتە خاوەنی حەقیقەت و پێیوایە ئەوانی تر ناپاك و ناڕاست و خوار و خێچن، ئەم بینینە جیاوازە بۆ یەکتر لە جیاوازیان لەگەڵ یەکتر نەهاتووە بەقەد ئەوەی لەوەکیەکیانەوە سەرچاوەی گرتووە، وەك یەکەکان هەموویان حەزیان لە پارەیە، هەموویان حەزیان لە نەوتە، گشتیان بۆیان بلوێ ئەوانی تر لەبەین دەبەن، هەموویان حەزیان لە خواستە غەریزیەکانی (ئاید) ە و بۆ ئەم حەزە نۆرگزیە دەمەکیانەشیان یاسا و پێوەری وەکیەك ساز دەکەن و ناوی دەنێن (ویژدان) یا سووپەرئیگۆی کولتووری.

پێکهاتەی سایکۆکولتووری حزبی ئەم سەرزەمینە سەدا سەد پەیوەستن بە یەك هیرارکیەتی دەسەڵاتەوە، هیچیان چوارچێوەی مەعریفی و هزریان لەوانی تر جودا نیە، هەموویان لەیەك سەرچاوە خواردوویانەتەوە و هەربۆیەش کەس نابێ بە فەیلەسووف لەسەر ئەوی تر و هیچ حزبێکیش

نابێ به هەڵگری حەقیقەتی ژەها و پاك و بێگەرد.
لە خێزانێکدا برایەك حزبی (س) و یەکێکی تریان(ش) و یەکێکیشیان (گ) وئەوەی تریان(ن)ە و خوشکێکیش(ێ) و یەکێکیان(ك) ....تاد، یەك باوك و دایك و یەك شێوازی پەروەردەی کۆگەری و یەك ئاستی هوشیاری دەروونکەمەڵایەتی کێیکردوونەتەوە چۆنچۆنی یەکیان بەسەر ئەوانی تر دەبێتە مەدرەنخواز و بلیمەت و فەیلەسووف؟ خێ ئەگەر کولتوورەکەمان نرخی تاکبوونی زانیبایە و تاکی (ئازاد) و (خاوەن خێ) ی (کۆنتڕۆڵ لە نێو خێ) ی بەرهەمهێنابایە ئەوا ڕێی تێدەچوو، بەڵام هەر بەرپرس و کادر و ئەندامەیان هەیە بەیەکزمان دەدوێن و وەك یەك یەکتر تێمەتبار و جنێوباران دەکەن و بەیەك زمان حەقیقەتی زەوتکراو دەردەبڕن.

زمانی گوتاری سیاسی و حزبیی هەرێمەکەمان تاوەکو ئێستا هیچی نوێی نەهاتۆتە سەر و سەرکردە و بنکردەکان بەردەوامن لە خێبەیەکتر گرتن و چەقێ و تفەنگ لە یەکتر هەڵکێشان، سواری سێز و هەڵچوونی خێیان بوون و دانیشتنیان یەکتر لە ئامێزگرتن و یەکتر ماچکردن و لەبەرانبەریشدا لەیەکتر تووڕەبوون و خێبەدوورگرتن و دەرگا لەیەکتر داخستنە، هەموو ئەم ژەفتارانە لە ژووی سایکۆسیاسیەوە دەرخستنی دنیایەك گرۆوگاڵەی دەروونیانە، دووربوونیانە لە عەقڵانیەت و زانین و هەسکردن بە بەرپرسیارێتی.
لەزەمەنی ئێستادا خوێندنەوەی واقیع بە چاوی عەقێ و ناسینی عەقڵانیەت بە زمانی سەردەم دەمانهێنێتە هۆش خێمان و خەبەرمان دەکاتەوە، بەردەوامبوون لەسەر ئەم خێبەیەکتر چواندنە هەمیشە بە مەێ دەمانهێنێتەوە.

مورتوربە کردنەوەی ژیان بە (مێ)... محەمەد تەها حوسێن

هەوڵێك بێ بە عەقڵانیکردنی شکۆش لە ڕاڕاقا

لە دوانەکانی بووندا ناکرێ تەنها مامەڵە لەگەڵ تەنها جەمسەرێك بکرێ، ئەگەر کرا ئەوە جارێکە لەوپەڕگیریی و لە ڕاستیشدا هەر

ئەوەیە بینین بە یەك ئاراستە یا گرتنە بەری یەك تاكە چكە.
دوانەی(نێر-مێ) ش وەك دوانەكانی تر{ووناك – تاریك، بڵند-نەوی، تەڵ- وشك، شیرین –تاڵ، درێژ-كورت، قەبە-لاواز،.....تاد}تەنها یەك ووی گەشاوە و درەوشاوە بووە و تاكە جەمسەری نێر چالاك بووە و هەمیشە ئەو بووەتە پاڵەوری مانا لە ژیانی كەمەڵایەتی زۆربەی كەمەگە و نەتەوەكانی ئەم سەرزەمینە بە تایبەت ئەم خەڵكەی خۆمان.

بینینی یەك جەمسەر لە سروشتی دوانەی شتەكانی بوونداو لاچكردنی عەقڵە هەر لەسەرەتای هوشیاری مرۆڤ بەوەی ئەو شتێكی لە ئاژەڵ زیاترە و هەر بەو شتەش توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێتە سەر هەموویان و بیانخاتە ژێر كۆنفی خۆیەوە.
نێرسالاریی زادەی ئەم جۆرە بینینە تاك جەمسەریەیە و سەپاندنی مێركی نێرانەش بەسەر كۆی ژیانی مرۆڤایەتی تا ئەم سەد ساڵەی دوایی هەر لەو كۆنگرێ هەنگیە كەوتۆتەوە. لە دوانەكانی بووندا یەكێك لەوەی تر پەسەندتر و باڵاتر نیە بەقەد ئەوەی ئەوە یەكێكە بێ ئەوەی تر دەبێتە پاڵەوەر و بێ دەرەوەی خۆی بەم بەراورد و لەبەر گرتنە دەردەكەوێ.

لە زەمەنی نوێگەریش لە مێژووی هزری ئەوروپا (مێ) تایەكی هاوسەنگی (نێر) نەبووە، هاوسەنگ تەنها بە كۆش و بۆی بەرهەمهاتوو لە هێز نایەتە ئارا، هاوسەنگ لە پەیوەندیە ئینسانیەكاندا تەنها پەیوەستی بۆی بەرهەمهاتوو لە عەقڵ و جۆری بیركردنەوە و بەرهەمی فیكرە.
لە شۆشی فەرەنسا و لە دیمەنێك لە دیمەنەكانی پێگەیینیدا ژن توانیویەتی مێیەتی خۆی و كاریگەری ئەو مێیەتیە لەسەر ئەقڵیەك لە ئەقڵەكانی زەمەنی شۆشدا بنێ و تا ئاستێك ئەم شۆشە لە عەقلانیەت نزیك بكاتەوە. بەڵام كۆی شۆشەكانی دیكە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەوەندەی سێز و هەڵچوون لێیان خوێون، ئەوەندە عەقڵ و هۆش جێەوی ووداوەكانیان نەگرتۆتە دەست.

لە سێزی كوردانەمەوە نیە ئەگەر پێموابێ هێزی (مێ) لە بەرگریەكانی كۆبانێی دووسێ ساڵ لەمەوبەر و ئەم دووسێ ساڵەی عفرینیشدا دەرهاویشتەی بیركردنەوەی بیركەرەوەیەكی عاقڵە و ئەم ڕایەشم زێر بەر لە ئێستا بەنووسین بڵاوكردۆتەوە و ئەمستاش كاتی خۆیەتی بیخەینەوە بەر مەددی نەزەر.
(مێ) زێر پەیوەستە بە (ماڵ،منداڵ،خاك) ئەم پەیوەستەگیەشی لە غەریزەی دایكایەتی و هێزی ڕۆحی و سایكۆلۆژی شیردان و گرتنە ئامێز و ڕاژەنین و ....وەرگرتووە، ژن بە ئاسانی دەستبەرداری كێرپە و

منداڵەکانی نابێ، ئاسان ماڵی خۆی تەسلیم بە بێگانان ناکا، لە مژووی ماڵداری کوردیدا(دەسەڵاتی نێو ماڵ) ژنی باش ئارامیی خستۆتە خزانەوە و یەکیەتی و یەکڕیزی لەبەرهەمهێنانی هێزدا لێکەوتۆتەوە و توانیویەتی نێوانی براو خوشکان بە پتەوی بڕێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا خزان هەر مڕکی نڕینەی بەسەردا زاڵ بووە،بەڵام بوونی مێ لە ماڵ هەمیشە خزانی خستۆتە دۆخی کامڵبوونی ماڵی ڕاستەقینەوە.

هێزی غەریزی ژن چ وەك دایك و چ وەك خوشك و هەر شتێکی تر لە سرووشتی ژینیتیکی خۆی بەماوەتەوە و هەر بۆیەش ئەوەی لە ڕۆژاڤا هزری مێگەرایی خستە نێو پڕۆسە سیاسی و ئیداری و سەربازیەکانەوە بێئاگا نەبووە لەم سەرچاوە سرووشتیە و لە بەعەقلانیکردنی ئەم توانا غەریزیە لەبننەهاتووە.
کورد وەك پشکداری لە کولتووری مرۆڤایەتیدا نەیتوانیوە تا ئێستا هیچ کاریگەریکی دیاری لەسەر دابنێ، بەڵام لەم دیاردە سایکۆژینیتیکیە کە بێ سیاسەت و ووبەووونەوەی سەربازی وەرگڕدرا توانی زیادەیەك بخاتە سەر هزری فیمینیستی جیهانی و یەکسەریش لە شەپۆلی سێیەمی فیمینیزمی جۆی خۆیان بکەنەوە و تەنانەت بە خۆ لە نێر کەمتر نەزانین لێشی تێپەڕن.

دیاردەی بەرگری جەنگاوەرانە هەر بە تەنها مانای پارێزگاری لە شار و خاك و ماڵ ناگەیەنێ بەقەد ئەوەی مانایەکی جەوهەری دیکەی هەیە ئەویش پارێزگاریکردنە لە (ژیان) خۆی، ئەوانەی هێرشیان دەکەنە سەر ستراتیژی مەرگدۆستی و کوشتنی ژیانیان هەیە و ئەوانیش لەبەرانبەردا و لە پاڵ نێرە هاوڕاکانیاندا بواری تێکدانی ئەو ژیانەیان نادەنێ کە تازە خەریکە بە شێوەیەکی تر بونیاتی دەنێن.
دەنگی مێ لە ڕۆژاڤا دەنگی مێینەگەرایی هەرە مۆدێرنە و دوور لە لێکدانەوەی سیاسی و حیزبیانە هەوڵێکی کولتووری هزروانەشە بێ گڕانەوەی شکۆی مێ و کۆتاییهێنان بە نەخشاندنی ژیان بەتەنها لە لایەن نێرەوە. ئەم مێیانە نایانەوێ چیتر نێربازانە لە ژیاندا بن و ئیشیان تەنها لاسایی کردنەوەی نێرە دەسەڵات بەدەستەکان بێ، وەرگڕانی ئیرادەی مێ بێ واری سیاسی و سەربازی و ئیداری و دیبلۆماسی بەم بۆیە پێشتر نەبینراوە هۆکارنەوەی ژیانە بە ڕۆحی مێ و هەوڵێکی کوردانەشە بێ بەرزنرخاندنی توانای مێ لە گڕانکاریە بونیادیەکاندا، هەوڵی کوردانە بەو مانایەی بێ یەکەم جارە دیاردەیەکی مرۆڤانە لە لایەن (مێ) ی کوردەوە دادەهێنرێ و بەرەو ئەوە دەچێ ببێتە دیاردەیەکی هزری و عەقلانی لەسەرتاسەری

ناوچەکە و دنیاش.

سیاسەت و ناسیاسەت لە بەرانبەر ڕۆشنبیردا … محەمەد تەها حوسێن

– ئەگەر سیاسەت لە بواری کار و جوڵەی خۆیدا شکست بێنێ، بەشی هەرە زۆری ئۆپاڵەکەی لە ئەستۆی کولتوورە.
– ئەگەر ئابووری لە بواری مامەڵە و دانوستانی خۆیدا داماڵ و هەرەس بێنێ، بەشی هەرە زۆری ئۆپاڵەکەی لە ئەستۆی کولتوورە.
– ئەگەر دین لە فەزای هەڵسووڕان و کایەی پەیوەندیەکانی خۆیدا زیاد یا کەم بێنێ، بەشی هەرە زۆری ئۆپاڵەکەی لە ئەستۆی کولتوورە.
– ئەگەر هاوڕانیەت و نەزمی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگە شێوانی تێبکەوێ و لەسەر ئاوازێکی سیمفۆنیك نەبێ، بەشی هەرە زۆری ئۆپاڵەکەی لە ئەستۆی کولتوورە.
– ئەگەر پەروەردە نەیتوانی لە دەرچەی کردەکانی خۆیدا کەسێکی هوشیار بە خۆی و بە کۆمەڵگە و بە نەتەوە و بە دنیا و بە……تاد بەرهەم بێنێ، ئۆپاڵی هەرە زۆری لە ئەستۆی کولتوورە.

– ئەگەر هونەر و وەرزش و ئەدەب و …… نەیانتوانی لە بازاڕی نۆخۆی کوردەواریدا هەواج بێ خۆیان پەیدا کەن و نەشتوانن بپەڕنەوە ئەودیو سنوورەکانی خۆیان و لە بازاڕی نۆو نەتەوەییدا ببنە دەنگ و هەنگ، دیسان ئۆپاڵی هەرە زۆری لە ئەستۆی کولتوورە. کولتوور بێ هەر دەستە و تاقم و کۆمەڵگە و نەتەوەیەك مەرجی بوون و هەبوونی دەنگی سەلماندنی بوونێکی ئینسانی دیاریکراوە. کێشەکانی ئێمە هەر لە بنچینەوە لە نۆو کولتوورماندا ڕیشەیان هەیە و هەر بەیەش لە هەموو ئەوانەی لەسەرەوە ڕیزمانکردن لە ئاستی هەزامەندی نە خەمانین نە دەرەوەی خەمان.
سەد ساڵ سیاسەتی کوردی خۆی لە قەرەی کولتوور و وەبەرهێنەرانی کولتوور کە ڕۆشنبیرانن نەدا و هیچ کاتێك چارەی ڕۆشنبیری جیددیان نەویست و فیشەکێك و دەمانچە و تفەنگێکیان لە ڕێحی ڕۆشنبیرێك پێ بایەخدار تر بوو.

سەد ساڵ سیاسەتی کوردی نەیتوانی کەسێتیەکی سیاسی کوردی بنێتە ئارا بۆ چەند خولەکێك قسە لەسەر کێشە و دۆزی گەلەکەی بکا لەو ئاستەی بەرانبەرە یار و نەیارەکانی لەوە بگەیەنێ کە دۆزی کورد نەك پەیوەستە بە کورد خۆیەوە بگرە بە ئارامی و ئاسایشی ناوچەیی و جیهانیەوە بەند و پەیوەستە.سەد ساڵ سیاسەتی کوردی نەیتوانی بەرنامە بۆ بایەخی پەروەردەی سیاسی و شارەزایی دابنێ و تاکی خۆی بکاتە بوونەوەرێکی سیاسی هوشیار توانای ئەوەی هەبێ بەرانبەرە یار و نەیارەکانی بە دۆزی خۆی سەرسام بکا.

سەد ساڵ سیاسەتی کوردی چەکی خستە پێش کتێب و قەڵەم و هەردەم عەقڵ کە لەم دوانە دەچێ لە دوای کوتەك کە لە تفەنگەوە نمایش دەبوو دەڕیشت و دەهات و ئەمەش لە خۆیدا هاوکێشەی عەقڵ و کوتەکی بەرەواژوو کردبوو و هەمیشە کوتەك و کوتەك بە دەست هێکاری چارەسەر و بردنە پێشەوەی پرسەکان بوون و قەڵەم و کتێب بە دەستەکان لە دواوەی ئەوان هەوڵی جوانکردنی هەڵەفتار و گوفتاری ئەوانیان دەدا.
سەد ساڵ سیاسەتی کوردی لە هەرێمێك یا بەشێکی بچووکی کوردستاندا ماڵێکی ئارامیان چ لە شاخ و چ لە شار پێ ئاوا نەکرا و نە خۆیان و نە کوردستانیانیشیان لە دەڕاوکێی مانەوە و سەقامگیری خاترجەم کرد.
سیاسەتی کوردی جگە لە دۆخێکی سایکۆلۆژی نارسیزم و کارگەیەك بۆ هێنانە ئارای کەسێتی هەڵپەرست و هەڵووش کە بۆ نوێنەرایەتی دۆزێکی هەوای ئاوەها گەورە و جیهانی نەدەشیان چیتریان نەکرد.

زانست هەمیشە مامەڵە لەگەڵ ئەنجام و دەرکەوتەی هێکارەکان دەکات و ئەوەی ئەم ئەنجامە خەمناکانە پێمان دەڵێن بریتین لە ڕچکە گرتنێکی پەرت و بڵا و شێواوی ئەوتۆ کە هیچمانی نەگەیاندە جۆرێك لە ڕازیبوون چ لە ئەنجامی کاری خۆمان وەك تاك و چ لە ئەنجامی کار و خەباتی خۆمان وەك جوڵانەوەی چەکداری و سیاسی.
پەرتەوازەیی لە سیاسەتی کوردی هەنگدانەوەی فورمولە نەبوونی کولتووری کوردیە لە هێشکی دەستەجەمعیدا کە توانای ئەوەی هەبوایە هەموو دەنگەکان بخاتە سەر ڕیتمێکی سیمفۆنیك بە هاوەنیەتەکەی هەم خۆی و هەم دنیاشی سەرسام کردبایە.
پەرتەوازەیی دەنگ و هەنگی سیاسی قالبنەگرتوو لە فۆرمێکی ناسیونالیستی مۆدێرن بە درێژایی ئەم سەد ساڵە کردوونیەتە هەم گاڵتە جاڕی خۆمان و هەمیش گاڵتەجاری دەر و دراوسێ و دنیا.

سیاسەتی کوردی بۆ سەدەیەك دەچێ دوژمنایەتی ڕشنبیری و ڕشنبیران

دەکا، ڕۆشنبیرە جیدیەکان هەر بەتەنها قوربانی نەیارانی نەتەوە و کۆمەڵگەکەی خۆمان نەبوون بەقەد ئەوەی لە نێو خۆی فڕۆمە بە دەموچاوە سیاسیەکەی خۆشماندا دژایەتیان کراوە و هەمیشە سیاسەت و سیاسی کورد تاوەکو ئەمڕۆ فۆبیای ڕۆشنبیریان هەیە و ئەمەشیان بە دڵنیاییەوە لە گرێی کۆماسی زانستی و ڕۆشنبیریەوە بووە.

ترس لە ڕۆشنبیری لە نەستی ئەواندا ڕیشەی هەیە و هەر بۆیەش نە لە شاخ و نە لە شار ئیشیان بۆ پێژەی بونیادنانی کەستی کولتووری کوردی کە دواتر کەستی سیاسی کوردی و نەتەوەیی و ئینسانی لێ دروست دەبێ نەکردووە. (ترس لە ڕۆشنبیری) لای سیاسیەکان بازنەیەکی پارێزەری لە دژی ڕۆشنبیرانی جیددی بە دەوردا کێشاون نەوەکا بە دەنگ و هەنگیان قەڵس بن و تووشی ئیشی عەقڵ و عەقلانیەتیان کەن و بیانخەنە نێو پێژەکانی بیرکردنەوە لە پێناو بونیادنانی دامەزراوەی عەقلانی دروستکردنی عەقڵی سیاسی و ئابووری و کولتوری و دینی کوردی.

ڕۆشنبیر کەسێکی سیستماتیکە و سیستم بەرهەم دێنێ، ئەوەی خۆشیی لە ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیری نەیەت ئارەزووی سیستم ناکات و ئارەزوونەکردنی سیستمیش لە نەستی ناڕۆشنبیری سیاسیدا هێشتنەوەی مەودایەکی دوور و درێژە لەگەڵ عەقلانیەت و بەمەش زۆرترین خزمەت تەنها بە (ئاید-ئەنباری غەریزە) ی خۆی دەکات و منێکی فوودراوی هەوکراومان دەخاتە پێش هەموو گیانی نەخۆشی و پەتایە.

ڕۆشنبیرە دوور بینەکان بۆ ئەمڕۆ و سبەینێ لە کاردان نیتشە وتەنی دوای سبەینێ ئەنجامی ئیشەکانیان دەردەکەوێ، ڕۆشنبیری زانا و وەبەرهێن لەسەر کولتوور ئیشی ئەوە نیە هەڵەکانی ئەم تایپە لە سیاسیەکان پینەکات و هات و چوونەکانیان شیبکاتەوە، ئەوان ئیشیان ڕەخنەگرتنی بوونێکی سروشتی کوردیە لە فۆرمێکی ڕەخنەگراوی سیستماتیکدا، بوونی بەستە زمانی نەتەوەیی کوردی تا ئێستا هەر لە بوونە سروشتیەکەی نەپەیوەتەوە و ئەمەش لە ڕاستیدا هەڵەی ئەم سەد ساڵەی کوردایەتیە و هەر بۆیەش عەقڵی ڕۆشنبیر دەتوانێ ئەم ڕەحە زیندووە چالاکە کە عەقلانیەت و هێشە بخاتە جەستەی نەتەوەوە و لە وەهمە خەتەرناکەکانی پاڵەوانبازی و شۆشگێڕی دەربازی بکا.
ئەم هەڵە سیاسیانەی ئەمڕۆ ڕوویانداوە تازە نین کارەکتەرە سەبەبکارەکانیان پەروەردەی کەچەڵکی کاڵی ئیش لەسەر نەکراون، پەروەردەی دۆخێکی ناسیاسی ڕەك نەخراون، هەر بۆیە هەڵەکان بە دوا یەکدا و لە دیمەنی جیاجیادا دەردەکەونەوە و دەبن بە شك بۆ ئەوانەی یادگەیان ڕووداوەکانی دوێنێیان نەپاراستووە.

کۆشەیەك تا ئێستا بۆ پێژە … محەمەد تەها حوسێن

بەتەمەنترین کۆشەی نەتەوەیی لەم خەرهەڵات و خەرهەڵاتی نێوەڕاستەدا کۆشەی کوردە، یەك سەدەی تەواو کرد، هیچ هێزێك نە جیهانی، نە ناوچەیی و ئیقلیمی، نە ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا بەشراوەتەوە، نە ناوخێیی واتە(کورد خێی)، نەیانتوانیوە بەلای چارەسەردا بچن و تێز و پێژەی ماقوڵ و بونیادی بخەنە ڕوو بۆ ئارامکردنەوەی ناوچەکە و هێنانە ئارای کەشێکی هاوسەنگ کورد وەك هەر نەتەوەیەك سەروەری سیاسی و کەمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری خێی هەبێ و پەرە بە ڕیشەکانی بدات.
هێزە زلەکانی دنیا لە سەدەیەك بەر لە ئێستاوە تا هەنووکە هیچ ئامانجێکی تەنانەت درێژ مەوداشیان بۆ چارەی ئەم کۆشەیە نیە و نەبووە و نابێت، هەر هەموویان بە پێی لۆژیکی هێز و چنینەوەی دەستکەوتەکانیان دوای هەر ڕێککەوتنێکی نێوان خێیان و دواتر لەگەڵ کلکە ئیقلیمیەکانیان بەدەنگی لێدەکەن و بۆ ماوەیەك زەخیرەی ماشێنی ئابووری و سیاسی خێیان فەراهەم دەکەن.

ئەوان هەرگیز تێزێکی چارەسەریان بۆ کۆشەی کورد وەك بابەتێکی سیاسی و نەتەوەیی نەبووە، مامەڵەیان لەگەڵ هەرچی زیێوح هەیە لە خەڵکی ئەم ناوە وەحشەتگەریەکی بازاڕیانەی بۆ متمانە و مۆاڵی سەرمایەگوزاری ڕووتبەوە لە ئەخلاقی ئینسانی بووە. ئەمەیان ناو ناوە پراگماتیزم لە کاری سیاسی و دەوڵەتداری، لە کاتێکدا لە پڕاگماتیزمدا (ئەخلاقی کار) لە چوارچێوەی (ئازادی کار) بۆ هەر مرۆڤێك پێوەری پابەندبوونە بەو فەلسەفەیەوە و پراگماتیزم کە بە فەلسەفەی کار دەناسرێ و " لێگەڕێ کار بکات و لێگەڕێ تێپەڕێ" ی ئادەم سمیس یەکێکە لەو کەجیتێیانەی لادان لێی ڕاستەوخێ لادانە لە ئازادی و تەسککردنەوەی بوار بۆ هەزاران و ملیۆنان، بەوەی با کار نەبێ بیکەن تاوەکو مرۆڤبوونی خێیان لە بیکاری و بۆ بازاڕیدا ونکەن.

لە پراگماتیزمدا ئەم پرسیارە سەرەکیەی (چارلز پێرز1878) دەبێ بە بنەمایەکی ئەخلاقی{چۆن وا بکەین هزر و بیرمان ڕوون بێ؟}، ئەم

پرسیاره لای پراگماتیه هەسەنەکان عەقیدەیەکی سیاسیە و لە کاری سیاسەت و دەوڵەتداریدا دەبێ پیادە بکرێ. هەمیشە لە پراگماتیزمدا کارەکان بە ئەنجامەکانیان دەپێورێن، ئەگەرچی فەلسەفەی کار هەردەم بەرژەوەندی خاوەن کار لە نەزەر دەگرێ بەڵام ئازادی جووڵەی کارکەر جڕێك لە گرەوە لەسەر ئەوەی تا چەند کەسەکان بێ گەیشتن بە ئەنجامی باش هەفتاری جوان و هاوسەنگ دەگرنە بەر. لە پراگماتیزمدا ماکیاڤیللیەت جێنابەتەوە، چون پیادەبوونی پراگماتیزم ئازی قبوڵ ناکات و هەمیشە نەخشەی کار بە ووونی نمایش دەکات و هەم هەکار و هەمیش ئامانج دیارن و هیچیشیان پێچەوانەی یەکتر نین، یەکێکیان نەشیاو و ئەوەی تر شیاو بێت.

کار یەکێکە لە فاکتەرە سایکۆلۆژیە ئینسانی و وجودیەکانی بوونی هەر تاکێك، ئەوە ئەدڵرە جەختی لێدەکاتەوە و ئەوەش فرانکل و ڵۆڵۆ مای و بەر لەوانەش فرۆید و بەر لە فرۆیدیش هیگلە بە مەرجێکی سەرەکی وجوودی دەزانن.
سیاسەتی ئەمریکا هەرگیز لەگەڵ پراگماتیزمدا یەکناگرێتەوە، ئەگەر دەستوور و یاساکانی ئەو وڵاتەش پراگماتیانە ڕێکخراون نەزعە و ئیرادەی هێز و هێزمەندی زۆر جار مەیلی خۆفوودانیان لا دروست دەکات، ئەگەر وا نیە کام لەم سەرکردانەی ئەم سی چل ساڵەی ئەو وڵاتە تەنانەت ئەوانەی بەر لەوانیش زانیویانە پراگماتیزم چیە؟.

ئەم بە ناو پراگماتیستانە تەنها پێژەی چارەسەری کێشەکانی خۆیان و نزوان خۆیان هەیە کە ناوە ناوە بە ڕێککەوتنی ئاشتیانە و ناوە ناوەش بە شەڕ دەیچەسپێنن، ئەوان کە خۆیان بە پارێزەری ئارامی و ئاسایشی دنیا ناساندووە کوا پێژەکانیان بێ کێشە نەتەوەیی و مەزهەبی و ئەتنیکیەکانی دنیا؟.
جگە لەوە زلهێزەکانی بەرانبەریشیان نە کۆمۆنیست بوون و نە سۆشیالیست و نە دیموکرات، ئەگەر وانیە کوا پێژە ئەوروپی و کۆمۆنتۆرنی و سۆشیالیست ئەنتەرناسیونالیست و دیموکراتەکان بێ چارەی کێشەی کورد و نەتەوە و ئەتنیکەکانی تر لە دنیا و بە تایبەت ناوچەکەی ئێمە؟ ئایا کێشەی کورد ئەوەندە ئاڵۆز بوو بە سەدەیەك چارەسەر نەکرێ؟ ئایا تەسلیمکردنی ئەو دۆسیە هەرە گرنگە بە تەنگەژەرە ئیقلیمی و ناوچەییەکان بوار ڕەخساندن نەبوو بۆیان تاوەکو بەردەوام ئەم کێشەیە لە هەڵایساندا بێ و ئەوانیش هەمیشە کەڵن و قەڵشی هاتنە ژوورەوەیان بێ کراوە بێ؟ ئایا نەیانەتوانی هەلومەرجێك لە ناوچەکە بێننە ئارا لە جیاتی شاڕش و بەیەکدادانە چەکداریەکان بەیەکگەیشتنە فەرهەنگی و کولتووریەکان بسازێنن و

پاشان فیدراسیۆن و کۆنفیدراسیۆنی کولتووری جۆگەی ئەم هەموو قەوارە سیاسیە بەیەك هەڵپژاوانە بگرێتەوە؟.

ئەمانە و زۆری تریش دەکرا بکرێن، بەڵام ملدانە غەریزەی دەسەڵات و موڵکداری و پاوانخوازی و شەهوەتی خواردن و گلدانەوە لە ئاست دروشمەکانی عەقلانیەت کۆری کردن و ئەوەی لەوەتەی هەن دەیکەن هیچی لەگەڵ مۆدێرنیزم و فەلسەفەکەی و لەگەڵ عەقلانیەت نایەتەوە، ئەوان خراپ سوودیان لەهەندێ قسەی نافەلسەفی وەرگرتووە جا ئەگەر ئەو قسانە هی فەیلەسوفانیش بووبن، خۆ فەیلەسووف و زانایان هەرچی وتوویانە فەلسەفە نیە و نەبووە، "مەترەقەکەت بیر نەچێ کاتێ دەچیتە لای ژنەکەت" با هەر قسەی نیچە بێ، ئەمە هیچ پەیوەندی بە فەلسەفەوە نیە و ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە سایکۆلۆژیای کەسی فەیلەسووف لە هەڵوێستێك لە هەڵوێستەکانی ژیانی خۆیدا.

" هەموو واقیعێك عەقلانیە" با هەر قسەی هیگڵ بێ، ئەمە لە ساتەوەختی تایبەت وتراوە و لەوانەشە قەناعەتی خودی هیگڵ بووبێ ، بەڵام ئەو گەندستانەی ئێمە و دەوروبەرمان بە گوێرەی ئەم قسەیە بێ دەبێ واقیعی بێ؟.
ئەم هەزمەندانە تاوەکو ئێستا عەقڵ هەیان ناسووڕێنێ بەقەد ئەوەی غەریزە و شەهوەتە ناعەقلانیەکەیان، هەر بەیەش قەتاو قەت پڕۆژەیان بۆ چارەسەر نیە و ئەگەر نەخشە و هەنگاوگەلێکیشیان ناونا پڕۆژە ئەوا پڕۆژەی خەیانە و تۆ تیایدا تەنها فاکتەرێکی هاوکاری.
ئەو زلانە کە پڕۆژەیان نەبووە بۆ چارەی کێشەی کورد، نە عێراق و نە تورکیا و نە ئێران نە بەیەکەوە و نە هەر یەکەش بە تەنها ڕۆژێك لە ڕۆژان نەك پڕۆژەیەکی گەلەکراویان نەبووە، بەڵکو بیریشیان لێنەکردۆتەوە ئەم کێشەیە وەك دەزی نەتەوەیەکی گەورەی ماف زەوتکراو ببینن و با جارێکی تر لە چارەسەر بخەنەووو چیدی نە ئەوان و نە ئێمەش لە نائارامیدا نەیبەینە سەر.

ئەوان هەمیشە بەیەکەوە کەدەبنەوە و تا ئێستاش بۆ چنینی پیلانی شەڵانگێزی و دەزینەوەی پلانی جیاجیا تاوەکو هەرچی زووتر و باشتر دەنگمان کپکەنەوە و نەکا بیر لە تەنانەت هاواتیبوونیشمان لە سەرزەمینی خۆمان بکەینەوە، ئەمە لە جیاتی ئەوەی هەر چوار لەو دەوڵەتە ناهاوسەنگە ئیقلیمیانە بەیەکەوە ئیش بۆ ئەوە بکەن تۆزێکی هاوبەش بکەن بە پڕۆژەیەکی کرداری بۆ چارەسەرێکی بنبڕ بۆ ئەو کێشەیەی یەك سەدەیە ئارامی لە خۆمان و لە نەیارانیشمان بڕیوە.
ئەگەر پڕۆژەی چوار لایەنەی ئیقلیمیش بۆ چارەی کێشەی کورد نەبووە، هیچ یەکێکیشیان بە تەنها ڕاستگۆیانە پڕۆژەی چارەسەری ئەم

گرفتەیان نەخستەتە ڕوو، مەگەر نا ئاشتی و ئارامی بەردەوام لە بەیەکەوە ژیانی دانپیانراو دەتە ئارا، دەکرا چارەی عەرەبی بۆ کێشەی کورد لە مێژ بوو پێشنیاز کرابا یا بە کردار بینیبامان لە جیاتی پێژەی بە عەرەبکردن و تاواندنەوەی نەتەوایەتی، دەکرا چارەی ئێرانی بۆ کێشەی کورد هەبوایە نەك بە فارسکردنی کورد هەروەك چۆن هەشیدی یاسەمی وای ڕێنمایی سەرانی خۆی دەکرد، دەکرا چارەی تورکی بۆ ئەو کێشەیە لە تورکیا هەبوایە لە جیاتی بە تورککردن و سووربوون لەسەر بێاوکردنەوەی کولتووری ڕق و نەفیکردنەوەی نەتەوەیی.

ئەمانە هەموویان نەبوون و نەکران هەر بۆیەش لەوەتەی کورد و کوردستان بەسەریاندا بەشراوەتەوە نە ئێمە خۆشیمان لە خۆمان بینیوە و نە ئەوانیش بۆ ساتێك حەساونەتەوە، ئێم دۆخی نەحەسانەوەیە بەم هەڕوونە دەمارگیری و ڕاسیستیانە چارەسەر ناکرێ، چارەسەر بینینی یەکترە وەك خۆیان نەوەك شتی تر، ئەگەر نا تا سەدەیەکی تریش هەر لەم زەلکاوە دەمێنینەوە و ناچینە دۆخێك لەوە ئارامتر.
کە ئەمانە هیچیان چارەی کێشەی تۆیان پێنەبوو، ئەی خۆمان وەك کورد و وەك بژاردەی سیاسی لە نێو جوڵانەوە جیاجیاکان ڕێگە چارەی کوردانەمان هەبووە؟ ئایا چارەی کوردی هەبووە بۆ کێشەی خۆی؟، بە دڵنیاییەوە جوڵانەوە کوردیەکان لە هەموو پارچەکان بە درێژایی ئەم سەدەیە لە دۆخی پەرچەکرداری تۆیان نەپەڕاندووە و لە بەرانبەر پێژەی ڕمان و وێرانسازی نەیاران و داگیرکەران پێژەیەك بۆ بیناکردن و هەڵنانی نەتەوەیی نەبووە و نەکەوتەتە بەر هەست و عەقڵ.

سەد ساڵە ئەم ناوچەیە لە هەڕوونکی کار و پەرچەکردار بردوویەتە سەر، سەد ساڵە سزی سەردارێتی نەتەوە سەردەستەکان و هەڕوونی شۆشگێڕی ئێمەی ژێر دەست دوو هێزی بەرانبەر یەکتری لە شەڕدا بوون، سەد ساڵە نە کێمانیزم کێشەی کوردی وەك کێشەیەك بۆ چارەسەر خوێندەوە و نە ناسیونالیزمی عەرەب و فارس و تورك، نە بزاوتە سیاسیە دینیە کۆن و تازە سەرهەڵداوەکانیش توانیان لەگەڵ وجودی ڕاستەقینەی نەتەوەییمان بجوێنەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە نە هزری چەپی کوردی توانی پێژەی بۆ ڕزگاری نەتەوەیی و نیشتیمانی هەبێ و نە هزری بەناو ناسیونالیزمی کوردی پێیکرا جوڵانەوەیەکی ناسیونالیستی خاوەن هزر گەڵە کات توانیبای ڕای گشتی نەتەوەیی و ناوچەیی و جیهانی بۆ ئەم دۆزە مێژوویە

ڕاکێشت و خێی لە کاریگەری پەیوەندیە فیوداڵیەکان کەمێك بە دوور بگرێ، لە سەرەوەی ئەمانەش هزری دینی سیاسی کوردیش ئەوەندەی ئیشی لەسەر کاکردنەوەی بوونی ڕاستەقینەی نەتەوەیی کردووە و ئەوەندەی چووەتە خزمەت پڕۆژەی عەرەبی و فارسی و تورکی لە بینینی ئیسلامی ئەوەندە نەیویستووە بە دین و هزری دینی کۆشەی نەتەوەیمان زەڕەیەك بەرێتە پێش.

کەواتە ەگی کێشەکە لە ونبوونی پڕۆژەی عەقلانیە لای هەر هەموو ئەو لایەنانەی لێرە قسەم لەسەریان کرد و تا ئێستاش ئەوەی دەگوزەرێ هەر هەمووی ململانێی دەمارگیرین و هەچوون و سزی هزگەرایی و تایفی و نەتەوەیی پریمیتیف هەیاندەسووڕێنێ.

فڕبووون لە عەقڵی ناڕەك و پڕکی ئێمەدا … محەمەد تەها حوسێن

فڕبووون هەم هکارە و هەمیش ئامانج، ئەو کاتە هکارە کە کەس بیەوێ زیاتر بزانێ و زرتر لە زانیاری لە ماوەی ژیانی خێی ککاتەوە، ئەو کاتەش ستراتیژە کەس بیەوێ ژیانك بێ خێی بسازێنێ بەقەد ئەو مانایانە بێ کە خێی داویەتە ئەو ژیانە.
فڕبووون پڕۆسەسکی نەوەستاوە، ئەو کاتە دەوەستێ کە کەس ژیانی کتایی پێدێ، لە کردەی فڕبووندا سنتەر و کەنار، یا ناوەند و چەوە، یا ڕوونتر بڵێین فڕکەر و فڕبوو دوو بوونەوەری تا هەتایی لەو هەوەست و فینمینیەدا نین و نامننەوە، فڕکەر تاهەتایە فڕکەر نیە هەمیشە خێی بە پیرز تبگات و پیوابێ ئەوەش کە لێی فڕر دەبێ تاهەتایە قوتابی ئەوە. کردەی فڕبووون کارلککی بەردەوامە لە نوان تاکەکاندا و ئەوە هەوەستەکانن بێ ماوەیەك و بە گوڕەی هەوەستەکە ناسنامەی فڕکەر بە کەسك دەدەن و بێ ماوەیەکیش بە فڕبوو یا فڕخوازی دەدەن.
لە فڕبووندا گڕانك لە ەفتاری کەسك کە دەیەوێ یا ویستوویەتی فڕی بابەتکی تازە بێ ڕوودەدات و دەردەکەوێ، ئەم گڕانە بەر لە هەر کەسك خودی فڕخواز هەستی پێدەکا ئینجا فڕکار لە کردارکی هەسەنگاندنداە ئەم ڕاستیە کاتیەی بێ دەردەکەوێ. مرۆڤ بە

ئامادەباشیە جینیتیکیەکەی بۆ فڕبووون گرەوی خۆی لە هەموو بوونەوەرە زیندووەکانی تر لەسەر زەوی بردەوە، ئەم ئامادەباشیە بۆ فڕبوون لە مرۆڤدا نەبوایە، دەبوایە بە میکانیزمی تر و بژاردەی تر بەرگری لە بوونە بیۆلۆژیکیەکەی خۆی کردبایە. فڕبوون هەم بوونە هۆشمەندەکەی مرۆڤ دەپارێزێ و هەمیش بوونە بیۆلۆژیکیەکەی.

ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ تاك ئەم ئامادەباشیە بۆماوەییە لە چالاکیی بوەستێنێت و کردەی فڕبوون هیچی لە گۆڕانکاری نەچێتە سەر، ئەوا پێسسەکە وەك داینامیزم دەوەستێت و ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها (خوو) هو بەس، کەواتە فڕبووون کردەیەکی سەرتاپای بزاڤ و نەوەستاوە و پەیوەستە بە هەناسەدان لە ڕووی بیۆلۆژیکیەوە و بە هوشیاری و پەیبردنیش لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە، واتە تاك تا هەناسە بدات و بداتەوە و هەتاوەکو هۆشیشی مابێ و هەستیار بێ ئەوا بواری فڕبوونی هەر هەیە و ماوە.
تاك جگە لەوەی بوونکە تا هەبێ دەبێ فڕبێ شتێکی تر نیە لە چوارچێوەی بوون و نەبوون، دەبێ فڕ بێ بخوات و بخواتەوە و بجوڵێ و بحەسێتەوە، پێکەنێ و بگری، هەستێ و دانیشێ، قسە بکات و بدەنگ بێ، خاوەن بێت و جوان دەرکەوێ، بیر بکاتەوە و خەیاڵ بکا، سەیرکات و بزان بکا، چێژ ببات و ئازار بناسێتەوە، دەبێ فڕ بێ بزانێ و پەی بە نەزانی خۆی بەرێ، فڕبێ خواستەکانی خۆی بدرکێنێ و چۆن چۆنی دەیانگاتێ، فڕی ئەوە بێ بەرانبەرەکانی حەز و ئارەزوویان لە چیە و لە چیش بێتاقەت و کەیف ناساز دەبن. مرۆڤ دەبێ فڕ بێ بە ڕێگاوە بڕوات چ پیادە بێ و چ سوار، سەرنج بداتە شت و سەرنجی خەڵك بێ خۆی ڕاکێشێ. دەبێ فڕ بێ چۆن لەگەڵ خۆی دەدوێت و چۆن چۆنیش لەگەڵ خەڵك، چۆن دەچێتە نێو دیبەیت و چۆنیش لێیدەردەچێ، چۆن ئەوەی دەیەوێ و دەیخوازێ و بیری لێدەکاتەوە دەیڵێ یا دەینڕێ و چۆن چۆنیش کۆنتڕۆڵی ئارامی دەکات تاوەکو هەرچی لەبەرانبەرەکانیەوە دەردەچێ لێیان حاڵی بێ.

دەبێ فڕی نووسین و وێنەکێشانی پیتەکان بۆ بێ ئەوەی بخوێنێتەوە و بناسێتەوە، بۆ ئەوەی حەز و ویست و مەیل و دواتر هزری خۆی بکاتە پیت و دواتر وشە و پاشان لە ڕستەی تەواو و هاوسەنگدا دەنگ و قسەیان لێ دڕووست بکا، بۆ ئەوەی وێنەی بیرکردنەوەکانی خۆی لە پێسسکی سیمبولیزەکردندا بگوازێتەوە سەر کاغەز و شاشە و جوان و جوانتر دەرکەوێ. بۆ ئەوەی وێنەی بیرکردنەوەکانی خۆی لە کردەیەکی ڕووبەڕووی دەنگییدا بۆ بەرانبەر بنڕێت و جوانترین و ماقولترین نامەیان لێ بسازێنێ.

فڕبوونی نووسین و خوێندنەوە هەر بۆ ئەوە نیە تابلۆکانی سەرشەقام و نامەی نڕەڕەکانی پۆ بخوێنیتەوە و بزانی چین و چیان دەوێ، فڕبوونی نووسین و خوێندنەوە بۆ ئەوەیە بیرکردنەوەکان لەبەر دەم و چاو و گوێکان بگوازڕێنەوە دوورترین شوێن و زەمەن و بە هانای بیرکەڕەوە بچن تا ناکۆتاکان لە گەردوون. فڕبوون بۆ ئەوە نیە وەك باوکمان بخڕین و وەك ئەو بخەوین و بخڕینەوە و بچینە زیندە خەون و خەیاڵەوە، بۆ ئەوە نیە وەك ئەو یا هەر کەسێکی دیکە لە دەورمان بجوڵێین و بجوڵێنەوە، بۆ ئەوە نیە لەسەر هەمان ئاوازەکان بخوێنین و بڕێنەوە، خۆ ئێمە قاز و قورنگ و مراوی و لەقلەق نین تا ئەبەد لە کۆستانەوە بۆ گەرمێن و لە گەرمێنەوە بۆ کۆستانان بچین و بگەڕێنەوە، پشیلە نین تا ئەبەد بمیاوێنین و بۆسە لە مشك دانێینەوە، گورگ نین تا ماوین تاو بدەینە ڕانە مەڕ و بزنان و نیوەیان لێ کەت و پەت کەین و هەر بایی سکی خۆشمان بخڕین.
تەیرو تواڵ نین هەر یەك جۆرە دەنگمان لێ بڕتە دەر و لەویش زیاتر هیچی تر نەزانین، گوێدرێژ نین هەر لە سێچوار وشە تێبگەین و تەنها پەمە پەم لە لۆمان و زەهە زەڕ لە دەممانەوە دەرچێ، و.....تاد.

ئێمە مرۆڤین بۆ ئەوە ئامادەین فڕبین و نەزانراوەکان بزانین، هەر کەسەمان خۆمان بین و پەی بە خۆیەکانی تر بەرین، خۆمان بناسین و تواناکانمان بپشکنین و بزانین چەندمان لەباردایە و تا چەندیش تواناماں هەیە فڕبین، تواناکانمان تا چەند بۆ دەکەن و بۆچی باشن و دەگونجێن. دەبۆ فڕبین پەرە بە توانا هزری و جەستەییەکانی خۆمان بدەین و پەی بە زەمەن وەك گۆاوێکی هەمیشەیی و شوێنیش وەك گۆاوێکی هەمیشەیی تر بەرین، پێویستە فڕی ئەوە بین کات و شوێن دوو ڕەهەندی جیانەبووەوە بن لە یەکتر و لە خۆمان و هەمیشە و لەهەر دەرکەتنێکمان و لەهەر بەرکەوتنێکمانیشدا بەردەوام بە تازەیی دەرکەون و شت و شێوازەکانمان لە دیاردەی تردا بۆ بنەخشێنن.

مرۆڤ دەبۆ فڕی ئازادی بۆ وەك یەکەم وانە لە ژیانیدا، ژیانکردن مەرجی ئازادی لەگەڵدایە، ژیان پێسپسێکی زڕ تایبەت و تاکانەیە، هەرکەسەمان لەخۆماندا دەژین و بۆ خۆشمان دەژین و ژیانیشمان پەیوەستە بە ژیانی ئەوانی تر ڕەك وەك خۆمان، ژیان کردەیەکی درۆژخایەنە و دەبۆ فڕی بین، دەبۆ کەسانی تر لەسەر ئەوە ڕابنین کە بژین و ڕەزی ژیانی خۆیان و کەسانی تر بگرن و بزانن.
فڕبوونی ئازادی تەنها درووشمێکی شۆشگێڕانەی نەریتیانە نیە و

سنووره‌كانی له گه‌رمكردنی مه‌جلیسی قسه و گوتاره حه‌ماسیه شۆشگێیه‌كان ده‌رنه‌چێ، ئازادی وه‌ك وانه و وه‌ك پێگرام و وه‌ك ئامانجی كورتخایه‌ن و درێژخایه‌ن له سیستمی په‌روه‌رده‌یی و كۆمه‌ڵایه‌تی و كولتوریماندا ده‌بێ هۆنگ و ده‌نگ بداته‌وه، ده‌بێ تاكه‌كان فێری ئه‌وه بن هۆشیار بن به ئازادی خۆیان، له‌كوێ یا چ كاتێ مه‌ترسی هاته سه‌ر سنووره‌كانی ئازادییان پێی پێبه‌رن و ده‌ستنیشانی كه‌ن و ڕایگه‌یه‌نن.

ئازادبوون به‌ر له‌وه‌ی كرده‌یه‌كی یا ئامانجێكی ده‌سته‌جه‌معی گشتگیر بێ، پێسسۆكی هزری و په‌روه‌رده‌یی تاكانه‌ی درێژخایه‌نه و به تێپه‌ڕینی كات و قۆناغ به قۆناغ كاریگه‌ری و نیشانه‌كانی له‌سه‌ر خودی كه‌سه‌كان ده‌بینرێنه‌وه، من پێموانیه كۆمه‌ڵگه‌ی ئازاد به بێ تاكی ئازاد هه‌بێ، یا تاكی ئازاد هه‌بێت و كۆمه‌ڵگه‌كه‌شی نائازاد بێ، ئه‌م دوانه‌یه به‌یه‌كه‌وه جه‌دله‌یه‌ت و دایناميزمێكی هاوسه‌نگ و هه‌ندێ جاریش لاسه‌نگ پێكده‌هێنن، لاسه‌نگیه‌كه‌ی ئه‌وه‌یه ئازادی له پێته‌رازوویه‌كیاندا باری شێ و له‌نگ بێت، به‌ڵام هاوسه‌نگیه‌كه‌ی ئه‌وه‌یه چ تاك چ كۆ له دۆخێكی ئازادیدا بیبه‌نه سه‌ر و هه‌ردوو جه‌سته‌كه(تاك و كۆ) بێ یه‌كتر و له‌نێو یه‌كتر و له‌گه‌ڵ یه‌كتر هه‌سوڕێن. جیا له‌وه بابه‌تێك نیه ناوی ئازادی بێت و ئه‌وه‌ی هه‌یه ته‌نها له چوارچێوه‌ی جوانكاریه‌كانی گوتاره و به‌س و نه‌په‌یوه‌ته‌وه به‌ری هۆفتار و هه‌سوكه‌وته‌وه.
ده‌بێ فێری ئه‌وه بین كه ئازادی له سیستمدا فه‌راهه‌م ده‌بێت، من وه‌ك كه‌سانێكی بیركه‌ره‌وه‌ی په‌راوێزنشین پێموانیه ئازادی ته‌نها له ده‌ره‌وه‌ی سیستم و چاودێریه‌وه دێته دی، چاودێری و سیستماتیزه‌كردنی ژیان ده‌بێ بێ ئه‌وه بێ تا ماوین وه‌ك مرۆڤ، وه‌ك بوونێكی هوشیار و عاقڵ لێز له ئازادی بگرین و ئه‌م سه‌روه‌ریه كه له‌سه‌رووی هه‌موو سه‌روه‌ریه‌كانی تره بپارێزین و هه‌رچی هه‌یه له خواره‌وه‌ی ئه‌وه و له پێناوی به سه‌روه‌ری هۆشتنه‌وه‌ی ئه‌وه.

ئازادی هزر و په‌یوه‌سته به گه‌شه‌كردنی هزری مرۆڤ و كۆمه‌ڵگه‌كه‌یه‌وه، نه‌شونماكردنی هزر كه‌ش و فه‌زای ئازاد دێنێته ئارا و دواتر له ئازادیشدا ئازادی تادێ هێز وه‌رده‌گرێت و سه‌رتاپای بوونی تاك بوونێكی سه‌ربه‌خۆ و ئازاد و ساغ و ته‌ن و ده‌رووندروست ده‌بێ. من پێموایه هیچ كۆمه‌ڵگه‌یه‌ك نه‌یتوانیوه ئه‌و وێنه جوانانه‌ی بێ ئازادی له نێو هزر و زه‌ینی بیرمه‌ند و گه‌وره هزروانداندا هه‌بووه وه‌ك خۆی له‌سه‌ر زه‌وی بنه‌خشێنێته‌وه، تا ئاستێكی زۆر له دوای دووه‌م جه‌نگی جیهانی چه‌ند وڵات و كۆمه‌ڵگه‌یه‌ك تابلۆی جیاجیایان بێ ئازادی تاك و كۆمه‌ڵگه‌كانی خۆیان نه‌خشاند، به‌ڵام هه‌ر نه‌گه‌یشتنه ئه‌و وێنه

ئینسانیە باڵایانەی ڕۆچکە و قوتابخانە فیکری و فەلسەفیەکان پێیانوابوو دەنە دی ئەگەر هەلومەرجە لەگەڵ یەکگونجاوەکانیان بۆ بێتە دی.
لە کۆمەڵگەی خۆشمان ئەم وێنانە هەر لەسەر کاغەزەکان ماونەتەوە و نەپەیونەتەوە مۆشکی دەسەڵات بەدەست و جێەو بە دەستەکان. ئەم هزرە پێویستی بە پەروەردە و فێرکردنێکی لە سیستم داڕژراو هەیە و هەروا بە گۆترە نایەتە دی.

ڕۆشنبیری گەندەڵ ..... محەمەد تەها حوسێن

ئەوە هەر بەناو حزب و ڕێکخراوە ناسیاسیەکان نین ئاڵوگۆڕدی لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا بەرهەم دێنن، بەقەد ئەوەی ئەوەندە و بگرە زۆرتریشمان ناڕۆشنبیر هەن کاری بنچینەییان بۆاوکردنەوەی بۆئاڵوگۆڕدی و هەڵشبینکردنی تاکەکانە لە کۆمەڵگەدا، کە من ناویان لێنانێم(کۆلکە ڕۆشنبیر) چون (کۆلك) لە بنچینەدا دارکی بەرداری لاو و پڕ ژیان و جولە بووە.

ئێمە لەسەر هەموو ئاستێك دەبێ باوەڕمان بەوە هەبێ و تەنانەت دانیش بەوە دابنێین کە گەندەڵی نەك هەر کایەی ئابووری و سیاسی ئەم سەرزەمینەی ئێمەی گرتۆتەوە، بەڵکو کایەی کۆمەڵایەتی و کولتووری و پەروەردەیی و ئەخلاقیشمان کڵۆر یا باشتر وایە بڵێین بڵگەن بووە بە گەندەڵیەوە و من لای خۆمەوە بڕزم دەبێتەوە و پشموایە کەمترین ڕایەڵەی پەیوەندی هەن بە سیاسیەکانی ئەم هەرێمەوە بمبەستنەوە کە من تا ئێستا لێم ونن .

کە یەکێك تووشی دەردێك دەبێ و پێیەوە دیار دەبێ و لای کەسانی تریش دەیدرکێنێ، مانای ئەوەیە ناڵە ناڵیەتی و گیرۆدەیە بە دەستیەوە و ئاواتی ئەوە دەخوازێ هەرچی زووە لێی ڕزگار بێ و ئەم شعورەشی پەیوەستە بە پەیبردن بە جەستە و ڕۆزگرتنیەوە.
کە یەکێك کێشەیەك یا نەخۆشیەکی دەروونی یەخەی دەگرێ و هەست دەکا وەك جاران نەماوە و ڕەفتاری هاوسەنگ نیە، کە درکاندی و هەوڵی دا

ئەو بەڵایەی لەکۆ بۆتەوە، ئەوا ئەو کەسە وریا و هوشیارە بە خۆی و ئاستی زیان و قورسایی کێشەکە دەزانێ ، هەر بۆیە چەندین هەنگاو لە چارەسەر نزیکتر دەبۆتەوە. بەڵام کە سوور بوو لەسەر ئەوەی نەخۆش نیە و هیچ کێشەیەکی لەو جۆرەی نیە، ئەوا چارەسەری دوور دەکەوێتەوە و بۆ ماوەیەکی درێژ و هەنگە تا مردن قۆناغەکانی کێشە و نەخۆشیەکەی سەختر بن و خۆیی و دەوروبەرەکەشی تووشی بەڵا بکا و لە لایەکی دیکەشەوە ئەو کەسە پەی بە دەروونی خۆی نەبردووە و Self Perception ی یا self awareness ی واتە(پەیبردن بە خود) ی لە ئاستێکی هەرە نزمدایە.

کۆمەڵگەی ئێمە هەم جەستە و هەمیش دەروونی نەخۆشە، هەردووکیانی لە بارێکی گەندەڵ و پەککەوتوویدایە، بەڵام تا ئەو ئاستە نیە کەوتبێت و ئیدی تا ئەبەد هەڵنەستێتەوە.
تا ئەو ئاستە نیە گۆشەگیر بووبێت و نەکەوێتە ژێر باری چارەسەر و ئومێدی بە چاکبوونەوە بڕابێ و هەر هەوڵێك بۆ دەربازبوون هەتکاتەوە. ئومێد بۆان هاستەوخۆ پەیوەستە بە شکستهێنان لە دژینەوەی مانا بۆ ژیان و دژینەوەی ڕۆگە چارەی گونجاو بۆ کێشە و قەیرانە هەمەجۆرەکان، بەڵام لە هوانگەی خوێندنەوە عەقلانی و زانستیە هەمە لایەنەکانەوە.

هەموو لایەکمان بە تاك و گرووپ و حزبی و ناحزبیەوە قسە لەسەر نەخۆشی و تلانەوەی کۆمەڵگە بەدەست گەندەڵیەوە دەکەین و بەشکی زۆریش کە لە بنچینەدا هوشیارن بەو نەخۆشیە و پێشبینی مەترسی و دەرەنجامەکانی دەکەن و هیواخوازن تا هادەیەکی باش ساغ بینەوە و بچینەوە ئاستێکی ماقول لە دروستی جەستەیی و دەروونی، ئەو بەشە لە کەسە هوشیارەکان پێیانوایە ئومێد لە نێو ئەم بەسەروبەریەدا هەر دەبێ چەکەرە بکاتەوە و لە هاستیشدا کاری سەرەکی و ئینسانیی ڕۆشنبیری هاستگێ و پاك و هاوسەنگ هاوسەنگیە لە قسەکردن لەسەر گەندەڵی هەمەلایەنە و دواتر بەشداربوونی لە دژینەوەی دەرچە عەقلانیەکان جا بە هەر شێوەیەك بێ لە بەشداریکردن، دوای ئەوە ڕۆشنبیری حەقگێ و حەقنووس هیچ کاتێك وەك سیاسیەکانمان دەسەڵاتی خۆی خراپ بەکارنابا و نایخاتە خزمەت بەرژەوەندیە خودیەکانی خۆیەوە نەوەکا وەك ئەوان بخزێتە نێو عوساب و هەوەس و توخمەی چێژبازیەوە.

ئەو هەوەسبازە عوسابیانە هەر لە بنچینەوە (بوونەوەری نێو زڕابەکان*)ن و خۆشیان لەو جۆرە قەڵەو بوونە بە نەخۆشی دێ کە سەرەنجام چێنیان دەست کەوتووە ئاوا بە سانایش لەدەستی دەدەن،

ئەم جۆرە لە گەندەڵ، زیندەوەر بەڵێ زیندەوەری سەر لاشە مردووەکان و کەلاکە تاقەت لێبڕاوەکانن و وەك کرم و قاڵچە و سیسرکە و دەعبای سەیر سەیر ژیانیان تەنها لەسەر بۆن و بەرامی گەندەڵیە و هەرگیز نایانەوێ بچنە ژێر باری هەر سیستمێکەوە و پاشان بە کردار و گوفتاری خۆیان ڕێگای سەرەکیان هەبووە لە نائومێد کردن و نائومێد هێشتنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان.
با چیدی وێنەکە ناشیرین نەکەم، نەیشوێنم و بۆمەوە سەر بابەتی (نائومێدکردن) و ڕێگای کەسانێکی زۆر لەوانەی تەنها عینوانی ڕۆشنبیریان لە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان وەرگرتووە و قەوارەی بەشداریان لە گۆڕانکاریە کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئەکادیمیەکان هیچ شایەدیەکی لەم جۆریان بۆ نادا، چون لە بنچینەدا لە نێو خۆیاندا قەوارەیان نەگرتووە و ئەوان لە نێو قەوارەی حزب و گرووپ و کەسێتی دووەم و سێیەمی خۆیاندا دەدۆن.

گرووپگەلی ئەم هەرزە نووسەر و ڕۆشنبیرانە تەنها هاوێنی قسە و سادە نووسین لەو بابەتە ئاشکرایانەدا دەدۆزنەوە کە بەگە نەویستن وەك گەندەڵی و دزی و خیانەت و ....تاد، ئەوان تەنها ئەوەی پێیەوە ماندوو دەبن ترش و خۆ کردنیانە و دواتر بە ئاراستەی نادیار ڕێشتن و بە ئاراستەی تاریکی و ئاراستەی ناشیرینی و ناڕێکی ئەگەر عەقڵکی پشکنەری ورد و خەمخۆر و پاك و بگەردی لە پشت نەبێ ئەوا ئاسان لەسەر زەمینەی گەندەڵی و نالەباریدا دەخزێ و هەڵدەخلیسکێ و خلیسکانیش تا ئاستێکی زۆر کۆنتڕۆڵ لەدەست خاوەنەکەی دەباتە دەر.
بەناو ڕۆشنبیرەکانی ئێمە، هەڵبەت ئەوانەی هەمیشە خزیون و لە خلیسکانێکی بەردەوامدان وەك سیاسیەکانمان دنیایەك گرێ و گۆڕەی سایکۆلۆژیان هەیە و تا ئاستێکی زۆر پیادەی ڕۆچکەیەکی هەڵەی مومارەسەکردنی ئەرکی ڕۆشنبیری و دەسەڵاتی ڕۆشنبیرن و ئەوانیش بە جۆرێکی تر عوسابی و هەوەسبازن و چێژی بوون و بەردەوامیان لە نائومێد کردن و دیسانەوە نائومێد هێشتنەوەی کەسەکانە، چێژیان لەسەر گریاندنی خەڵك و کولاندنەوەی برینەکانیانە، چێژیان لە سازکردنیانە بۆ هێنانی ئەم خەڵکە عەوامە کولتوور گەندەڵە بۆ بەرەی خۆیان تاوەکو شەڕی بەرەکەی دیکەی گەندەڵیان پێبکەن و سەرەنجام ئەوان لەمبەر بەرزی دەکەنەوە و ئەمانیش لەم بەرە کەپسی دەکەن.
من پێموایە گەندەڵی نەخۆشیەکی ئەخلاقیە لە هەناوی کولتووری ئێمەدا خانەخوێی هەمیشەیی هەبووە و بووەتە نەخۆشیەکی درێژخایەنی ئەوتۆ کە هەمیشە بە چارەسەرە شکڵ ئامێزەکان هێشیان خستوینەتەوە بەر. چارەی بە شکڵ هەژاندوونی و بۆ ماوەیەك هاتووینەتەوە هۆش و

ئەوەندەی نەبردووە کەوتووینەتەوە نێو باری بێهێشیەوە.

□□شنبیری جیددی بە هیچ شێوەیەك نابێ دەسەڵاتی □□شنبیری خۆی تەنها بێ بایەبوونی خۆی بەکاربێنێ و هەر کە گەیشتە ئەوەی ئەهریمەنەکەی ناوی لێی دەوێ ئیتر بحەسێتەوە و ئۆخەی بکا. □□شنبیر بەرهەمهێن و وەبەرهێنی □□حی کۆمەڵگەکانی ئەم زەمەنی ئێستای تەکنەلۆژیای مەعریفەیە و ناکرێ هێشی لای سنووورەکانی گەندەڵبوونی خۆی و گەندەڵی بە گشتی ببڕێ، ئەو داهێنەری بەهاگەلێکە و هەمیشەش لە هەسووڕ و داسووڕی ئەم بەهایانە بە ئاگایە و ناهێڵێ بگەن بکەن و لە سنووورەکانی پیرۆزی و گەندەڵی نزیك بنەوە.

بڕچاوێنی بین لای خۆمان ئەوەندەمان کەسی سادە و سادەلەوح وەك □□شنبیر ناساندوون وەك ژمارە لە زۆر گەورە وڵاتی دنیا زیاترمان لێو کەڵە مرۆڤانە هەن!!، ئەگەر بیانخەینە نێو کەشکی ئەزموونکردنەوە بۆوا ناکەم بەقەد پەنجەی یەك دەستیان لێدەرچێ.
□□شنبیری جیددی کەسێکی زۆر ئاساییە، تەنها ئەوەندەیە هوشیارە لە سنووورەکانی پاکی و ناپاکی و باشیش دەزانێ بە چی دەبین بەو ئینسانانەی ژیان لە خۆشەویستی و پاکی و ڕاستگۆیی و ئازادی و ..... تاد یدا دەبینن. □□شنبیر لە هیچ بڕگەیەکی زەمەندا نابێتە ئایکۆنکی پیرۆز و بەدەر لە هەڵە، ئەو تەنها ئەوەندەیە وریایە لە خۆی و ئەو خودە گەورەترەی هەموومان بەیەکەوە بەشدارین لە بە زیندوو هێشتنەوەی کە کۆمەڵگەیە، ئەو وریایە لەو نەخۆشیانەی هێزمان لێدەبڕن و دامانێدەوەشێنن، هوشیارە لە هەموو ئەو ڤایرۆسانەی گەندەڵی ئەگەر قەلاچۆیان نەکەین قەلاچۆمان دەکەن.
ئەو ئیش لەسەر ساغ هێشتنەوەی عەقڵ دەکا بێ ئەوەی هەمیشە کۆمەڵگە بە هوشیاریەکی عەقلانیانەوە بجوڵێ نەك لە ژێر کاریگەری هەڵچوون و سۆزدا.

ئەگەر □□شنبیر گەندەڵ بوو سیاسیەکان و ئەهلی بازاڕ هیچ گلەییەکیان لێناکرێ چون لە بنچینەدا ئەوەش دەدزن کە □□شنبیر هەیەتی و جگە لەوە چیتری نیە کە مەعریفەکەیەتی و وەك بیانوو و پەپ بێ شاردنەوە و پێشینی کرێتی و گەندەڵیەکانیان بەکاری دێنن.
زۆر بوون لەو □□شنبیرانەی لە مژوودا بوونە □□نیشاندەری گەورە خوێنمژی گەورە و هزر و مەعریفەیان بووە چوارچێوەیەك بێ فاشیزم و نازیزم و چەندین (یزم) ی تر.
زۆریشن لەو بەناو□□شنبیرانە لای خۆمان کە تەنها دەنگن و دیبلۆماسیانە و دواتر فاشیانە دەم بە مایکی تەلەفزیۆنەکانەوە دەنێن و پیت و وشە کرچ و کاڵەکانیشیان لەسەر کاغەز و بە دیجیتاڵ

دەنەخشێنن.
ئاخخخخخخخخ لەو ێێێێێێێێشنبیرانە
ئێفففففففف لەو هزر گەنیوانە

_
ێ لە سەر ریتمی ناونیشانی ێێمانێکی برای بەێێزم جەبار جەمال غەریبە.

بە بێن کەوتنی نەتەوەیەك لە " بێنی بنیادەم" ی جەلیل کاکەوەیس دا ... محەمەد تەها حوسێن

ێێمانی " بێنی بنیادەم " ی ێێمان و چیێێکنووسی بەناوودەنگی کورد هاوێێم " جەلیل کاکەوەیس " م خوێندەوە، چێژێکی ئەدەبی زێرم لێ وەرگرت. لەوانەیە ئەم چێژە بەستراوەی باش چنینی خەیاڵ و جوان داڕشتنی زمان و پاکی هاڕمۆنیای ڕوداوەکان و نزیکی ێێحی مەولانا بێ لە ێێحی من و مامێستای گەورە جەلیل کاکەوەیس.

ێێمانەکە مانیفێستێیەکە بێ لێبوردەیی و هێنینەوەیەکە لە تووڕەیی و تابلێیەکە لە ڕەنگاڕەیی، کە هەمیشە دەمانباتەوە سەر جیاوازیەکان و ڕیتمە سەرسامکەرەکانی دەنگ و ڕەنگە جوداکان. مامێستا جەلیل دێنادێنی ێێحی مەولانا خالید بووە و لە ژێر گوشاری نادادپەروەری و ناشیرینی و تاڵی و تێشی ئەم زەمەنەی ئێمە گەاوەتەوە زەمەنەکەی مەولانای نەقشەبەندی و هەموومان بەیەکەوە دەباتە هیندوستانی فرچکگرتوو بە ێێحی بوزا بێ خزمەت شا عەبدوێێای نەقشبەند بەو مەرامەی لە ێێحی ئەو بنێشین و بە هێشی ئەو ببینین و لەسەر دەستی ئەو فێری ئێستاتیکای جیاوازیەکان و بەزم و نەزمی ئاوازەکانی دێ و دەروونە پاکەکان بین.

لەم سەفەرەیدا کاکەوەیس لە خزمەت مەولانا خالید بۆ ماوەی چوار مانگ خەوەتی هەبژارد و من لای خەمەوە حەزم دەکرد منیشی لەگەڵ بوام بەڵکو نەمهێشتبا ئەم چوار مانگەی بەس بێ و هەر نەبوا بەیەکەوە زیاترمان لە ڕۆحی مەولانا نەشیبایە. زەمەنی کاکەوەیس لەم ماوانەدا سەرەتا هەواشە تا بە هاوڕێیەتی مەولانا دەگاتە هیند و پاشان لە گەڕانەوەیاندا کەمێ خەرایی زیاد دەکا و لەوانەشە ئەم خەراییە زیاتر لە نەستی کاکەوەیسەوە پەیوەست بێ بە زووتر گەیشتنەوە نیشتمان بۆ ئەوەی هەر بەتەنها ئەوەی لەم گەشتە ڕۆحانیە چنیویەتەوە بەتەنها نەیخوا و بەشی هەموو ئەوانەی لێ بدا کە وەك ئەو تینووی بەرزبوونەوەیەکی وەجد ئامێزن بێ سەری سەرەوە و وەك ئەو ئومێدی هاتنە ئارای هەموو ئاواتەکان دەکەن و ئارەزووی نیشتنەوەی ڕۆقە ئەستوورەکانی وەاتخەرکەکان دەکەن بۆ ئەوەی بە هەشکی مەولانایی و بە ڕۆحکی شاهانە، ئەمما شاهانەی سفیانە بۆنەوە ئاستی خەکەکەی خۆیان و چیتر لە لووتکەی چیاکانی سامانەوە سەیری ئینسانە ئاساییەکان نەکەن.
زمانی مامۆستا جەلیل لە "بۆنی بنیادەم" دا لەوپەڕی جوانی و شیرینیەتی، وشەسازیەکی شارەزایانەی تیایە و بە گڕ و گۆپە و ئاوازی ریتمە زمانەوانیەکە لەگەڵ خۆیدا دەمانبات و نامانوەستێنێ.
تەکنیکی بەکارهاتوو شێوازێکی هونەریانەی پڕوە دیارە و گۆڕانەوەی نەخستەتە ئەستۆی تاکە گۆڕەوەیەك و گرنگ لەم ڕۆمانەدا ئەوەیە دوو یادگە یەکگیان زیندوو و ئەوەی تریان نوسراو لە نێو دەفتەرەکەی میرزا فەتحەڵی یەکتر دەبن و بوونەوەرەکانی نێویان تا دوا ساتی ژیانیان هاوڕێی یەکترن.

یەکێتی زەمەن بە هەستیاری سیناریزە کراوە و کاکەوەیس ژیرانە توانیویەتی دوو زەمەنی دوور لە یەکتر کە دوو سەدەی جیاوازن بخاتەوە نێو یادگەی کوردەواری، و ئەوەشمان بیردەخاتەوە کە حەیف زەمەن بێ لەوێ ڕۆژەوە هیچی نەهاتەتە سەر و ئەوەتا دنیا لەم دوو سەدەیەدا گۆڕا کەچی ئێمە مانان و سەرداڕەکانمان هەر لەم بەر و ئەوبەر و ئەمسەر و ئەوسەرین و تەزقاڵێ هزرمان لە میزاج جیانەکردەوە و هەردەم کێلەی شادیە ساتەوەختەکان بووین و نەمانتوانی شادی بێ هەموو کاتێك درێژە پێبدەین و وەك یەك بیبەشینەوە.
کاراکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە هەر یەکەیان کەسەکانی سەردەمەکانی خۆیانن، بینین و هەبژاردنەکانی کاکەوەیس لە ڕووی سینگرافیشەوە وریایانەیە و ئەو توانیویەتی کەرەستەی دیمەنەکانی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان بە باشی و لێزانانە بدزێتەوە و بیانخاتەوە شوێنی

خۆیان، هوشیاری بە سازکردنی سینۆگرافیانەی دیمەنەکان هۆشکی دەرهێنەرانەی دەوێ و بۆ ئەم توخمە زەمەنەکان ناناسینەوە.
جەلیل کاکەوەیس لەم ڕۆمانەیدا هەموومان دەخاتە نێو سروودتگەلی سۆفیانەوە و بە ڕۆحە ناسك و دڵە ژووناکەکەی خۆی داوای ژووناکایی بۆ هەموو ئەو دڵانە دەکا کە هەشهەگەڕاون و تروسکایيەك لە گەشانەوەیان تیا نەماوە، چون چیدی بەرگەی ئەم وەستانە زەمەنیە ناگرین، زەمەنی ئەم ڕۆمانە لە زۆر دوور و لە مۆژەوە دەست پێدەکات یاخود جوانترە بڵێین بۆ زۆر دوور دەگەڕێتەوە، بەڵام ساتەوەختەکانی ئێستا کە لێیانەوە دەچینەوە خزمەت مەولانا خالید، لای کاکەوەیس هەمان زەمەنە و ئەمەش ڕەك ئەو زەمەنە میتۆلۆژیەیە کە داریوشی شایگان لە کتێبی" بتە زەینیەکان و یادەوەریە ئەزەلیەکان" باسی دەکا و بەو بازنەیەی دەچوێنێ کە لە هەر کوێیەکیەوە دەستپێبکەی دەگەڕێتەوە هەمان خاڵ. زەمەنی میتۆلۆژی لەم ڕۆمانەدا زەمەنی ژووداوی هەرچی ژووداوی نێو ڕۆمانەکەیە و هەر ئەوەشە ئەو بەد بەختیەی مەولانا وڕێی زەمەنێکی تر دەکا بۆ ئەوەی هەموومان تیایدا وەك یەك دەرنەکەوینەوە.

کاکەوەیس دەیەوێ زەمەنی کوردی بۆ زەمەنە باشلاریەکە وەرگرێ و هەر ئەقەیەکی بۆ ئەوەی تر ببێ بە هێز و ئینۆرژی و تیایدا تین و تاقەت بۆ چالاکیەکانی نێو ئەقە لە دوایەکەکان کۆکاتەوە و جیاوازی زەمەنەکان بە جودایی چالاکیە ئینسانیەکانەوە بناسرێنەوە. ئەو سۆفیانە وشە و قەڵەم و کاغەزی خۆش دەوێ و کە دەشیانەزێنتەوە تێکست دەخەنە سەما و لەگەڵیشیدا خوێنەر بە سەماوە لەسەر ئاوازی ژووداوەکان بەستراوەی زنجیرەیەکی یادەوەری و بەسەرهاتەکان دەکا تا ئەو دەمەی بە حەمدەلەیەك خۆی دەحەسێنتەوە.
دەستخۆشی لە برای گەورە و هاوڕێی هەرە پاك و بەگەردم ڕۆماننووسی گەورە جەلیل کاکەوەیس دەکەم، بە ڕاستی " بۆنی بنیادەم " هەمان بۆنی ڕۆمانە جیهانیەکانی لێدەهات و تام و چێژیشی لەوان کەمتر نەبوو.

گەمە سیمبولیکییەکان ..... محەمەد تەها حوسێن

لە دنیای کۆلاژی ـ گەمە شاراوەکانی باـ ی نەژادی عەزیز سورمێدا

هەر تابلۆیەك خەونێكە و لە حەزێك یا ئارەزوویەك یا ئومێدێك یا پاڵنەرێك چ غەریزی چ کۆمەڵایەتی چ سایکۆلۆژی کەوتۆتەوە، وردەکاریەکی سیمبولیکی ناوە ناوە بەیەکەوە گونجاو و ناوە ناوەش ئاڵۆز، هێما و ئاماژەکان بە ئاسانی نامانبەنە سەر ئەو وێنە ڕاستەقینانەی لە دەروونی نەژادی عەزیز سورمێ هەن، ئەمە بێ بینەر ئەوەندە گرنگ نیە و تەنانەت پەخنەش ئەو مافەی نیە پشکنەرانە هەر دەبێ ئەم وێنە زەینیانەی هونەرمەند سەر لە نوێ بکۆشتەوە.
ئەوەی گرنگە هەستی هەر بینەرێکە ڕاستگۆیانە و ورد هێماکان بگوازێتەوە دەزگەی هۆشی خۆی و لەوێدا ئەوەی دروستی دەکا وێنەیەکی دیکە بێ، فیگەرەکان لەوێدا بەیەکەوە مانایەکی هونەری بدەنێ و کۆتایی بە سەرسامی و ئەوق ماویەکەی بێنن.
هونەری کۆلاژ لەنێو کایەی شێوەکاری کوردیدا ئەوەندە بەر بڕاو نیە و زۆر نین ئەوانەی لە نێویدان، نەژادی عەزیز سورمێ هەمنانە و لە مێژە لەو بوارە چالاکە و لەو پێشانگەیەدا کە ئێستا 16 تا 21 ی 4 لە هۆڵی میدیا کراوەتەوە تێگەیاندین کە شتە لەیەکتر جوداکان و بەیەکەوە نەهاتووەکانیش بۆیان هەیە لە فۆڵمی تازەدا شتی دیکە و وێنەی دیکە و ئینجا مانای تازەیان لێ بەرهەم بێت.

نەژاد لەم کۆ بەرهەمەیدا وردبوونەوە و نەسەقیەتێکی باڵای نیشاندین و ئەوەی بۆ من جێی بایەخ بوو هۆڵە هزری و ڕوانگە مەعریفیەکەی ئەو بوو کە دەمویست لە فیگەر و سیمبولەکانەوە ئاشنای بم و تا ئەو ئاستە توانیم پەی بەوە بەرم کە کاك نەژاد لەو کارانەیدا زۆر بە سەلیقەیەکی جوان لەسەر ڕاستە هێڵێك ڕێشتووە و خودی هونەری خۆی جا چ دنیا تاریکەکەی نەستی چ بەشە ڕوناکەکەی ژیرانە لە جوانکاریەکی سیمبولیکی لە چوارچێوە گرتووە.
تابلۆکان زۆر قۆڵ لەگەڵ خۆیان شێواندەکەنەوە نێو دنیایەکی تاریك لەهەر یەکێکماندا، هەر سیمبولەی بۆ هەرێمێکی نەست دەستمان دەگرێت و لەوێ وازمان لێناهێنێ و یەکسەر تەسلیم بە سیمبولێکی ترمان دەکا بۆ ئەوەی سەرەنجام بمانباتە ئەو قوڵاییانەی لەوێدا بیرکەکان خەستە و ماندوو کەوتوون و نەیانتوانیوە سەراو کەون نەبادا بوونە فیزیکی و کۆمەڵایەتیەکانمان لەبەین بچن، هەر بۆیە ئەم خودە ماندو

و خەستەیە سیمبولگەلێکی کردەتە نمایندەی خێی بێ ئەوەی لە دنیای بەرجەست و بەرهەستدا ڕووی ئەو نمایش بکەن و کەس کە لێرەدا نەژادە وەك دیاردەیەکی ئینسانی گونجاو لەگەڵ ترادیسیۆن بگۆڕنەوە.

ئەم هونەری کۆلاژەی نەژادی عەزیز سورمێ گونجانێك لە نەگونجاو دەنێتە ئارا، یا باشتر وایە بڵێین نەگونجاوەکانی ئەم دنیایە کە لەدەرەوەی نەسەقیەتی سیستم و ئێردەری ژیانی کۆمەڵایەتی ئینسانی کەوتوونەتە ژەنینی ناخۆشترین ئاواز بێ ژیان ڕێك دەخاتەوە، بەیەکەوە بەستنەوەی جوداکان بەردەوام بوون نیە لەسەر پیرۆزکردنی ترازان بەقەد ئەوەی ڕەخساندنی کەشێکی ئێستاتیکیە بێ جوانبینینێك کە هەمیشە لە جوداکانەوە ئەم جوانیە فەراهەمە.
کارێ گێستاف یۆنگی سایکۆلۆژیست و میتۆلۆژیست هەمیشە خەونەکانی خێی دەنووسیەوە و لە سکێچێکی شێوەکاریدا دەینەخشاندن و جاریواهەبوو لە پەیکەرێکدا سیمبولیزەی دەکردن، ئەو بەو جۆرە دیاردە هونەریە سایکۆمیتۆلۆژیانەی دەوت ـ ماندالا ـ لەو وێنە ماندالاییانەدا بێ سیمبولە سەرەتاکانی هزری یەکەم مرۆڤ و یەکەم کەسێتی و یەکەم خەون دەگەڕایەوە، ئەو پێیوابوو هەر کەسە بە جۆرێك سیمبولیزەی خەون و زیندە خەونەکانی دەکات و هەر سیمبولەش لە خەونەکانیاندا بێ هەر یەکێك مانایەکی هەیە و ڕاستەوخێ یا ناڕاستەوخێ بە نەستی مرۆڤوییدا شۆڕدەکاتەوە و دەیباتەوە سەر ئەو یەکەم فیگەرەی کە یەکەم مانای دراوەتێ.

لە تابلۆکانی سورمێدا ئەو ئاگری مەعریفەیەی بەمیسیۆس بێ هەموومان لە هیفاستۆسی دزی تا پێی گەرم دابێین و لە قەسرین ڕزگارمان بێ زۆر بە دەرکەوتوویی دیارە، ئەم ئاگرە هەر ئەوە نیە خۆمانی لەبەر گەرم دەکەینەوە و خواردنی پێ ساز دەکەین و دەمانسووتێنێ و گۆشەیەك لە بوونمان پێکدەهێنێ، بەڵکو ئاگر بووەتە بەشێك لە پێکهاتەی کیمیکیمان و ئەم کیمیاگەریەی ئاگر ناوە ناوە بەر دەبێتە بیۆلۆژیای جەستە و لەوێشەوە بەرەو ڕۆح بەرز دەبێتەوە و لە وێدا لە ئێرگازمێکی ڕۆحیدا ئەو شادمانیەی ئاگر دەمانخاتە بەهەشتێکی ئەبەدیەوە.
ئاگرەکەی بەمیسیۆس لە چاو و گەردەن و گێزنگ و قەدی دار و پەیژە و کەمەڵك ئیکسسواری دیکە تروسکایی و گەرمیەکەی هەست پێدەکرێ و لە کۆتاییدا گەشتە ئاگرینەکەی سورمێ هەموومان دەباتەوە سەر ئەو کانیاوەی هەر لەگەڵ یەکەم دەمتێنانی شلۆمان کرد و تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ هەموومان هەر لەو ئاوە شلۆیە هەڵدێنجین و لەوساشەوە پێخەواتی سەیر سەیر دەکەینە خۆراکی ئاگر و هەر بۆیەش بۆسکەی

تاوەکو ئێستا هەر بەکروزی زەمەنە سەرەتاکانی مرۆڤی لێدێت.

بەرامیسیس بە ئاگر سەرچاوەکانی مەعریفەی بە مرۆڤێك دابینکرد کە زیرەکی هەرگیز نەیدەویست کەسەکان لە ئاژەڵ تێبپەڕێنن، نەوەکا ڕۆژگارێك دابە چاویان بکەوێتە سەر ناز و نیعمەتەکانی زیرەک و دواتر لە سیناریۆی جیاجیادا لێیهەگەڕێنەوە.
ئەوەی نەژاد نیشانمان دەدا لە تێگەیشتنی من بە هەموو سیمبولیزەکردنەکانیدا دەزینەوەی ئەو ئاگرەیە کە دوای بەخششەکەی بەرامیسیس سەر لەنوێ لەمان دزرایەوە، دزرانێك تا ئێستا هەر بە دزیەوە کەسەکان لە چوارچێوەی هەر کەلچەرێك بە گەرماییەکەی بۆی خۆیان دەشکێنن، دزرانی ئاگر دزینی تواناکانی مەعریفە و بیرکردنەوە و عەقلانیەت بوون، دزەکردنی نەژادی عەزیز سورەم لە ڕێگەی سیمبولی سەر سەیر بە قاچاخە ڕۆی سەیر سەیر دەیباتەوە سەر ئەو سەرچاوانە بە ئەوەی کەمێك لە هەڵەرزینەکانی خۆی ئارامکاتەوە، جا ئەم گەشتە بە ئاگاییەوە بێ یا بێئاگا گرنگ ئەوەیە ئەو ڕاستگۆیانە و هونەریانە لە کەرنەقاڵکی سیمبولیکیدا بەشێك لەو تاریکستانەمان بۆ ڕووناکدەکاتەوە.

سەرەتاکانی فرینیای عەقڵ...سەرەتاکانی فرینیای زمان ... محەمەد تەها حوسێن

زمان، دووەم نیشانەیە لە دەیان نیشانە لە مرۆڤدا شوناسی کولتووری و نەتەوەیی کەسەکانی پێ دەردەکەوێ، یەکەمیان جل و بەرگ و شێوەی نەخشاندن و سازانیەتی و ئەوەی تریشیان زمانە. یەکەمیان هێمایەکی ماددی بینراوە و دەکرێ کەسانێك بیپشن لەو نەتەوەیە نەبن و دووەمیشیان هێمایەکی بەرهەست و ئەبستراکتە و دەکرێ کەسانێك پێی بدوێن کە دیسانەوە سەر بەو نەتەوەیە نەبن.

جلە نەتەوەییەکان لای زۆربەی نەتەوەکان تەنها بونەتە میراتێك لە نێو کەلەپوور و ناوە ناوە کەس و گرووپەکان بە ساتگەلێك دەچنەوە ئەو قالبە و وەك وێنەی باوانیان دەردەکەونەوە، ئەمەش هەنگە وەك

یەنگ دەڵێ پەیوەست بە بەو نموونە یەکەمە architype ی لەسەرەتاوە هەموومان لەوەوە ئەم میراتەمان بە ماوەتەوە. هەر بۆیە لەمێژدا تەنها ئەو نەتەوە و گرووپانە هەمیشە بە جلە نەتەوەییەکانیانەوە دەردەکەون و لێیدانابڕێن کە خۆیان بە پارێزەری کولتوور و کەلەپوور دەزانن و لە ترسی ونبوون یا تاوانەوەیان لە بەرانبەر بژاردە مێدێرنەکان لە جیاتی ئەوەی عەقڵ بکەنە قەڵغان بە جلوبەرگ خۆیان لە کاریگەریە خودبەەکان دەپارێزن.

ئەوەی من لێرەدا قسەم لەسەریەتی لایەنە لۆژیکیەکەیە لە شیکردنەوە و ڕاستەوخۆ ئەو ناساندنە دەگرێتەوە کە پەیوەستە بەوانەی سرووشتیانە ئەو هەمایانە دەیانبەنەوە سەر نەتەوە یا گرووپە ئیتنیکیەکانیان و زمانیش وەك دەرکەوتێکی سرووشتی هەروەك چۆمسکی دەڵێ خۆسکانە دەرکەوتووە بەڵام لە مرۆڤدا دەرکەوتووە و پەیوەستی بنەمایەکی فیزیۆلۆژی و فسیۆلۆژیشە و لەسەر ئەم ئامادەباشیە سەرهەڵدەدا کە لە ڕووی ژینیتیکیەوە بۆی ساز بووە، مەگەر نا ئەم دیاردە ئینسانیەمان لێ وەدەر نەکەوت.

واز لە جل و بەرگ و پێشاك دێنم و هەر لەسەر زمان قسە دەکەم، زمان بۆ ئەوە دەرکەوتووە شتی پێ پەیبەرین و بناسین و هۆشمانی پێ دامەزرێنین، بۆ ئەوە دەرکەوتووە مانای پێ بدەینە هەموو ئەو شتانەی لە ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤ هەن یا دەبزوون. ژیان هەروەك فۆید دەیووت پێویستی بە "بیر"ێکی بەهێزە، ئەم بیرە لای فرانکل بووەتە "مانا" بۆ ژیان. تەنها مرۆڤە هەست بە ژیانی خۆی دەکا و دەشزانێ چۆن سەرەتای هەیە ئاوەهاش کۆتایی بە ژیانی دێت، هەر بۆیە ئەو ژیانەی دەیژیێ، ئەگەر بە ماناوە نەیباتە سەر لە خودی ڕەسەنی خۆی دادەبڕێ و تا ماوە بە خودێکی ساختەوە دەگوزەرێنێ.

ماناکان لە زماندا هەما وەردەگرن و دەپارێزرێن و وردە وردە گەشە دەکەن، لە زماندا هزر وەردەگێردرێتە سەر وشە و دەنگ و سیمبولیزە دەبێ. زمان دنیایەکی تری لە نێو ئەو دنیایەی تیایداین، کە وەك بوونەوەرێکی بیۆلۆژیکی لە دایك دەبین دێینە (دنیای یەکەم) کە ئەم سەرزەمینەیە، کە زمانیش دەگرین دەچینە دنیایەکەی تر و ئەگەر هوشیارانە ڕێی بوونێکی عاقڵانەی تیادا پیادە نەکەین ئەوا ناتوانین ئەم دنیا ئەبستراکتە جوان بسازێنین و بناغە و ڕاساکانیشی بە لەرزێکی ئەولا و ئەملا دەکەن.

لەرزێکیی زمان پەیوەستە بە لەرزێکیی عەقڵەوە، عەقڵی چالاك زمانی چالاك دێنێتە بەرهەم، عەقڵی زیندوو زمانی زیندوو دروست دەکا،

عەقڵی بەهێز زمانی بەهێز دەنێتە ئارا و دواتر (هێزی زمان) کولتووری بەهێز لە خۆیدا دەباتە دەرەوەی خۆی و سنوورەکانی فراوان دەکا، هەروەك چۆن زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیسپانی و رووسی و عەرەبی و فارسی و ئەڵمانی و.....تا ئەو ئاستەی ئێستایان فراوان بوون.
زۆر جار فراوانبوونی زمان پەیوەست بووە بەو هێز و دەسەڵاتانەی لە داگیرکاریەوە کەوتوونەتەوە، بەڵام خۆ داگیرکاریش ئەگەر جۆرێکی دیاری شەڵانگێزی بووە، ئەوا عەقڵێکی شەڵانگێز و فراوانخواز بەکاریبردووە، مەرجیش نەبووە ئەم ئاستە لە فراوانبوون بە پێوەرە عەقلانیە ئینسانیەکانی ئەم دوادواییە گونجاو بووبن، گرنگ ئەوەیە ئەوەی هەبووە بەشێك بووە لە گەشەی مێژوویی مرۆڤایەتی و لەمێژدا پێوەرەکانی هێز و عەقلانیەت بەستراوەی نێم و ستانداردی ترن.

لە زمانی کوردی خۆماندا دنیایەك ڕێچکە دەدزینەوە دەمانبەنەوە سەر سەرچاوەکانی لاوازی عەقڵی کوردی، هەر لە بەڵێوەچوونی کەمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی و ئابووریەوە بگرە لە سەردەمە هەرە کۆنەکان و ئۆرگانیزەبوونە شێ و شەپێوەکانەوە، تاوەکو دۆخە ناتەکمە و لەرزەکەکانی وا بێ سەدەیەك دەچێ تێیان کەوتووین.
لە مێژووی خۆماندا چون پەرتەوازەیی بە ژیانی فەرهەنگیمانەوە دیاربووە و نەمانتوانیوە بەسەر کۆسپە جوگرافی و تێبۆگرافیەکان زاڵبین و جەستەیەکی کولتووری لەسەر زەمینێکی بەیەکەوە بەستراو سازکەین، ئاوەهاش زمانەکەمان لە دۆخی دابڕانی سیاسی و کەمەڵایەتی و فەرهەنگی چەقیوە و نەیتوانیوە لە شێوەیەکی ستانداردی نەتەوەییدا خۆی بە دنیای دەرەوە بناسێنێ.

دەرکەوتنی زمان بەم شێوە نایەکگرتووە لە ئەستۆی خۆی نیە، زمان هەر ئەوەندەی پێکراوە خۆی لە لەناوچوون بپارێزێ و ئەو هێزە سروشتیەی هەیبووە پاراستوویەتی و ئەوە نەتەوە و ئۆرگانەکانیەتی نەیانتوانیوە بە ئەرکی نەتەوەیی و بەر لەوەش عەقلانی و ئینسانی و کەمەڵایەتی و ئەخلاقی خۆیان هەستن و ئەم توخمە سەرەکیە کە یەکێکە لە مەرجە هەرە سەرەکیەکانی نەتەوەبوون و نیشتمانسازکردن و بە کەمەگە بوون لە خۆیاندا پتەو بکەن بۆ ئەوەی بەو مەرجە هەنگاوی درێژتر نرابان لە پێناو پێکەوەنانی ژیانێکی مانادارتر لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسی وەك هەر یەك لەو قەوارانەی ئەمڕۆ لە دنیادا لە چوارچێوەی سیاسی و ئەتنیکی و کەمەگەیی ئاخنراون.
مەرجی زمان لە نێوان سێ مەرجی دیکە بۆ پێکهاتنی گەل و نیشتمان لە هەموویان بە هێزترە و نەتەوە هەبووە تەنها بەو مەرجە توانیویەتی

خۆی لە قالبی وشات بخزێنێ و قەواره بۆ خۆی دروست بکا و مەرجەکانی تری وەك خاك و مۆژووی ئەوەنده پتەو نەبوون.

ئەمانە هاستی تاڵی مۆژووییەن و ئەو مانایەش ناگەیەنن کە ئیدی کێشەکە مادام مۆژووییە و لە مۆژە ڕیشەی داکوتاوە ئیدی هەروا دەمێنێتەوە و ڕووی بەرەو چاکیی نییە. ئەگەر نەتەوە بوونێکی سروشتی بووە و پەیوەست بووە بە دابەشکاریە کولتووریەکانی دنیا، ئەوا (گەل) بوونێکی دەسکردی مرۆڤە و وەك (ئانست ئێنان) و (هێزباوم) دەڵێن دەکرێ دروست بکرێ. هەر بۆیە نەتوانینی ئێمە تاوەکو ئێستا بۆ ستانداریزە کردنی زمانی خۆمان، ڕیشەکانی لە نەتوانینی عەقڵی کوردی بووە بە درێژایی مێژوو، لە خۆ بە فیدراسیۆنکردن و خۆ ئێکخستن و مانەوەی بەم شێوە پچڕ پچڕەش کەسێتیەکی نەتەوەیی یەکگرتووی خاوەن خەسڵەتی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و کولتووری ئینسانکردی بۆ نەهێناوینەتە ئارا.

دەرکەوتن لە فۆرمی کەسێتیەکی تێکمە لە دیدی (گۆستاف لۆبۆن) دەرکەوتنە وەك جەستە و کولتوور و تێکڕکی بەهایی یەکگرتوو کە دواتر لە مۆژوودا وەك قەوارەیەکی خاوەن شوناس دەردەکەوێ.
لەوانەیە هیچ سەردەمێك وەك ئەم دەخەی ئێستا تیایدا ین سازکردنی ئەم توخم و بنەمایانە سانا نەبووبن، ئەویش بە هۆی کرانەوە ئیفڕمیستیە عەقلیەکانی خۆرئاوا و پەرەسەندنی هزری لۆبوردەیی و هاتنە ئارای بەها دیموکراسیەکان و پیادەکردنیان لە زۆربەی شوێنەکانی دنیا. کەمتەر خەمی کاراکتەرە سیاسی و تەنانەت دینی و فەرهەنگیەکانی ئێستا لە مەیداندا هەن بەردەوامی سۆبوونەوە مۆژووییەکەی عەقڵی خۆمان درێژە پێدەدەن و پێماندەکەن ناتوانین لە ژێر کاریگەری وێنە سەرەتاکانی هزر و عەقلی پێشان دەرچین و تا ئێستاش ئەوە هەر ئارچیتایپی یەکەمە کۆنتڕۆڵی کردووین و بەرماناداتە.

سکیزۆفرینیا کێشەیەکی سایکۆلۆژی و عەقڵی عاسۆ نییە، هەلومەرجی ساز و لەبار هاوکار دەبن لە هۆربوونەوە و ئارامبوونەوە و هێنانەوە سەر ڕیتمە عەقلانیەکە لە جیاتی مانەوە لەسەر ئاوازی هەڕچوون و هەڤتارە سۆزاویەکان. سکیزۆفرینیای سایکۆئەتنیکی نەتەوەکەی ئێمە لە نێو زماندا بە ڕوونی دیارە. ئەوە نیە لە جیاتی داشتنی زمانێکی ستاندارد بۆ ئەو هەرەمە، هەر شێوەزارە بە شێوەی خۆی دەنووسێ و بە شێوەی خۆی زەمەنی کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دوکۆمێنتار دەکا؟، ئەوە نیە لە نووسراوە هێسمیەکان دوو سێ کەسێتی زمان قسەمان لەگەڵ دەکا و دەماندوێنن؟، ئەوە نیە شەی

دیالێکتەکانیش وەك شەی حزب و عەشیرەتەکان چالاکیە دەمارگیریەکانی خێیان گەیاندێتە لووتکە و تەنانەت ئەکادیمی و ڕۆشنبیر و نووسەرانیش خەمی پێکەوەنانی کەستیەکی ساغیان بێ زمان نەماوە و خزاونەتەوە باوەشی نەنك و باپیرانیان و فکر و هزر و شیعر و ....تاد بە شێوە زاری ناوچەیی دەنووسن؟، ئەمە سکیزۆفرینیا نەبێ؟ ئەی دەبێ چی بێ؟.

فرە کەستی زمانی ئێمە نەخۆشیەکی کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی مەترسیدارە و سنوورە سایکۆلۆژیەکانی سکیزۆفرینیای تێپەڕاندووە و لە عەقڵی کوردیدا خانەخوێی خۆی دیوەتەوە. ڕزگاربوون لەم دۆخە فرەروویە هەر بە یاری ئەم حزب و ئەو حزب و ئەو لایەن و ئەمەش نابێ. کۆشەکە لە مشك و شێوازی بیرکردنەوەدایە و ئەمەش هوشیاربوونەوەیەکی ریسکانەی دەوێ، دەمکە کۆمەڵگە لە ژێر باری هێدمە کارەسیاسی و ئیداریە لەرزۆکەکاندایە و هەر بە هۆش خۆیشی نایەتەوە، پێویستە شێوەی چارەسەر بێ ڕزگارکردنی زمان وەك هۆمای سەرەکی ناسینەوەمان بگۆڕێ، مەگەر نا بەم لەرزە وەزیر و شێە وەزارەتانە هیچ ناکرێ.

بیرکەیەك بێ بەهادار کردنی زمانەکەمان... محەمەد تەها حوسێن

با کۆلیژکی تایبەت بە زمانی کوردی لە زانکۆ سەرەکیەکان بکرێتەوە.

پێشتر لە نووسینی دیکەمدا چوومە سەر بایەخی زمان لە ژێر ڕووەوە، لێرەدا تەنها بیرکەیەك لە چوارچێوە دەگرم، لەوانەیە هەم بەشێك بێ لە چارەسەر بێ پەرتەوازەیی زمانی کوردی لە نێوان ئەم دیالێکت و ئەو دیالێکت، ئەم حزب و ئەو حزب، ئەو ناوچە و ئەم ناوچە. هەم دانی پایەیەکی بەرزتر بێ بە زمانی کوردی بە تایبەت لە هەلومەرجێکدا کە هەڕەشەکان نەك هەر لەسەر زمانن بەکو کۆمەڵگە و نەتەوەکەمانی خستێتە ترس و دەڵاوکێیەکی نائومێدەوە.

• کردنەوەی کۆلیژێك لە زانكۆكانی{ سەلاحەددین _ سلێمانی _ كەركوك _ دهۆك} تایبەت بە زمانی كوردی و بە ناوی(كۆلیژی زمانی كوردی). كۆلیژەكە ئەم بەشانە بگرێتە خۆ:-

+ بەشی زانستی زمان linguistic: ستراتیژی ئەم بەشە ئیشكردن بۆ لەسەر بەیەكەوە گونجاندنی ڕۆسا و بنەماكانی هەر هەموو شێوە زارەكان و هەوڵدان بۆ یەكخستنیان لە چوارچێوەیەكی ستانداردی ماقول، كە سەرەنجام هاوسەنگییەكی ئۆرگانیكی بەدەر لە كاریگەری میزاج و باری دەروونی ئەم لایەن و ئەو لایەن بێنێتە ئارا، هەروەها دانانەوەی زمانی كوردی لەسەر ڕەهەڵك كە وەك بوونێكی زیندوو بكەوێتە نێو پرۆسەی كۆمیونیكەیشن و دانوستانەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ گەشەی زانستی و تەكنەلۆژی و كۆمەڵایەتی و كولتووری خەڵكان و دنیادا بێوات. لەگەڵ بۆچوونەكان بەو ڕاستیەی زانستیەی كە شێوە زارەكان بوونی ڕاستەقینەن و لە هەموو زمانێكدا بە زیندوویی هەن و ئەوەی هەموویان لە بوونێكی ستانداردا كۆدەكاتەوە تەنها فۆرمێكە بۆ بەیەكەوە بەستنەوە، تاوەكو كردەی كۆمیونیكەیشن و دەركەوتنی كولتووری وەك یەكێتیەكی هەمەڕەنگ بەردەوام كردەیەكی ئۆستاتیكی بێ.

+ بەشی ئەدەب: لەم بەشەدا بە هەمان ستراتیژی زمان كار بۆ ئەوە بكرێ هەموو بوار و ژانرەكانی ئەدەب لە شیعر و چیرۆك و ڕۆمان و فۆلكلۆر و پەخشان و ...تاد لە هەموو شێوە زارەكان بە توخمی هاوبەش بەیەكەوە ببەسترێنەوە و دڵخۆشك لە گونجان بێننە ئارا لەم یەكگرتنەوە دا چێژ و میزاجی ئەدەبی زیاتر هەستیان پێبكرێ و دواتر ئەم بابەتانە هەموویان لە پێرسێسی زمانسازیدا ڕۆیان هەبێ و بەستراوەی ڕۆسا زمانەوانیە ستانداردەكە بن، ئەمە جگە لە ڕاستی بوونی ئەدەبە ناوچەییەكان بە شێوەزاری تایبەتی خۆیان.

+ بەشی وەرگێڕان: لەم بەشەدا سەرەڕای خوێندنی لایەنە ئەكادیمیەكانی كردەی وەرگێڕان و ڕۆڵی لە ئاوەڕی كولتووری لە نێوان گەل و نەتەوەكانی دنیادا، سوودێكی لە ڕادە بەدەر بە لادانی ئاستەنگەكانی نێوان شێوەزارەكان دەگەیەنێ. وەرگێڕانی تێكستە كوردیەكان بۆ زمانە بیانیەكان لە تەك وەرگێڕان لە زمانی بیانیەوە بۆ كوردی لە زۆر ڕووەوە كاریگەری خۆی دەبێ كە لێرەدا شوێنی ڕوونكردنەوەی زیاتری نیە، ئەمە جگە لە بە ئەكادیمیكردنی وەرگێڕان و گۆڕانەوەی نرخە كولتووری و زانستیەكەی ئەم كردە عەقڵی و فەرهەنگیە باڵایە.

+ بەشی ئارکیۆلۆژیای شوەزارەکان: لەم بەشەدا هەکارە کولتووری و کەمەایەتی و سایکۆلۆژی و جوگرافی و تۆپۆگرافی و سیاسی و...تاد یەکان بخوێنرێن و بە ڕیشە بونیادی و مۆرفۆلۆژییەکانی شوەزارەکان و کاریگەریە جۆراوجۆرەکان لە چینە یەك لەسەر یەکەکانی سەردەمە جیاجیاکان بچنە خوار و زەمەن بە زەمەن لێیان بکۆڵێتەوە و بخوێنرێن. سەرەڕای ئەمەش بایەخی شوەزار وەك هەنگ و دەنگەکی جیا لە نێو هەنگاەیی زماندا وەدیار بخرێتەوە و گرنگیشی لە دەوەمەندکردنی زمان و پرسسی فەرهەنسازیدا بنخرێ.

• لە پاڵ ئەم بەشانە دەکرێ بەشی تریش هەبن و بیرکەکەی من لەوانەیە کەموکوڕی زۆری هەبێ، چ لە ڕووی ئەم خاڵانەی پشەوە چ لە ڕووی نەچوونە سەر ئەو بیرکانەی تر کە نەمتوانی ناویان بێنم یا لەو کاتەدا نەمزانین و نەهاتنە بیرم. ئەوەی گرنگە تەنها ئەوەیە لە هەلومەرجی ئێستای ئێمەی تیایین، کردنەوەی کۆلیژکی لەم بابەتە ئەوەندە دێنێ، چون دۆخی سیاسی و کەمەایەتی و کولتووری ئێمە دۆخکی تایبەتە و زۆرترین هەڕەشە لەسەر بوونی نەتەوەییمان هەیە کە زمانیش زۆرترین گورزی ئەم هەڕەشەیەی بەر کەوتووە. کردنەوەی کۆلیژکی لەم شوەیە دەچێتە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی و کولتووری مەزن و لە هەمان کاتیشدا شیاو و گونجاو کە دەکرێ بە ئاسانی بە کردە بکرێ. هەمەتکی عەقلانی بێ جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی لەم شوەیە شکستکی کولتووری و هزری ئەوتۆی عەقلانیە کە دەکرێ بە بێ تکەکردنی یەك زەڕە هەچوون و سۆز بگاتە ئەنجامی خۆی. هەوڵکی ستراتیژیشە لە پناو لادانی گومانەکانی نەبوون و فەراهەم نەبوونی ئەم توخمە بنچینەییە بێ سازکردنی نەتەوە و نیشتمان.
• قس و شیکاری تر لەم بارەیەوە بێ نووسینی تر جێدەهێڵم.

محەمەد تەها حوسێن

دژبەری مەعریفی لە عەقڵی

عیراقی و کوردیدا ... محەمەد تەها حوسێن

هەڵبژاردەیەک بۆ ئەوانەی توشبوون!:

ئایا هەموو ئەو هەزانەی سەرتاسەری عیراق کە ناوی حزب و ڕێکخراوی سیاسیان لە خۆیان ناوە لە بنچینەدا ئاشتیخوازن یا شەڕخواز؟ خواست بۆ ئاشتی چ جۆرە هەڵوێستێکی پێویستە و خواستیش بۆ شەڕ چ جۆرێک؟ سەرکردەکانیان لە ژێر کاریگەری ئاشتی یا شەڕخوازی حزب و ڕێکخراوەکانن یا بە پێچەوانەوە؟ ئەم بوونەوەرە گرووپگەلانە پێیانە لە کەسی هوشیاری ئازاد یا پێ لە نەرگزی و خودپەسەندن؟.

بە سانایی وەڵامی هەر یەکە لەم پرسیارانەمان دەکەونە بەردەست، چون ئەوەی لە تابلۆ گشتیەکەدا دەیبینین فیگەری زەق زەقی ئەوتۆن هەر یەکە بەتەنها دەمانبەنە سەر وەڵامی ڕاست و دروست و پێویست بەوە ناکا لە پەیوەندیەکی جەشتەڕتی ئیدراکی و زەینی ئاڵۆزدا وێنەیەکی گەورەتری لێ پێکبێنین تاوەکو مەیدانەکەمان ڕوونتر لێوەدیارکەوێ.

ئەم سانا تێگەیشتنە لە تابلۆی سیاسی عیراق و هەرێمی کوردستان سەراویی عەقڵی سیاسی ئەو کاراکتەرە سیاسیانەی ئەم سەرزەمینەمان نیشان دەدات، و پێمان دەڵێ وێنە و فیگەرەکانی بەر چاو و هەستمان دەکەون هیچ هونەر و هزرێکی سیاسی و مەعریفیان لە پشت نیە و تەنها و تەنها وەڵامدەرەوەی ریفلێکسیانەی مەرجەکردارییانەی دەرەوەی خۆیانن و کاریگەری عەقڵێکی خەماڵیانەی نە کوردی نە عەرەبی ئاشتیخوازانەیان لەسەر نیە.

عەقڵی خەماڵی خەڵکی ئەم ناوەی خۆمان فڕی ئەوە نەبوون ئەوەی دەیڵێن و ئەوەی دەیکەن هەنگدەرەوەی یەکتر بن، بنەما هزرییەکانی چوارچێوە مەعریفی و بەهاییەکانی گرووپ و تاقمە سیاسی و دینی و مەزهەبیەکان خەڵک و تاکی خۆیان لەسەر ئەوە ڕا نەهێناوە لە بیرکردنەوەدا وریا و ئاگادار و هەستیار بن و خۆیان بیرکە و گریمانە بۆ کەشە و چارەسەریەکانیان بدەزنەوە، وەرگرتنی ئاماژەکان لای ئەوان کاری بیرکردنەوەی خۆیان نیە بەقەد ئەوەی هەمیشە چاوەڕێن لە دەرەوەی دوور و نزیك ئاماژەکان دەرکەون تاوەکو ئەوانیش لای خۆیانەوە یەکسەر وەڵامیان بەرانبەریان هەبێ. ئەم هەڵوێستانە

هیچیان ستراتیژی نین و له بازنەی تاکتیکاتی ساتەوەختیانە نەچوونەتە دەرەوە.

با بڕینەوە سەر وەڵامی پرسیارەکانی خۆمان:
ئەگەر کردار و هەڵسەنگێنەرانی هەڵوێستەکانیان بپشکنین و هەڵسەنگاندنیان، ئەوا ئەوەی دەیبینین و ئەوەی بە هەر چوار هەستەکەی تر هەستیان پێدەکەین لەگەڵ قسە و دروشم و ڕاگەیاندن و بانگەشەکانیان بە هیچ شێوەیەك نایەتەوە. ئەوان هەر هەموویان داوای ڕوخانی سیستمی سیاسی دکتاتۆریان دەکرد و بانگەشەی دیموکراسی و هێنانە کایەی حوکمی ئیئتیلافی و وەك یەکی وفرەیی و .....یان دەکرد، باسی ستەم و دزی و تاڵانی و گەندەڵی رژێم و کوشتن و بڕین و لە سێدارەدان و نانەوەی ئاژاوەی ئیقلیمی و دەولی و ...یان دەکرد، قسەی سەری زمان و بنی زمانیان ئازادی و سەروەری و پێکهێنانی حکومەتی ڕەفاه و پێشخستنی پیشەسازی و دامەزراندنی ئابووری سیستماتیك و خۆماڵی بوو.

ئێستا هیچ لەوەی گوتیان!! بەڵێ هیچ لەوەی گوتیان نەهاتە سەر سەحنەی واقیع و ئەوەی پێیان دەوت عێراق دابەشی سەر کانتۆنە لۆکاڵیەکان بوو و هەرەمەکەی ئێمەش دەیان هەرێم و ناوچەی جودا جودای لێبڕاوە. ئەوان نەیاندەزانی چۆن لە (جوداکان) یەکێتیەکی تۆکمە دروست بکەن، (یەکێتی جوداکان) لە کێکی هزری سیاسی و فەرهەنگی مۆدێرنیزم و لیبڕالیزمدا ڕیشەی هەیە و ئەوەی ئەوان پیادەی بوون ڕۆچکەیەك بوو بەرەو شەهوەت و غەریزە شکستخواردووە ئایدەوێەکانی خۆیانی بردنەوەو هەرگیز پەیوەندی بە منی عاقڵ یا ئیگۆیەکی هاوسەنگەوە نەبوو بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا ئەم ئیگۆ عاقڵە هاوسەنگیە خودی و بابەتیەکانمان بۆ بپارێزێ.

ئەوان قەتاوقەت نەیانویستووە خۆیان لە ئاشتیدا بژین بەقەد ئەوەی ئاشتی ئەوان لە ئاشتی سەرچاوەی هێزی خۆیانە کە سەنتەرەکانی کۆنتڕۆڵیان لە دەرەوەی خۆیان. ئاشتی ئەوان بە دەورەگرتنی خۆ و خۆخستنە نێو دنیایەك چەکدار و میلیشیاوە دێتە دی و لەوە حاڵی نین کە ئاشتی و ئازادیش وەك هەر هێفتارێکی تر دەبێ دیموکراتیزە بکرێ و وەك یەکیی تیادا پەیدا بکرێ، نەك تۆ ئازاد بی لە خواردن و خەوتن و سامان بەیەکەوە نان و لە گەشت و قسەکردن و دزی و پەیوەندیگرتن بەم و بەو و لە کێین و فرۆشتن و دابینی زەوی و زار و .....تاد و هەموو تاك و کەسەکانی تریش لە بازنەی چاودێری و کۆنتڕۆڵ و لێپرسینەوەدا بن.

ئەوەی لەمان دیارە بارەکی ئاڵۆزی نەك هەر سیاسی و حزبی و ئابووریە بەکو شەژانەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئەخلاقیە و لە وێنە گشتیەکەیدا بەرەو دەرککردنی تابلۆیەکی شێخوازیمان دەبا نەك ئاشتیخواز، ئاشتی تا ئێستا هەر لە قۆناغی ئومێدخواستن و دەربڕینە گوفتاریە زارەکیەکاندایە و هەنگاوەکی ڕاستگۆیانە و ڕاست دەرکەوتنانەی نابینرێ.

شێخواز لە پێکهاتەکەیدا ئاڵۆزی ڕیشەیی هەیە و ئەوەی وەك دیاردە لەمان دیارە دەرکەوتەکی فینۆمینۆلۆژیانەی شێخوازیە و کاراکتەرەکانی زێر ڕاستگۆن لە دەرکەتنیاندا و ئەوەی لە ناخیان هەیە وەك خەسڵەتە سایکۆلۆژیەکانیان لە ڕەفتاریشیان ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە، جا با بڕیان هەر لەسەر دیموکراسی و مەدەنیەت و مافی مرۆڤ و ....تاد بیێن و بیێنەوە، گرنگ ئەوەیە ئەوەی لە هزرە کراوە و زانستیەکان دیارە ڕەك ئەوە دەردەخا کە لە ناخی ئەوانە، ئەمە لە کاتێکدا هەر وەك وتمان لای خۆیان دژبەریەکبوونێك هەیە و لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە ئەو ناکۆکی و دژبەریە لیو فیستنگەر پێیدەڵێ(Cognotive Antagonism)، لە ڕاستیشدا ئەم بارە دەروونیە بنەمای کولتووری هەیە و بەرەو ئەو تێگەیشتنەمان دەبا کە کۆمەڵگەکەمان ساغ دەروون نیە و هەمیشە کەسی ناساغمان بە ساغ پێ دەناسێنێ. ئەوانەش کە کاراکتەری سیاسی و دینی و کۆمەڵایەتیشن و زیاتر لەگەڵ ئەم بارە نالەبارە سایکۆلۆژیە تێکەڵ و تاواونەتەوە ناساغیەکەیان زیاتر پێوە دیارە.

دەرکەوتنی ناساغی زیاتر لای ئەم سیمبولانە بەردەوام حاڵەتەکەیان لە کۆمەڵگەدا قووڵکردێتەوە و نەیانتوانیوە ڕێیان هەبێ لە دامەزراندنی پارادیگمی بەهایی و سیاسی ئەوتۆ بەرەو یەکێتیەك لە جوداکانمان بەرێ، ئەوەی بەردەوام لە زەینی سیاسی ئەو ناوە قۆدەبێتەوە جودایی و چوونە بەرە و جودایەك کە لە فەرهەنگی دەمارگیری و تایفەگەری و ڕاستیدا مانای هەیە نەك لە فەرهەنگی عەقلانیدا، ئەگەر وا نیە ئەم سەنگەر لە یەکتر گرتنە دینی و مەزهەبی و نەتەوەیی و بازاڕی و گرووپگەری و کۆانگەریە چیە؟ ئەم هەموو بەریەککەوتنە چەکداری و لەیەکتر کوشتنە ڕەنگاوڕەنگانە چین؟ ئەم یەکتر بە دوژمن بینینە بۆ یەکتری لای هەر یەکەیان بۆ ئەوەی تر چیە؟.

کەواتە ئەوەی هەیە نمایشێکی بەیەکەوە بەستراوی ئەقڵزی شێخوازیە و ئەو سیاسەتوانە ناساغانە نەك ناتوانن بەشێك لە پەرتەوازەییەکە کەکەنەوە بەکو تادێ پەرتیەکە پەرتتر و ئاڵۆزتر

دەکەن، ئەمەش ڕیشەی لە سیستمی پەیبردنی مەعریفیان هەیە و هەر بەیەش لێیحاڵی نابن. ئیشکردن لە سەرەتادا بۆ چارەسەری ئەم کێشە ئاڵۆزە عەقڵیانە هەماهەنگیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتی پێدەوێ و لە هوشیاریەکی وریاوە سەرهەڵدەدا نەك خەوتوو.

دژبەری مەعریفی هەر لە ئاست نەهاتنەوەی (بیر) لەگەڵ (کردار) ناوەستێ، بەڵکو کاریگەری لەسەر سیستمی بەهایی و دواتر هەڵوێستی تاکەکان دەبێ و بەر لەوەش لە ژێر قورسایی ترادیسیۆنکی گەندەڵی وەستاوی نەجوڵاودا بیانوو بۆ خوار و خێچیەکانی خۆی دۆزیتەوە و هەمیشە ئەم کەچڵەوڵتاریە دەخاتە چوارچێوەی پەروەردەیی و ئەخلاقی بەسەر چووەوە.

دژبەرە مەعریفیەکان کەسانی ئاسایی نین و هەمیشە لە دیوێکی کەستیەوە بۆ دیوەکەی تر وەردەگەڕێن و خەسڵەتە رێژەییەکاردینالەکانی کەستی خۆیان پێ ناپارێزرێ. ئەمەش زیاتر بۆ متمانەیان دەکا بەرانبەر خۆیان و ئینجا دەوروبەریان و بەیەش زیاتر لەو پەت بۆ ئەو پەت و لەو بەر بۆ ئەو بەر دۆن و دەچن و دەپەنەوە و بازبازێن دەکەن. ئەم یاریە ئەکرۆباتیکیە بە هەمان ئاگایی یاریکەرەکانی سێرك ناچێتە ڕووە بەقەد ئەوەی زیاتر نائاگایی و ناهوشیاریە دەیانجوولێنێ.

خواست بۆ ئاشتی لە کەسانکەوە دەردەچێ کە لە قووڵایی دەروونی خۆیانەوە حەزیان لە ئارامی بێ و پێیان وابێ ئەوە ئارامی و ژیاندۆستیە بەرەو هەورازیان دەبا، نەوەك شەڕ و ئاژاوەگێڕی و تێکدان. شەڕخوازیی کاراکتەری سیاسی و تەنانەت دینی و کۆمەڵایەتی عێراقی و کوردی هێنگدەڕەوەی پەروەردەی سیاسی خۆیان و پەروەردەی کۆمەڵایەتی و مێژوویەکی کولتووری شەڕاوە، خودە ئەکتیڤەکان لە مێژووی زۆر نەتەوە و کۆمەڵگەدا توانیان کاریگەری خۆیان بخەنە سەر زەمەنی فەرهەنگی، مێژوویان لە بارێکی وەستاوەوە گواستەوە بارێکی جوڵا و بزۆز. ئەوانەی ئەم سەرزەمینەی ئێمە بوونەوەری بارە وەستاوەکانن و پارێزەری کولتوور و کۆکشی ترادیسیۆنن و قەت لە خۆیان ناڕەبینیوە ڕووداو دروست کەن و لەلای خۆیانەوە زەمەن و مێژوو بە جۆرێکی تر بجوڵێنن.

ئاشتیخواز پێیوایە ئارامی پێویستیەکی هەرە بنچینەییە بۆ ژیان لە دنیادا، ئارامی لە خواردن گرنگتر نەبێ کەمتر نیە، لە سێکس گرنگتر نەبێ کەمبایەختر نیە، لە خواردنەوە گرنگتر نەبێ کەمتر نیە. ئاشتیە مرۆڤ ئازاد دەکات و ئازادیشە مرۆڤ لە بوونێکی بێ

بەرهەمەوە دەکاتە بوونێکی بەرهەمدار و بەرهەمیشە مرۆڤ دەگوازێتەوە بارێ لە خۆبوون و شانازیەوە.

ئەوەی شانازی بە بەرهەمی خۆیەوە بکا کەسێکە یا گرووپێکە بکەر، بوونێکە هوشیار، بوونێکە کارا، بوونێکە چالاك و ئازاد و لە ناخەوەش ئارامیەکی دەروونی سەرتاسەری گیانی گرتۆتەوە. رۆحی ئارام سۆفیانە بۆ ژیان دەکۆشێ و ئەوەی بۆ خۆی حەزی لێ بێ هەموو بوونەوەرێکی عاقڵ و ناعاقڵی حەز لێیە.
کەسان و کاراکتەرانی نا ئارام و ئاڵۆزکاو پێیاننا‌کرێ حزب و ڕێکخراوەکانی خۆیان لە کەچەفتاری و تەنگاوی و زەلکاوی گەندەڵی و نا ئومێدی ڕزگارکەن، ئەوان خۆیان ناساغن چۆن دەتوانن چارەی ناساغیەکانی ئەم کۆمەڵگایانە بکەن؟ ئەوان خۆیان نائارامن چۆن دەتوانن ئارامی بنێنەوە؟ ئەوان خۆیان شەڕاوون لە ڕووی دەروونی و هەفتاری و کۆمەڵایەتی و کەسێتیەوە چۆن دەتوانن هەموو ئەم لاریانە ڕاستکەنەوە؟.

چارەی ئەم دۆزەخە ناعەقلانیە بۆ هەموومان هوشیاربوونە بە ناساغیمان، کارل ڕۆجەرزیانە دەبێ بە خۆماندا بچینەوە، پێمانوابێ تەنها نەخۆش دەتوانێ خۆی چارەسەر بکا نەك دکتۆر، ناساغەکان لە هەموو کەس زیاتر دەسەڵاتیان بەسەر لاوازیەکاندا دەشکێ و ئەوانەی لەم پڕۆسەسە مۆژوویەدا دەبێ ئامادەیی جیددیان هەبێ تەنها یارمەتیدەرەکانن، خەڵك بە یارمەتی ئەوان و ئەوان بە یارمەتی خەڵك. ئەم داینامیکیەتەش لە بونیادی سایکۆلۆژی ئێمە لەوەتەی هەین، ونە و تا نەدۆزرێتەوە پڕۆسەکانی چارەسەر لە درێ و ڕازاندنەوەی قسە و مەجلیس گەرمکردن و خافڵاندن زیاتر چیدی نین.

نارسیستەکان ئەوانەن تەنها خۆیان لادیارە و بەس، تەنها خۆیان جوانن و بەس، تەنها خۆیان هەستیارن و بەس، تەنها خۆیان عاشقن و بەس، تەنها خۆیان دەبێ بحەسێنەوە و بەس، تەنها خۆیان حەزیان لێیە و بەس، تەنها خۆیان دەیانهێشێ و بەس. ئەم بە خۆ شەیدا بوونە لە کەسانی سیاسی و تەنانەت بەشی هەرە زۆری تاکەکانی سەرزەمینی عێراق و هەرێمەکەی ئێمە خەسڵەتێکی کاردینا‌ڵ و سەرەکیە، نارسیزم بکوژی هەرچی جوانی هەیە لە دنیای دەرەوەی کەسی نارسیست، بکوژی هەرچی جیاوازی هەیە لە دەرەوەی خۆی، بکوژی هەرچی خاوەن ماف هەیە جگە لە خۆی. ئەم بکوژەی ناوی نارسیستە بە جۆرێکی تر ئیش لەسەر کوشتنی خۆی دەکا خنکانی خۆیەتی لە قوڵایی خۆیدا، خنکان لە خۆدا دنیایەك خەسڵەتی ئینسانی لە مرۆڤ دەستێنێتەوە و تا مردن ناتوانێ وەدەستیان بێنێتەوە. لە هەموویان گرنگتر بینینی خۆیەتی لە دیدی

ئەوانی تردا، بە گرنگ زانینی ئەوانی تر لە ژیانی خۆیدا، چون نەمانی ئەوان و نەبینینیان بۆ ئەو لێ بوونی ئەو ئاوێنەیە کە زۆر پێویستە بۆ ئەوەی خۆی تیا ببینێ و هەر لەم بینینەشە پەیوەندی و کۆمیونیکەیشن و خۆشەویستی و هەروەك تێدۆڕف دەڵێ ژیانی بەیەکەوەیی دروست دەبێ.

هزری نەرم و هەڵاوسانی خود لای سیاسەتوانی کورد ... محەمەد تەها حوسێن

هزری سیاسی لەم سەرزەمینەی ئێمەدا هیچ کاتێك لە چوارچێوەیەکی پەروەردەیی نەئاخنراوە، ئەم ئەرکە بە مانا مۆدێرن و عەقلانیەکەی هەرگیز لە ئەستۆی جولانەوە سیاسیەکانی کورد نەبووە، پەروەردەکردن پێسپسێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری درژخایەنە و تەنها بە رژنامەیەك و گۆڤارێك و رادیۆیەك و دووسێ کتێبوونەوەی رکخراوەیی ئەوسا و ئێستا نایەتە دی.

پەروەردەی سیاسی ئامادەباشیەکی عەقڵی پێدەوێ بۆ ئەوەی هاوڵێك لەگەڵ پەروەردە لە بواڕەکانی تردا بێوات، بۆ پەروەردەی دەروونی ئەم ئامانجە بە ساغی بەڵێوە ناچێ، ئامادەیی دەروونی لای هەر تاکێك مەرجێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی کردەی گەیاندن لەنێو هەر جولانەوە و شۆش و گۆڕانکاریەکدا بە نیانی ببزوێ، تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە هەرگیز لە ڕووی عەقڵیەوە ئامادە نەکراون، بەکو هەمیشە لایەنی هەڕچوون و سۆزی نێستالیژی و هەست بە گوناهیان وروژێنراوە و بە پوختی ئەم دێخە خراوەتە چوارچێوەی شور و حەماسەتی شۆشگێڕی و لە راستیشدا ئەم بارە سایکۆلۆژیە نەك هەر باڵانس لە هیچ دێخ و سەردەمێك بۆ تاك دروست ناکات، بەکو لە بنچینەدا باڵانسی دەروونی و کۆمەڵایەتی و هزری دەشوێنێ.

هەندێ ڕەفتاری سیاسی هەن بە زەقی لە هەڵسوکەوتی سیاسیەکان دەردەکەون و ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی بارێکی ناهاوسەنگی دەروونی کەسەکەن و پەیوەست نین بە کەسێتی سیاسیەك یا نوێنەرێك لە بوارێکی

دیاریکراوی بەرپرسێتیدا دەردەکەوێ یا هەسوکەوت دەکا. سیاسیەکان لە بواری گشتی کاری خیاندا نابێ بەتەنها خیان بن، ئەوان هەوستێك یا ڕایەکی گشتین، ئەوەندەی دەبێ خەڵك بن نیو ئەوەندە نابێ خیان بن، (خۆنەبوون) ئەوە نیە کەسەکە لە خودی خۆی بترازێ و خەسڵەتە سایکۆلۆژیەکانی خۆی وەك تاکێکی سەربەخێ ونکات، بەکو (ئەوانبوون) بە مانا سایکۆسیاسیەکەی جۆرێکی زۆر پێشکەوتووی (خۆبوونە) و لە ڕاستیشدا ڕەفتاری دیموکراسی بەو مانایە هەر ئەوەیە. کەسێك کە لە پێگە و پلە و پایەیەکی گشتیدا توانای ئەوەی هەبێ دەخی دەروونی و کەمەایەتی و ئابووری و کولتووری هەواردارانی بخوێنتەوە ئەوە ژیریەکی کەمەایەتی و هاوسەنگیەکی دەروونی ساغی هەیە و لە هەمان کاتدا پەیبردنێکی کەمەایەتی ئەوتۆی هەیە ورد پەی بە گۆڕانکاریە جۆراوجۆرەکان لە کەمەگەکەی دەبات.

سیاسەت لەم هەڵمەی ئەمەدا لە تایپە سایکۆلۆژیە هەرە کلاسیکەکەی خۆرهەڵاتیشی تێپەڕاند کە ئەرستێ ناوی نابوو (چەوسانەوەی ئاسیایی) و تاك تا ئەو ئاستە ملکەچ بووە توانای جولەی لێبڕاوە و قبولی ئەم دەخەی خۆی دەکات. ئەو ڕەفتارانەی لە کاتی مومارەسەی کاری سیاسی لە کاراکتەرەکانی ئەو بوارەی دەبینین تەنها و تەنها خەسڵەتی کەسێتی خیانن و هەردەم بارە دەروونیە تاکە کەسیەکان لەسەر دەخی سیاسی گشتی و دەرکەوتنی ئەوان و دیاردە و ڕوداوە سیاسیەکان ڕەنگ دەدەنەوە.
سیاسەتوانان لەم هەڵمەدا لە هەموو ساتو کاتێکی ژیاندا خیان بوون کەس بەقەد ئەوان وجودیانە ڕەنگدەرەوەی خیان نین، (ببە بەخێت) دروشمێکە نەك هەر لە نائاگای ئەوان ریشەی قووڵی هەیە بەکو زۆر وریایانە وەك (بوون بە خێ) یەکی فەلسەفی بە ناوی جۆراوجۆر پێمان دەفرۆشنەوە. بوون بە خۆی فەلسەفی شایەتی ئەوەیان بێ نادات کە کاراکتەرانی سیاسی بە ئاگان لە مانا و ریشە فەلسەفیەکانی ئەم چەمکە، ئەوە ڕەفتارە سیاسیەکانن لەم وڵاتەی ئەمەدا ئەو پاڵنەرە سایکۆلۆژیە شاراوانەمان بێ دەردەخەن کە لە پشت هەر هەسوکەوتێکی ئەوانەوەیە و دەرکەوتنەکانیشیان لەو ڕەفتارانەدا ساویلکەیی هۆشی ئەوانمان بێ دەردەخا.

یەکێك لە خەسڵەتە بنەماییەکانی دەبێ لە کەسێتی سیاسەتوانی دیموکراتدا هەبێ(نیانی- flexibility)ە ئەوەی ئەم خەسڵەتەی هەبێ دەتوانێ هزری خۆی لەگەڵ گۆڕانکاری و هەڵوستە جۆراوجۆرەکاندا بگونجێنێ و لە بەرانبەر پێشهاتێك یا پرسێکی دیاریکراودا چەندین

ئەلتەرنەیتیڤی جیاجیای هەبێ، کەسی لەم جۆرە وەڵامی هەمەڕەنگی هەیە بۆ تەنها پرسیارێك، خاوەنی ئەم مێنتالیتیە زۆر دوور دەبینێ و زۆر قووڵ شیدەکاتەوە و دەخوێنێتەوە.
سایکۆلۆژیەتی ناهاوسەنگی کاراکتەری سیاسی ئێمە لە ئاست خۆی نەوەستاوە، بگرە تەشەنەی کردووە جەستەی حزب و دواتر پانتایی هەواداران و ئینجا وەك کولتوورێك لە ناخی دەروونی تاکەکانمان چەقیوە. سیاسەت لێرە بە سەرسەختی و عینادیەکی ناعەقلانیانە بەرەوە دەچێ، عیناد وەستانە لەسەر یەك ئەلتەرنەیتیڤ و یەك وەڵام بۆ یەك پرسیار و یەك داواکاری، ئەوان واتە حزبەکان و سیاسیەکان لەوەتەی هەن یەك هەوڵستیان بەرانبەر یەکتر هەیە ئەویش هەوڵدانە بۆ یەکتر سڕینەوە و جێگەی یەکتر گرتنەوە. ئەم رق و نەگرتەیە لە هەوڵستی سیاسی بەرانبەر یەکتر چەسپینی خەسڵەتێکی دەروونی ئەوپەڕگیرە و مانای رەقهزری و سووربوون لەسەر یەك تاکە ڕا دەگەیەنێ، ئەمە لە سایکۆلۆژیای مەعریفیدا پێیدەڵێن Convergent Thinking واتە وەڵامێك ئەوەندە نزیك بۆ لە داواکەی تێ ڕێك ئەوە بۆ کە دەتەوێ و بە هیچ وەڵامێکی دیکەش رازی نەبیت.
ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە و رەفتاری سیاسی و مەعریفی بووەتە خەسڵەتێکی سەرەکی و سیاسیەکانی وڵاتی ئێمەی لە هەموو هەوڵستێکی دوور و نزیکیان پێ دەناسرێتەوە، ئەوە نیە دژی ئستای هەرێمیان بەم سەرسەختی و عینادیە نگەتیڤەی خۆیان گەیاندۆتە ئەم داخرانە و دەستەپاچەن لە هەر کرانەوەیەك بۆ ئەوەی هەر نەبێ هەناسەیەکی راحەت تر هەڵمژن؟.

ئەم عینادە ئەوە نیە کە ئاڕاستەد توینبی لە "باسێك لە مژوو" باسی دەکا و ئەو بۆچوونەش نیە کانت پێیوابوو بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتن پێویستە، عیناد لێرەدا تەنها مانای سەرسەختی و وەستان و چەقین دەگەیەنێ و لە ڕووی مەعریفیشەوە جۆرێکی هەسەنە لە دگمی عەقڵی و سڕبوونی هزری. ئازایەتیش نیە چون ئازایەتی جۆرێکە لە حیکمەت و توانای گەیان بە دوای نەدزراوە و نەزانراوەکان نەك وەستانی دەروونی و جەستەیی بەرانبەر مەترسیە بوهیمیە فیزیکیە دەرەکیەکان.
بینین تەنها بە هەش یا سپی کۆریەکی عەقڵیە و ناچالاکیەکی زەینی خوو پێوەگیراوە بە درژایی مژووی کەمەایەتی و کولتووری ئەم سەرزەمینە بە وانە وتراوەتەوە و فێری نەوەکانمان کراوە، ئەم فێربوونی دەستەپاچەییە گوناهێکی گەورەیە ئستا زیاتر لە ئەستێی ئەوانەیە دەسەاتیان بە دەستە و لە ڕووی لێپرسینەوە و دادوەریە عەقلیەکانیش ئەوانەی کەمتەرخەمن بەرانبەری گەورەترین گوناهی مرۆقایەتیان دەکەوتە ئەستۆ چجای گوناهی نەتەوەیی و ئەخلاقی.

نیانی هزری یا باشتر وایە بڵێین گونجانی هزری یەکێکە لە خەسڵەتە دەروونیەکانی سەرکردە، واتە ئەوەی پێیدەڵێن سەرکردە دەبێ و بە سووربوون لەسەر (دەبێ) نیانهزر بێ و توانای گونجانی عەقڵی خۆی هەبێ لەگەڵ دەرکەوت و دیاردە هەمەجۆرەکان بێ ئەوەی بتوانێ بە ساغی لە رووی سایکۆلۆژیەوە بڕیار لە بارەیانەوە بدات. ئەم توانایە یا ئەم توخمە بەشێکی گرنگ لە هزری داهێنان پێکدەهێنێ کە بێ ئەرکێکی قورسی وەك سیاسەت و بەڕێوەبردنی سیاسی پێویستە، داهێنانی هەوەستی نوێ، و پلانی نوێ و نەخشەی دیبلۆماسی و کاری سیاسی نوێ داهێناوکن پێویستە زوو زوو لە کەسێتی سەرکردە دەرکەون. ئەگەر سیاسی ئەم توانا تایبەتەی نەبوو ئەوا ئەگەر بەهەر هەڵکەوتێکیش چووبێتە ئەو پایە و پلەیە شکست دەهێنێ و ئەم ناتوانایەش بە هەستوکەوت و هەوەستەکانیەوە بە ئاسانی دەناسرێتەوە.

مادام دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری ئێمە لەم سەرزەمینەی خۆمان بەم ڕۆژە هەرە سەختە گەیشتووە کە تیایدا جۆرێك لە داماوی و دەستەپاچەیی و لەولاشەوە سەرسەختی و وەستانەی پێوە دیارە، ئەوا ناتوانایی حزبی کوردی و کاراکتەری سیاسی کوردی نیشان دەدات بەرانبەر ئەو گرێ و کێشە دەروونیانەی تێئاڵاون و بەستی لێبڕیون و ئەوەندە توند بە خۆیانەوە بەستوونیەتەوە، توانای ئەوەیان نەماوە شێوازێکی دیکە لە مامەڵەی سیاسی بگرنە بەر بێ ئەوەی لەو زەلکاوە سایکۆلۆژیە ئینجا سیاسیە بێنە دەرەوە.
ئەم بە پاڵەوان لە خۆگەیشتنە لای سیاسەتوان و سەرکردەی سیاسی کوردی، دۆخێکی نادڕووستی دەروونیە بەر لەوەی کێشەیەکی سیاسی ئاڵۆزکاو بێت. پاڵانێد و هەڵاوسانی دەروونی لە ناوەوە تا ئەو ئاستەی بردوون بەڕاست خۆیان لێبڕتە بوونەوەری تر و خۆیان لەسەرووی مرۆڤی ئاسایی دەبینن، بەڵام لەوە بێ ئاگان کە کەسی تووشبوو بەم گرفتە لە دەرەوەڵا شەژان و ناهاوسەنگیەکانی زۆر بە ووونی بێ خەڵکی ئاسایی دەردەکەون و فیزیکیانە سەیر دەکرێن.

هەڵاوسانی دەروونی لای سیاسەتوانی کوردی لە خەسڵەتەکانی (بەخۆعاشقبوون و چڕبەری دەمەکی و هستیریای ڕەفتاری)دا گەیشتەتە ئەوج، شەژانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری وەتەکەمان زیاتر پەیوەستە بە شەژانی دەروونی سیاسیەکان و خەسڵەتە عوسابی و سایکۆسسەکانیان.
ئەو دۆخە ناهاوسەنگە تا ئەو ئاستە داخراو نیە بیخەینە نێو تیۆریزەکردنێکی خەمۆکیانەی ئەوتۆوە دەروونی خوێنەری زیاتر پێ

بشێوەنین، بەکو ئومێد وەك ستراتیژێکی دەرووني پێزتیق زیاد لە ڕێگەیەکمان بۆ چارەسەر دەخاتە بەر دەم. باشترین چارەسەر لای خودی سیاسەتوانان و حزبەکانیانە، مادام ئەوان زۆر بە زەقی بەم شێوەیە خۆیان بە کەمەگە ناساند، ئەوا دەتوانن لە کێشەکانی خۆیان وریا بنەوە و وەك کارێ ڕاجەرز دەڕ خۆیان دەتوانن چارەی خۆیان بکەن.

ئەم دۆخە بە گۆڕینی ستایلی بیرکردنەوەی خۆیان لەسەر خۆیان و لەسەر ئەوانی تر دێتە گۆڕین، کێشەکان لە نێو چوارچێوەی هزری خۆیاندان، ئەوەی سەری لەوانە تێکداوە تەنها شێوازی بیرکردنەوەیانە و بەس، پێداچوونەوەی سەرچاوە عەقیدەتیەکانیان و موتوربە کردنیان بە میکانیزمی دیکەی بیرکردنەوە و گونجاندنیان لەگەڵ هەلومەرجەکانی ئەم سەردەمە بۆیارێکی ستراتیژی پەروەردەیی و پیداگۆگی تازەیە و بۆ داهاتووی کەمەگەش دەبێ بە بنەمایەکی پتەو، هەر ئەوەشە دەیانکا بە کەسی نیانهزر و flexibil و لە راستیشدا بە تەنها ئەو ستایلە دەتوانێ بیرکردنەوەیان ڕاستەڕ بکاتەوە. سووربوون لەسەر ئەم ستایلە هەرە کلاسیکە دووچاری شڕپەنجەی دەرووئیان دەکات و نموونەی ئەو مێگالۆمانیکانەشمان* لە مێژوودا زۆرن.

---

*نەخۆشیەکی دەرووئی- عەقڵیە کەسەکە خۆی لێدەبێتە بانمرۆڤ و بەوەهمی فوودراویەوە دەژی.